IX ٩نیشانەکان

بنیادنانی کڵێسای تەندروست

# یەزداناسی بەپێی کتێبی پیرۆز

چۆن
کڵێسا دڵسۆزانە
پەیامی ئینجیل
ڕادەگەیەنێت



نیک ڕۆرک و ڕۆبەرت کلاین

وەرگێڕان:

نەریمان تاهیر و ئەندازیار سروش

# یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز

## چۆن کڵێسا دڵسۆزانە پەیامی ئینجیل ڕادەگەیەنێت

نیک ڕۆرک و ڕۆبەرت کلاین

یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز: چۆن کڵێسا دڵسۆزانە پەیامی ئینجیل ڕادەگەیەنێت

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە لەلایەن نیک ڕۆرک و ڕۆبەرت کڵاین، ٢٠١٨

(کرۆسوەی) هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە.

ناونیشان: 1300 Crescent Street
Wheaton, Illinois 60186

هەموو مافەکانی پارێزراوە. هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی نووسەر ناکرێت چاپ بکرێتەوە، یان بەهەر ڕێگەیەک و بە هەر شێوەیەک ببەخشرێت، ئەلیکترۆنی، فۆتۆکۆپی، تۆماری دەنگی، مەگەر ئەوەی کە لەگەڵ یاسای مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بگونجێت.

دیزاینی بەرگ: دێرن وێڵچ

ڕوونکردنەوە: واین برێزەنیکا

چاپی یەکەم، ٢٠١٨

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاپ کراوە.

ئایەتەکان لە وەشانی ئی ئێس ڤی (وەشانی ستاندەری ئینگلیزی)یەوە وەرگیراوە.

ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی کاغەزی: 978-1-4335-5606-7
ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی: 978-1-4335-5609-8
ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی پی دی ئێف: 978-1-4335-5607-4
ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی مۆبیپاکێت: 978-1-4335-5608-1

---

**کتێبخانەی کۆنگرێس، کەتەلۆگی داتا و زانیاری بڵاوکراوە**

ناو: نیک ڕۆرک، ١٩٧٩ – نووسەر.
ناونیشان: یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز: چۆن کڵێسا دڵسۆزانە پەیامی ئینجیل ڕادەگەیەنێت/ نیک ڕۆرک و ڕۆبەرت کڵاین.
ناونیشانی دیکە: لە سەرەوەی ناونیشانەوە: بنیادنانی کڵێسای تەندروست
دەربارە: ویتۆن: کرۆسوەی، ٢٠١٨. زنجیرە: ٩نیشانەکان: بنیادنانی کڵێسا تەندروست
ناسێنەر: LCCN 2017032136 (پەڕتووکی کاغەز) |LCCN 2018003881 (پەڕتووکی ئەلیکترۆنی) | ISBN 9781433556074 (پی دی ئێف) | ISBN 978-1-4335-5608-1 (مۆبی) | ISBN 978-1-4335-5609-8 (بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی) | ISBN 978-1-4335-5606-7 (بەرگی ڕەق).
بابەتەکان: ناونیشانی سەردێڕی کتێبخانەی کۆنگرێس LCSH: کتێبی پیرۆز – یەزدانناسی. | کڵێسا
پۆلێنکردن: LCC BS543 (کتێبی ئەلیکترۆنی) | LCC BS543. R625 2018 (چاپ) | DDC 230/.041-dc23
تۆماری کتێبخانەی کۆنگرێس لەم ماڵپەڕەدا دەست دەکەوێت: https://lccn.loc.gov/2017032136

---

کرۆسوەی خزمەتێکی تایبەت بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمپانیای بڵاوکراوەکانی هەواڵی خۆشە
LB 27 26 25 24 23 22 21 20 19 18
1 2 3 4 5 6 7 8 9 10 11 12 13 14 15
9Marks ISBN: 978-1-950396-93-1

- ناوی کتێب: یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز
- نووسەر: نیک ڕۆرک و ڕۆبەرت کلاین
- وەرگێڕ: نەریمان تاهیر، ئەندازیار سروش
- دیزاین و گرافیک: سەمیرە میرانی
- چاپی یەکەم، ٢٠١٩
- چاپخانە:
- تیراژ:
- ژمارەی سپاردن:


هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

ئەم پەڕتووکە پێشکەشە بە هەموو خوشک و برا پیرۆزەکانی کڵێسای باپتیستی فرانکۆنیا. با بە نیعمەتی خودا، مەسیحی کتێبی پیرۆزمان خۆش بوێت و پەیامەکەی ڕابگەیەنین.

## ناوەڕۆک

لاپەڕە

**وەرزی یەکەم:**

پێویستیی یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز ........................................................... ١

**وەرزی دووەم:**

یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز چییە؟ ........................................................... ١١

**وەرزی سێیەم:**

چیرۆکی گەورەی کتێبی پیرۆز چییە؟ بەشی یەکەم ........................................... ١٩

**وەرزی چوارەم:**

چیرۆکی گەورەی کتێبی پیرۆز چییە؟ بەشی دووەم ........................................... ٤٣

**وەرزی پێنجەم:**

یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز وتار و فێرکردنەکانی کڵێسا پێکدێنێت ............. ٦١

**وەرزی شەشەم:**

یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز ئەرکی سەرەکیی کڵێسا پێکدێنێت ................. ٨٧

دەرەنجام ........................................................................................... ١٠٣

پاشکۆ؛

نموونەی زیاتری یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز ............................................ ١٠٧

# وەرزی یەکەم

# پێویستیی یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز

## بینینی ئامانجی چیرۆکەکە

کاتێـک مـن (نیـک) لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی بـووم، یەکێـک لـە هاوپۆلەکانـم ڕاپۆرتێکـی لەبـارەی چیرۆکێکـەوە ئامادەکردبـوو کـە نووسـەری بەناوبانـگ، سـی ئێـس لویـس نوویسـیبووی. چیرۆکەکـە باسـی چـوار منـداڵ، بەچکـە شـێرێک، جادوگەرێکـی سـپی و سـەرزەمینێکی جادوویـی دەکـرد کـە لـە کەنتۆرێکـەوە بۆیـان دەچـوو. ئـەو چیرۆکـە سـەرنجی زۆری ڕاکێشـام، بۆیـە کۆمەڵـە کتێبـی «مێـژووی نارنیـا»م کـڕی و بەوپـەڕی چێـژ و خۆشـییەوە هەمموویـم خوێنـدەوە. بـەڵام لـەدوای چەندیـن سـاڵ کـە بـاوەڕم بـە مەسـیح هێنـا، بـۆم دەرکـەوت کـە نەمتوانیـوە درک بـە ئامانجـی سـەرەکی نووسـەر بکـەم کـە ئەویـش ناسـاندنی عیسـا بـووە بـە خوێنەرەکانـی.

ڕێـی تێدەچێـت کـە چیرۆکێـک بخوێنیتـەوە و بەلاتـەوە سـەرنجڕاکێش و خـۆش بێـت، بـەڵام ئامانجـی سـەرەکی چیرۆکەکـە نەپێکیـت. لەوانەیـە لەڕادەبـەدەر تیشـک بخەیتـە سـەر وێنـە و دیمەنـەکان یاخـود کەسـایەتییە لاوەکییـەکان. یـان دەکرێـت هەر جـارەو بەشـێکی کەمـی بخوێنیتـەوە، یـان بەبـێ هـۆ لـە پەڕێکـەوە بچیتـە پەڕێکـی دیکـە. یـان لەوانەیـە هەوڵـی ئـەوە بدەیـت کـە بابەتـی سـەرەکی چیرۆکەکـە لـە ڕێگـەی لەیەکدانـی بەشـە جیـاواز و پەیوەسـتنەبووەکانی چیرۆکـەوە پەیـدا بکەیـت. ئەگـەر هەریەکێـک لەوانـە بکەیـت، ئـەوا بـە شـیمانەیەکی زۆر هـەم لـە پاڵـەوان و هـەم لـە ئامانجـی سـەرەکی چیرۆکەکـە بـە هەڵـە تێدەگەیـت.

کتێبـی پیـرۆز چیرۆکێکـە کـە خـودا بـە سروش پێی بەخشـیوین کە کۆمەڵـە چیرۆکێک، گۆرانـی، هۆنـراوە، وتـەی دانـا و ژیرانـە، مزگێنییـەکان، نامـەکان و ئاشـکراکردنی خودایـی لەخـۆ دەگرێـت. ئـەم بابـەت و نووسـینە جیاوازانـە پێکـەوە باسـی چیرۆکێکـی ڕاسـتەقینەمان بـۆ دەکـەن دەربـارەی کاری ڕزگاریـی خـودا لـە مێـژوودا. کتێبـی پیـرۆز

لـە شەسـت و شـەش سـیپارە پێکهاتـووە کـە چەندیـن نووسـەری جیـاواز بـە سروشـی ڕۆحـی پیـرۆز نووسـیویانە. ڕۆحـی پیـرۆز کەسـایەتی و کۆنتێکسـتی هەریەکەیانـی بەکارهێنـاوە بـۆ ئـەوەی کانۆنـی کتێبـی پیرۆزمـان[1] بـۆ دروسـت بکـەن کـە خـاوەن یـەک خـاڵ و ڕووداوی سـەرەکییە.

شـوێنکەوتووانی مەسـیح دان بـە دەسـەڵاتیی خودایـی کتێبـی پیرۆزدا دەنێـن. تەنانەت بـۆ مـاوەی چەندیـن سـاڵ ڕۆژانـە دەیخوێننـەوە و بـە وردی لێـی دەکۆڵنـەوە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر کـەس ئامانجـی سـەرەکی کتێبەکـە ناپێکـن. عیسـا لـە (یۆحەنـا ٥: ٣٩- ٤٠) قسـە لەگـەڵ خەڵکێکـی لـەو شـێوەیە دەکات و دەفەرموێـت: «نـووسراوە پیرۆزەکان دەپشـکنن، چونکـە وا دەزانـن ژیانـی هەتاهەتایـی بـۆ ئێـوەی تێدایـە. ئـەم نووسراوانـەش شـایەتیم بـۆ دەدەن، بـەڵام ناتانـەوێ بێنـە لام تاکـو ژیانتـان هەبێـت.»

دەکرێـت کـە ڕێـز لـە کتێبـی پیـرۆز بگریـت و بیخوێنیتـەوە، بـەڵام بـە هەڵـە بەکاریبهێنیـت، چونکـە ناتوانیـت ئـەو وێنـە گەورەیـە ببینیـت کـە خـودا داینـاوە. بـە سوپاسـەوە، نووسـەری کتێبـی پیـرۆز هەندێکـی ئامـاژەی ڕوونـی لەبـارەی خاڵـی سـەرەکی چیرۆکـی خـودا بـۆ بەجێهێشـتووین. ئەمـەی خـوارەوە ئاماژەیەکـی سـەرەکییە لەلایـەن خـودی عیسـای مەسـیحەوە:

«ئینجـا پێـی فەرمـوون: «ئـەم قسـانەم بـۆ کـردن کاتێـک لەگەڵتـان بـووم: پێویسـتە هەمـوو ئەوانـەی لـە تەوراتـی موسـا و پێغەمبـەران و زەبـووردا دەربـارەی مـن نـووسراون بێنـە دی.» ئینجـا مێشـکی کردنـەوە، تاکـو نـووسراوە پیـرۆزەکان تێبگـەن. پێـی فەرمـوون: «ئـاوا نـووسراوە، کـە مەسـیح ئـازار دەچێژێـت و لـە ڕۆژی سـێیەم لەنێو مـردووان هەڵدەسـتێتەوە، بـە نـاوی ئەویـش تۆبەکـردن بـۆ لێخۆشـبوونی گونـاه بـۆ هەمـوو گـەلان جاڕبدرێـت، ئەمـەش لـە ئۆرشـەلیمەوە دەسـتپێدەکات. ئێـوە شـایەتی ئـەم شـتانەن. وا مـن بەڵێنەکـەی باوکمتـان بـۆ دەنێـرم. بـەڵام لـە شـار بمێننـەوە، هەتـا لـە ئاسـمانەوە پـڕ دەکرێـن لـە هێـز.»» (لۆقـا ٢٤: ٤٤- ٤٩)

---

١ بـە ئینگیـزی پێـی دەگوترێـت (Biblical Canon)، کـە بـە هەمـوو ئـەو دەقانـە دەگوترێـت کـە زۆرینـەی شـوێنکەوتووانی مەسـیح هـاوڕان لەسـەر ڕاسـتی و دروسـتبوونیان و پێوانـەی دروسـتبوونی هەمـوو پەڕتووکـە لەچاپداراوەکانـی کتێبـی پیـرۆزە. بـۆ نموونـە، زۆرینـەی بـاوەڕداران هـاوڕان لەسـەر ئـەوەی کـە کتێبـی پیـرۆز لـە ٦٦ سـیپارە پێکهاتـووە.

عیسا لـەم دەقـەدا دوو شـت ڕوون دەکاتـەوە. یەکـەم، سەرسـامـمان دەکات کاتێـک کـە دەفەرموێـت هەمـوو پەیمانـی کـۆن -هـەر لـە تەوراتـەوە هەتـا دەگاتـە نـووسراوی پێغەمبـەران و زەبـوورەکان- لـە ڕاسـتیدا باسـی ئـەو دەکـەن؛ بـە واتایەکـی دیکـە، عیسـا خـۆی وەکـو مەسـیحی بەڵێنـدراو دەناسـێنێت. دووەم، عیسـا دەفەرموێـت کـە شـوێنکەوتووانی ئـەو شـتانە بـە هەمـوو گـەل و نەتـەوەکان ڕادەگەیەنـن، واتـە هەمـوو کەسـێک لـە هەمـوو شـوێنێک.

بـە کورتـی، ناتوانیـت لـە چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز تێبگەیـت، مەگـەر ئـەوەی کـە بزانیـت عیسـا کـرۆک و ناوەڕۆکیەتـی! هـەر لـە پەیدابوونـەوە هەتـا ئاشـکراکردن، عیسـا پاڵـەوان و ئامانجـی چیرۆکەکەیـە. هەروەهـا ناتوانیـت بزانیـت عیسـا کێیـە مەگـەر ئـەوەی کـە لـە چیرۆکـە گەورەکـە تێبگەیـت کـە عیسـا خاڵـی بنەڕەتییەتـی! عیسـا کلیلـی لێکدانـەوەی کتێبـی پیـرۆزە، واتـە خوێنـەری وریـا دەتوانێـت عیسـا لـە سـەرەتا و ناوەنـد و کۆتایـی چیرۆکەکـەدا بدۆزێتـەوە.

خـودا لـە کتێبـی پیـرۆزدا ئامانـج و پـلان و بەڵێنەکانـی پاشـایانی بۆ ئاشـکرا کردووین. بـەو جـۆرەی کـە لـە مێـژوودا سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـاوە، ئێمـە دەبێـت چاومـان لەسـەر ئـەم چیرۆکـە بێـت و بـەو جـۆرە بیخوێنینـەوە کـە عیسـا داوای لێکردوویـن. چیرۆکـی خـودا چیرۆکێکـی مەزنـە -لـە ڕاسـتیدا مەزنتریـن چیرۆکـە- وە چەقـی چیرۆکەکـە باسـی پلانـی ڕزگاریـی خـودا دەکات کـە عیسـای مەسـیح هەڵدەسـتێت بـە ئەنجامدانـی.

بـەڵام بـۆ ئـەوەی بتوانیـن کتێبـی پیـرۆز بـە جوانـی بخوێنینـەوە، پێویسـتە ئامـرازی گونجاومـان هەبێـت. یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز یەکێکـە لـەو ئامـرازە یارمەتیدەرانـە.

**١. یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز یارمەتـی ڕوونکردنـەوەی ئامانجـی سـەرەکی کتێبـی پیـرۆز دەدات.** هەندێـک کـەس بـە جۆرێـک لـە وشـەی خـودا دەڕوانـن وەکـو ئـەوەی کـە کۆکـراوەی چەندیـن چیرۆکـی سـەربەخۆ، کۆمەڵێـک ئامـۆژگاری و ڕاوێـژی جـوان، کتێبێکـی خواردنـی جیهانـی بێـت کـە تێیـدا ڕەچەتـەی «ژیانێکـی بـاش»ت پێشـکەش دەکات کـە بەنێـو شەسـت و شـەش کتێبەکەیـدا بـڵاو بووبێتەوە.

بـەڵام ئـەم ڕێـگا و شـێوازانە ناتوانـن ئامانجـی سـەرەکی کتێبـی پیـرۆز دەربخـەن.

خـودای سـێیانە لـە کتێبـی پیـرۆزدا ڕوونـی دەکاتـەوە کـە کێیـە و چۆنـە و چـۆن بـە درێژایـی مێـژوو کار دەکات لـە ڕێگـەی ڕۆحەکـەی و کوڕەکـەی کـە عیسـای مەسـیحی پاشـایە، هەروەهـا ڕوونـی دەکاتـەوە کـە چـۆن لەم جیهانـەدا شـکۆداری بکەین. یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز یارمەتیـمان دەدات کـە لـەم ئامانجـە سـەرەکییە تێبگەیـن لـە ڕێگـەی خوێندنـی هـەر دەقێـک لـە کتێبـی پیـرۆز بـە پشتبەسـتن بـە تـەواوی کتێبـی پیـرۆز تاکـو لـەوە تێبگەیـن کـە چـۆن هەمـوو بەشـێک پەیوەنـدی بـە عیسـاوە هەیـە.

**٢. یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز یارمەتـی پاراسـتن و ڕێنماییکردنی کڵێسـا دەدات.**
خوێندنـەوەی دروسـتی کتێبـی پیـرۆز واتـە زانینـی ئـەوەی کـە هـەر سـیپارەیەک لەکوێـی چیرۆکـە گشـتییەکەدا جێگـەی دەبێتـەوە. وە زانینـی چیرۆکـە گشـتییەکە یارمەتیـمان دەدات کـە هـەر ڕووداو و کەسـایەتی و وانەیـەک بـە وردی و دەقیقـی بخوێنینـەوە و لێـی تێبگەیـن، کـە وەکـو بەشـێک لـە وشـە ئاشـکراکراوەکانی خـودا پێـمان بەخشـراوە. تێگەیشـتن لـە تـەواوی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز ڕوونـی دەکاتـەوە کـە عیسـای مەسـیح کێیـە و ئینجیلەکـەی چییـە.

خـودا بەڵێنـی داوە کـە لـە ڕێگـەی کوڕەکـەی و بەهـۆی ڕۆحـی پیرۆزیـەوە، خەڵکـی لـە هەمـوو هـۆز و نەتـەوە و زمانێـک ڕزگار بـکات بـە مەبەسـتی شـکۆدارکردنی خـۆی. ئـەو خەڵکـە ڕزگارکـراوە ئەندامـی جەسـتەی مەسـیحن کـە دەکاتـە کڵێسـا. ئایا کڵێسـای عیسـای مەسـیح دەبێـت چـۆن بێـت و چـی بـکات؟ عیسـا بـە شـوێنکەوتووەکانی فەرمـوو –ئەوانـەی کـە تۆبەیـان کـرد و تەنهـا متمانـە و باوەڕیـان بـەو هەبـوو– کـە دەبێـت بەپێـی نـووسراوە پیـرۆزەکان «تۆبەکـردن بـۆ لێخۆشـبوونی گونـاه بـۆ هەمـوو گـەلان جـاڕ بدرێـت کـە ئەمـەش لـە ئۆرشـەلیمەوە دەسـتپێدەکات» (لۆقـا ٢٤: ٤٧). کەواتـە جـاڕدان و بڵاوکردنـەوەی پەیامـی عیسـای مەسـیح دەبێـت کۆڵەکـە و چەقـی ئەرکـی کڵێسـا بگرێتـەوە کـە ئەویـش بەقوتابیکردنـی نەتـەوە و گەلانـی جیـاوازە. بـەم شـێوەیە، یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز کڵێسـا دەپارێزێـت لـە هەڵـەی کوشـندەی ڕاگەیاندنـی ناڕاسـتی ئینجیـل و ڕێنمایـی کڵێسـا دەکات بە ئاراسـتەی دانانـی ڕاگەیاندنی دروسـتی ئینجیـل لـە ناوەنـد و چەقـی ئەرکەکـەی لـە جیهانـدا کـە مەبەسـت لێـی شـکۆدارکردنی خودایـە.

٣. **یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز لـە مزگێنیدانـدا یارمەتیـمان دەدات.** مزگێنیـدان بەوانـەی کـە لەگـەڵ مەسـیحییەتدا ئاشـنایەتییەکی ئەوتۆیـان نییـە، پێویسـتی بـە شـتی زیاتـر هەیـە لـە ڕوونکردنـەوەی «چـوار یاسـای ڕۆحـی» یـان «ڕێـگای ڕۆمـا». خەڵکـی یەکـەم جـار پێویسـتە لـەوە تێبگـەن کـە جیهانبینـی مەسـیحییەت گۆڕانکارییەکـی تـەواو لـە شـێوازی بیرکردنـەوە لەخـۆ دەگرێـت. لـە کاتـی مزگێنیدانـدا، دەبێـت بـە خـودا و بەدیهێنانـی گـەردوون دەسـت پێبکـەن، بـۆ ئـەوەی بزانیـن کـە چ هەڵەیـەک ڕوویـدا. لەوێـوە دەتوانیـن باسـی ئـەوەی بکەیـن کـە خـودا بـە درێژایـی مێـژوو سـەرقاڵی چ کارێـك بـووە، کـە یارمەتیـمان دەدات لـەوە تێبگەیـن کـە بۆچـی عیسـای نـارد و ئەمـڕۆ گرنگـی ئـەوە لەکوێدایـە. هەتـا بەجوانـی و لـە شـوێنی گونجـاوی خۆیـدا لـەو ڕووداوانـەی ڕابـردوو تێنەگەیـن، ناتوانیـن بزانیـن ئێسـتا خـودا چـی دەکات و لـە داهاتـوودا دەیەوێـت چـی بـکات.

٤. **یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز یارمەتیـمان دەدات کـە کتێبـی پیـرۆز بـەو جـۆرە بخوێنینـەوە و لێـی تیبگەیـن و پاشـان بـۆ کەسـانی دیکـەی ڕوون بکەینـەوە کـە عیسـا فەرمانـی پـێ کردوویـن.** عیسـا خـۆی لـە (لۆقـا ٢٤)دا فەرمـووی کـە ئـەو کلیلـی لێکدانـەوەی نـووسراوە پیرۆزەکانـە. کەواتـە ئەگـەر نەتوانیـن کتێبـی پیـرۆز بـەو جـۆرە بخوێننـەوە و لێـی تێبگەیـن کـە بـەرەو عیسـامان ببـات، ئـەوا ئامانجـی سـەرەکی کتێبـی پیـرۆز لەدەسـت دەدەیـن، لـە ئەنجامـدا دەبینـە هـۆی ئـەوەی کـە خەڵکـی دیکـەش هەمـان هەڵـە بکـەن.

## کاتێك کڵێسا ئامانجەکە ناپێکێت

دەرەنجامـی کۆتایـی ئەمـە دەبێتـە نەپێکانـی ئامانجـی سـەرەکی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز دەبێتـە هـۆی دروسـتکردنی مزگێنـی و کڵێسـا چـەوت و ناڕاسـتەکان. با سـەرنجی هەندێـک لـەو هەڵانـە بدەیـن کـە خودانناسـی بەپێـی کتێبی پیـرۆز یارمەتیـمان دەدات خۆمانـی لـێ بپارێزیـن.

## کڵێسای ئینجیلی خۆشگوزەرانی[2]

با بە جۆناتانتان بناسێنم. ئەو ڕۆژانە کتێبی پیرۆز دەخوێنێتەوە، ڕۆژانە نوێژ و نزا دەکات، بەڵام هەرگیز تەواوی کتێبی پیرۆزی نەخوێندۆتەوە. ئەگەر تەماشای کتێبە پیرۆزەکەی بکەیت، دەبینیت کە لە پەیمانی کۆندا بازنەی بە دەوری چەندین ئایەتدا کێشاوە، هەروەها لە پەیمانی نوێدا خەتی بەژێر چەندین ئایەتی دیکەدا هێناوە.

هاوسەری جۆناتان کە ناوی ڕێبێکایە، چەندین ئایەتی کتێبی پیرۆزی لەبەر کردووە و یەک یەک ئەو ئایەتانە فێری منداڵەکانی دەکات. جۆناتان و ڕێبێکا و منداڵەکانیان ئەندامی کڵێسایەکی خۆجێیەین لە شارەکەیان لە ئەفریقا یان هەر قارەیەکی دیکە. کاتێک کە داوام لە ڕێبێکا کرد هەندیک لەو ئایەتانەم پێ بڵێت کە ئەزبەری کردوون، (مەرقۆس ١١: ٢٤)ی پێ گوتم کە دەڵێت: «لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: هەموو ئەوەی داوای دەکەن و نوێژی بۆ دەکەن، باوەڕ بکەن کە وەرتانگرتووە، بۆتان دەبێت.» پاشان گوتی: ئەوە هەمان ئەو کارەیە کە ئیبراهیم کردی، بۆیە منیش هەمان شت دەکەم.

من (ڕۆبەرت) کە تۆزێک خەم دایگرتم، بڕیارم دا کە سەردانێکی یەکێک لە قەشەکانی کڵێساکەیان بکەم. کاتێک لەبارەی پەیامی سەرەکی کتێبی پیرۆزەوە پرسیارم لێکرد، گوتی: «زۆر ئاسانە. خودا عیسای نارد کە ژیانێکی تێر و تەسەل بەوانە ببەخشێت کە باوەڕی پێ دەکەن. خودا ئێستا ئەو ژیانەمان پێ دەبەخشێت لەگەڵ هەموو دەوڵەمەندی و بەرەکەتێک کە عیسا شایانییەتی، تەنها ئەگەر باوەڕمان هەبێت. ئێمە دەتوانین بەرەکەتەکانی خۆمان دروست بکەین، کاتێک وەکو ئیبراهیم بە باوەڕەوە نوێژ دەکەین.»

## کڵێسای ئینجیلی مەدەنی[3]

من (ڕۆبەرت) جارێکیان سەردانی هەندێک باوەڕدارم کرد لە شارێکی ئەمریکا

---

٢ بە ئینگلیزی دەبێتە (The prosperity-Gospel Church)

٣ بە ئینگلیزی دەبێتە (The Civil-Gospel Church)

و لێم پرسین کە پەیامی کتێبی پیرۆز چییە. بەم شێوەیە وەڵامیان دامەوە:

وەکو دەزانیت ئەمریکا وڵاتێکی مەسیحییە، ئێمەش وەکو ئیسرائیل گەلی هەڵبژێردراوی خوداین. خودا ئەم گەلەی بەرەکەتدار کردووە، بەڵام وەکو چۆن لە (دووەم پوختەی مێژوو ٧: ١٤)دا هاتووە: «ئینجا کە گەلەکەم ئەوەی بە ناوی منەوە بانگ دەکرێت، بێفیز بوون و نوێژیان کرد و ڕوویان لە من کرد و لە ڕێگا خراپەکانیان گەڕانەوە، من لە ئاسمانەوە گوێ دەگرم و لە گوناهەکانیان خۆشدەبم و خاکەکەیان چاک دەکەمەوە.»

بەردەوامییان بە قسەکانیان دا و گوتیان:

کڵێساکەی من تیشک دەخاتە سەر خودا و وڵات. ئێمە دەزانین کە ئەمریکا وڵاتێکی مەسیحییە، بەڵام ئێستا ڕێگە نادەن دە ڕاسپاردەکەی موسا لەسەر دیواری قوتابخانە حکومییەکان بنووسرێن! ئەگەر ئەمریکاییەکان ببنە کەسانی باش، وەکو ئیبراهیم و موسا و داود، ئەوا هەموومان گەشە دەکەین و چێژ لەو ئاسایش و ئاسوودەیی بەرەکەتی خودا وەردەگرین.

## کڵێسای شۆربای چێشتخانە[٤]

زۆر نییە کە (جۆن) ماڵی گواستوەتەوە بۆ شار و بووەتە بەشێک لە تۆڕی کۆمەڵە کڵێسایەک کە ئامانجیان خزمەتکردنی هەژارانە. ئیشی سەرەکی جۆن بریتییە لە بەڕێوەربردنی یەکێک لەو شوێنانەی کە خۆراکیان بەسەر هەژاراندا دابەش دەکرد. کڵێساکەی جۆن دەیانەوێت ئەو فەرمانەی کتێبی پیرۆز جێبەجێ بکەن کە دەڵێت: «ئەی مرۆڤ، یەزدان پێی ڕاگەیاندیت کە چی چاکە و داوای چیت لێدەکات: دادوەری بەجێبهێنە و حەزت لە خۆشەویستی نەگۆڕ بێت و بە بێفیزی لەگەڵ خوداکەت هاتوچۆ بکەیت» (میخا ٦: ٨). جۆن دان بەوەدا دەنێت کە کڵێساکەی زۆرتر تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ئێمە دەتوانین چی بۆ خودا بکەین زیاتر لەوەی کە خودا بەهۆی مەسیحەوە چی بۆ ئێمە کردووە. هەروەها دەڵێت دەبێت لە هەر شوێنێک بین، هەوڵی کەمکردنەوەی ئازار

٤ بە ئینگلیزی دەبێتە (The Soup-Kitchen Church)

و نەهامەتییەکانی خەڵکی بدەین. تێرکردنی «کەمترین ئەمانە» ئەو شتەیە کە کڵێساکەمان پێی بەناوبانگە. ئایا کێشەی ئەوە چییە؟

## کڵێسای پشتڕاستکردنەوەی بەدڕەوشتی[٥]

یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز یارمەتی باوەڕدارە دڵسۆزەکان دەدات کە لێکدانەوەی هەڵەی کتێبی پیرۆز بناسنەوە و ڕەتی بکەنەوە کە دژی چیرۆکی گشتی کتێبی پیرۆزە. (سنتیا) قوتابی زانکۆیە کە تەواوی خێزانەکەی شوێنکەوتووی مەسیحن. هەمیشە باسی کتێبی پیرۆزی بۆ کراوە و وێنە گەورەکەی کتێبی پیرۆز بەجوانی دەزانێت. تەنانەت خولێکی یەک ساڵەی کتێبی پیرۆزی بە زمانی یۆنانی دیتووە. ئەو باوەڕدارێکی پتەوە، بەڵام لەم دواییانەدا سەری لێشێواوە، چونکە هەندێک باوەڕداری هاوڕەگەزبازی ناسیوە کە زۆر میهرەبان و دڵفراوان و خۆشەویستن.

سنتیا لە خۆی دەپرسێت: «چۆن دەکرێت کتێبی پیرۆز دژی کەسانی لەم شێوەیە بێت؟» بەو هۆیەوە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی کە شارەزایانی کتێبی پیرۆز ئەو دەقە وەرگێڕدراوانەی زمانی ئینگلیزی دەخەنە ژێر پرسیارەوە کە بۆ بە گوناە ناساندنی ڕەگەخوازی بەکارهاتووە. لەم بارەیەوە پرسیار دەکات و دەڵێت: «لەبەر ئەوەی کە هیچ ئایەتێک بە تایبەتی هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازەکانی قەدەغە نەکردووە، چی ڕوودەدات ئەگەر دوو کچ بەڕاستی یەکتریان خۆش بووێت؟»

## دەرەنجام

ئەوانەی کە ئاماژەمان پێکردن چەند کێشەیەک بوون کە یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز یارمەتی باوەڕداران و کڵێسا خۆجێییەکان دەدات کە چارەسەری بکەن. بێگومان کێشەی دیکەش هەن. لەگەڵ خوێندنەوەی زیاتری ئەم کتێبەدا، دەبینین کە چۆن یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز یارمەتیمان دەدات کە چیرۆکەکە

٥ بە ئینگلیزی دەبێتە (The Immorality-Affirming Church)

ڕاسـت بکەینـەوە بـە دانانـی عیسـای پاشـا لـە سـەرەتا و ناوەنـد و کۆتایـی چیرۆکـە ڕاسـتەقینەکەی کتێبـی پیـرۆز.

بـەڵام ئێمـە خەریکیـن بەبـێ ئامادەکاریـی پێشـوەخت هەنـگاو دەنێیـن. باشـتر وایـە کـە یەکـەم جـار وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەینـەوە: یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز چییـە؟

# وەرزی دووەم

# یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز چییە؟

## شوێنکەوتنی نەخشەی کتێبی پیرۆز کە ڕاستەوخۆ بەرەو عیسامان دەبات

باشترە کە دان بەوەدا بنێم کە من (نیک) کێشەم لەگەڵ ئاراستەی ژیانمدا هەیە. هاوڕێکان و خێزانەکەم دەتوانن شایەتی بۆ ئەوە بدەن کە من هەرگیز نەمتوانیوە بەبێ ڕێنمایی ئاراستەی ژیانم بگرمە دەست. لەبەر ئەم کێشەی ئاراستەیە، بەڕاستی مایەی ئاسوودەییە کە دەزانم تاکە شتێک پێویستمە بۆ ئەوەی بتوانم بگەمە شوێنی مەبەست، بریتییە لە شوێنکەوتنی پلان و نەخشەیەک.

بینیمان کە درک نەکردن بە ئامانجی سەرەکی چیرۆکی کتێبی پیرۆز دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئینجیل و کڵێسای نادروست. ئەوەی کە ئێستا پێویستیمانە چوارچێوەیەکە بۆ تێگەیشتن لە تەواوی کتێبی پیرۆز. یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز ئەو چوارچێوەیە دابین دەکات، چونکە لە کاتی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزدا ڕێنماییمان دەکات و دەمانپارێزێت لە شیکردنەوە و ڕاڤەی هەڵە و خراپ. یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز ڕێگایەکە بۆ خوێندنەوەی تەواوی چیرۆکی کتێبی پیرۆز لە کاتێکدا تیشک و سەرنجمان لەسەر خاڵە سەرەکییەکەیەتی کە ئەویش عیسای مەسیحە. بە واتایەکی دیکە، یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز نەخشەڕێگای کتێبی پیرۆزە کە بەرەوە عیسامان دەبات.

بەڵام چۆن دەزانین کە عیسا خاڵ و ئامانجی سەرەکی تەواوی کتێبی پیرۆزە؟ چونکە عیسا وامان پێ دەڵێت.

## باشترین خوێندن و لێکدانەوەی کتێبی پیرۆز

بیهێنە پێش چاوی خۆت کە لەگەڵ ئەو قوتابییانەدایت کە لەسەر ڕێگەی

ئەمـواس چاویـان بـە عیسـای زیندووبـووەوە کـەوت. ئـەم دیمەنـە نایابـە لـە (لۆقـا ٢٤) دا تۆمـار کـراوە. ئـەوەی کـە ڕوویـدا ڕێـک باشـترین خوێنـدن و لێکدانـەوەی کتێبـی پیـرۆز بـوو.

دووان لـە قوتابییـەکان دەچوونـە گوندێـک کـە شەسـت تیرهاوێـژ لـە ئۆرشـەلیم دوور بـوو. لۆقـا پێـمان دەڵێـت کـە «کاتێـک قسـە و گفتوگۆیـان دەکـرد، عیسـا خـۆی لێیـان نزیـک بـووەوە و لەگەڵیـان دەڕۆیشـت، بـەڵام چاویـان لـە ناسـینی بەسـترا (لۆقـا ٢٤: ١٥- ١٦). پاشـان قوتابییـەکان ئـەو ڕووداوە باشـانەیان بـە عیسـا گـوت کـە لـە ئۆرشـەلیمدا ڕوویدابـوو.

«باسـی عیسـای ناسـیرەیی، کـە پێغەمبەرێکـی توانـادار بـوو لـە قسـە و کـرداردا، لـەلای خـودا و هەمـوو گـەل، چـۆن کاهینانـی بـاڵا و فەرمانڕەواکانمـان دایانـە دەسـت سـزای مـردن و لـە خاچیـان دا. بـەڵام ئێمـە هیـوادار بوویـن کـە ئەمـە ئـەو کەسـە بێـت کـە ئیسرائیـل دەکڕێتـەوە. لەگـەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا ئەمـڕۆ سـێیەم ڕۆژە ئەمـە ڕوویـداوە. کەچـی هەندێـک لـە ژنانمـان سەرسـامیان کردیـن، بەیانـی زوو لەسـەر گۆڕەکـە بـوون و تەرمەکەیـان نەبینیبـوو، هاتنـەوە گوتیـان، فریشـتەمان بینیـوە دەڵێـن ئـەو زینـدووە. هەندێـک لـە ئێمـە چوونـە سـەر گۆڕەکـە و بینییـان وایـە، وەک ژنـەکان گوتیـان، بـەڵام ئەویـان نەبینیبـوو.» (لۆقـا ٢٤: ١٩: ٢٤)

عیساش لە وەڵامدا فەرمووی:

«ئـەی گێـل و دڵخـاوەکان لـە باوەڕکـردن بـە هەمـوو ئـەوەی پێغەمبـەران باسـیان کـردووە! نەدەبووایـە مەسـیح ئـەم شـتانە بچێژێـت و بچێتـە نـاو شـکۆمەندییەکەی خـۆی؟» ئەوسـا دەسـتی کـرد بـە ڕوونکردنـەوەی ئـەو شـتانەی دەربـارەی خـۆی بـوو لـە هەمـوو نـووسراوە پیرۆزەکانـدا، هـەر لـە تەوراتـی موسـاوە هەتـا هەمـوو پەڕتووکەکانـی پێغەمبـەران.» (لۆقـا ٢٤: ٢٥- ٢٧)

دواتر عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو:

«ئـەم قسـانەم بـۆ کـردن کاتێـک لەگەڵتـان بـووم: پێویسـتە هەمـوو ئەوانـەی لـە تەوراتـی موسـا و پێغەمبـەران و زەبـووردا دەربـارەی مـن نـووسراون بێنـە دی. ئینجـا

مێشکی کردنەوە، تاکو نووسراوە پیرۆزەکان تێبگەن. پێی فەرموون: ئاوا نووسراوە، کە مەسیح ئازار دەچێژێت و لە ڕۆژی سێیەم لەنێو مردووان هەڵدەستێتەوە، بە ناوی ئەویش تۆبەکردن بۆ لێخۆشبوونی گوناه بۆ هەموو گەلان جاڕ بدرێت، ئەمەش لە ئۆرشەلیمەوە دەستپێدەکات.» (لۆقا ٢٤: ٤٤- ٤٧)

بە واتایەکی دیکە، کاتێک عیسا ئاماژەی بە پەیمانی کۆن کرد، دەیویست ئەوە بە قوتابییەکان بڵێت کە کتێبەکانی پەیمانی کۆن هەموویان لەبارەی ئەوەوە نووسراون. لۆقا بەم شێوەیە باسی دەکات: «عیسا دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی دەربارەی خۆی بوو لە هەموو نووسراوە پیرۆزەکاندا» (لۆقا ٢٤: ٢٧).

پێگە و جێگەی عیسا ڕوون و ئاشکرایە. بەڕاستی گێلانەیە کە پەیمانی کۆن بخوێنیتەوە و لەوە تێنەگەیت کە عیسا خاڵی سەرەکییەتی. تەواوی چیرۆکی کتێبی پیرۆز دەربارەی عیسایە. پەیمانی کۆن بەڵێنی هاتنی مەسیح دەدات و ئاماژە بە مەسیح و ئەرکەکەی دەکات، هەروەها پەیمانی نوێ ئەو بەڵێنە شکۆدارانە دەردەخات کە لە مەسیحدا دێنە دی.

کەواتە چیرۆکی کتێبی پیرۆز لەبارەی پاشایەتی خودا و فەرمانڕەوایی و حوکمە دادپەروەرانەکەیەتی؛ دەربارەی لێخۆشبوونی گوناهەیە کە پاشا بۆ گەلەکەی دەستبەر دەکات، کە هەموو هۆز و زمان و گەل و نەتەوەیەک سوپاس و ستایشی دەکەن. ئەگەر بە دروستی لە تەواوی چیرۆکی کتێبی پیرۆز تێبگەیت، ئەوا دەبینیت کە هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی تیشک دەخاتە سەر عیسای مەسیح.

## یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز چییە؟

دەبێت بە کورتی ڕوونی بکەینەوە کە مەبەستمان لە دەستەواژەی «یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز» چییە؟ ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت کە کتێبی پیرۆز وشەی بێگەرد و کامڵی خودایە و بە سروشی خودا نووسراوە، ئایا نابێت ئامانجمان ئەوە بێت کە هەموو یەزدانناسییەک بەپێی کتێبی پیرۆز بێت؟ بەڵێ، بێگومان. بەڵام کاتێک لەم کتێبەدا دەستەوژەی «یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز» بەکاردێنین، ئەوا ئێمە ئامانجمان لە شتێکی وردتر و دەقیقترە.

لـه لایەکـەوە، یەزدانناسـی خـود بـە خـود و بـە شـێوەیەکی سیسـتەماتیک لەگـەڵ بابەتـە بنەڕەتییەکانـی (خـودا، مـرۆڤ، گونـاە، مەسـیح، ڕزگاری، هتـد) دەسـتپێدەکات، پاشـان دەڕوانێتـە کتێبـی پیرۆز بۆ ئـەوەی بزانێت چ شـتێکمان لەبارەیانـەوە فێر دەکات. لـە لایەکـی دیکـەوە، هـەوڵ دەدات کـە تـەواوی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز بخوێنێتـەوە و پرسـیار بـکات ئاخـۆ چـۆن هـەر بەشـێک پەیوەسـتە بـە تـەواوی کتێبەکـەوە.

یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز ڕێگەیەکـە بـۆ خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆز وەک یـەک چیـرۆک کـە خـودا نووسـەرەکەیەتی، کـە ناسـنامە و کارەکانـی عیسـا لوتکـەی چیرۆکەکەیـە، بـۆ ئـەوەی هەمـوو بەشـێکی کتێبـی پیـرۆز بـە گەڕانـەوە بـۆ لای عیسـا تێبگەیـن. یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز یارمەتیـمان دەدات کـە وەک یـەک کتێبـی گـەورە لـە کتێبـی پیـرۆز بڕوانیـن کـە لـە چەندیـن کتێبـی بچـووک پێکهاتـووە، کـە یەک چیرۆکـی گـەورە لەخـۆ دەگـرن و عیسـای مەسـیح پاڵـەوان و کەسـایەتی سـەرەکیی چیرۆکەکەیـە.

یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز بـۆ کڵێسـایە کـە بـە کتێبـی پیـرۆز دەسـت پێـدەکات و بـە عیسـای پاشـا و کڵێسـاکەی کۆتایـی دێـت.

## یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز بۆ کڵێسایە

هـەر چەنـدە ڕێکوپێکـی و دیسـیپلنی یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز دەکرێـت لە ڕووی تەکنیکییـەوە زۆر پێشـکەوتوو بێـت، بـەڵام تەنانـەت بـاوەڕداره سـەرەتاییەکانیش دەیانزانـی کـە چەنـدە بەهـادار و بەنرخـە و لـە سـوود و قازانجەکـەی بـۆ کڵێسـا تێگەیشـتبوون.

لـە (کـرداری نێـردراوان ١٧)دا دەیخوێنینـەوە کـە پۆڵـس و سـیلا مزگێنییـان دا بـە خەڵکـی سـالۆنیکی و پاشـان کاتیـان لـە مزگێنیـدان بـەو جولەکانـە بەسـەر بـرد کـە لـە کەنیشـتی بیریـە بـوون. پۆڵـس «بـە نـووسراوە پیـرۆزەکان گفتوگـۆی لەگـەڵ دەکـردن، ڕوونـی دەکـردەوە و دەریدەخسـت کـە دەبووایـە مەسـیح ئـازار بچێژێـت و لەنێـو مـردووان هەسـتێتەوە. پێـی گوتـن: ئـەم عیسـایەی مـن پێتانـی ڕادەگەیەنـم، مەسـیحەکەیە» (کـرداری نێـردراوان ١٧: ٢- ٣). پاشـان چـی ڕوویـدا؟ هەندێکیـان

باوەڕیان هێنا، «هەروەها زۆر لە یۆنانی خواپەرست و لە ژنە خانەدانەکانیش کە ژمارەیان کەم نەبوو» (١٧: ١٢).

خەڵکی بیریە گوێیان لە قسە و ڕوونکردنەوە و بەڵگەکانی پۆڵس گرت کە لە پەیمانی کۆنەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەوان گوێیان لەوە گرت کە پۆڵس گوتی کە دەبووایە پاشای بەڵێندراوی خودا، واتە عیسای مەسیح «ئازار بچێژێت و لەنێو مردووان هەستێتەوە» (کرداری نێردراوان ١٧: ٣). پۆڵسی نێردراو یارمەتی گوێگرەکانی دا لەوە تێبگەن کە چۆن بابەت و ئامانجی سەرەکی چیرۆکی کتێبی پیرۆز تیشک دەخاتە سەر عیسا و لەودا دەگاتە لوتکە. پۆڵس نەخشەیەکی کتێبی پیرۆزی بۆ دەستەبەر کردن کە بەرەو مەسیحی دەبردن، بە نیعمەتی خودا، زۆرێک لە خەڵکی بیریە باوەڕیان هێنا.

بەڵام سەرنجی ئەمە بدە: خەڵکی بیریە تەنها باوەڕیان بە قسەکانی پۆڵس نەکرد. لۆقا کە نووسەری سیپارەی کرداری نێردراوانە پێمان دەڵێت کە «بەڵام خەڵکی بیریە لە سالۆنیکییەکان تێگەیشتووتر بوون، بەوپەڕی پەرۆشییەوە پەیامەکەیان وەرگرت، ڕۆژانە لە نووسراوە پیرۆزەکان ورد دەبوونەوە ئاخۆ شتەکان ئاوان» (کرداری نێردراوان ١٧: ١١). خەڵکی بیریە بەوپەڕی تامەزرۆیی و پەرۆشییەوە پەیامەکەیان وەرگرت، ڕۆژانە لە نووسراوە پیرۆزەکان ورد دەبوونەوە بۆ ئەوەی لە ڕاستی و دروستیی ئەو پەیامەی کە فێرکراون دڵنیا بن.

باوەڕدارانی سەرەتایی پێیان وا نەبوو کە یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز تەنها بۆ نێردراوانە. هەروەها پێیان وا نەبوو کە یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز تایبەتە بەو کەسە ئەکادیمیانەی کە لە قوتابخانەی تایبەتی کتێبی پیرۆزدا دەخوێنن. لە جێگەی ئەوە پێیان وابوو ئەوە بەرپرسیارێتی ئەوانە کە لێکۆڵینەوە لەسەر نووسراوە پیرۆزەکان بکەن و چوارچێوەیەکی دڵسۆزانە بکێشن بە مەبەستی تێگەیشتن لەوەی کە چۆن عیسا چەقی چیرۆکی کتێبی پیرۆزە و لەودا دەگاتە لوتکە.

ئەوان تێگەیشتن کە یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز بۆ کڵێسایە. ئەگەر تۆ لەگەڵ مەسیحدا یەکت گرتووە، ئەوا یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز بۆ تۆشە.

## یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز بە کتێبی پیرۆز دەست پێدەکات

یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز بـە نوێـژ و خوێندنەوەیەکـی وردی کتێبـی پیـرۆز دەسـت پێـدەکات. بـە بێفیزییـەوە دێینـە بـەردەم کتێبـی پیـرۆز و هـەوڵ دەدەیـن کـە بەپێـی مەرجەکانـی خـودی کتێبەکـە لـە چیرۆکـە مەزنەکـەی تێبگەیـن.

کتێبـی پیـرۆز هەتـا بڵێـی فرەلایـەن و هەمەچەشـنە. لـە بنەڕەتیـدا لـە یـەک کتێبـی گـەورە پێکهاتـووە کـە چەندیـن کتێبـی بچـووک لەخـۆ دەگرێـت کـە چەندیـن نووسـەر لـە کات و سـەردەمی جیـاوازدا هەسـتاون بـە نووسـینی، کـە لـە چەندیـن ژانـری ئەدەبـی جیـاواز پێکهاتـوون. کەواتـە لـە کاتـی خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆزدا ڕووبەڕووی هەمەچەشـنییەکی زۆر دەبینـەوە: داسـتان، هۆنـراوە، یاسـا، دانایـی، پێشـبینی، نامـەکان و مـژدەکان. هەوڵـدان بـۆ بەیەکـەوە بەسـتنەوەی ئـەو هەمـووە کتێبـە جیاوازانـە، کـە لـە سـەردەم و کاتـی جیـاوازەوە و لـە لایـەن کەسـانی جیـاوازەوە بـۆ خوێنەرانـی جیـاواز نـووسراون، لـە کارێکـی ئاسـان ناچێـت؛ لەڕاستیشـدا ئاسـان نییـە!

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا نابێـت ئـەوە بـە کارێکـی مەحـاڵ بزانیـن. بـە دڵنیاییـەوە دەتوانیـن یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز جێبەجـێ بکەیـن، چونکـە تـەواوی کتێبـی پیـرۆز یـەک کتێبـە و فـووی خودایـە: «هەمـوو نـووسراوە پیـرۆزەکان لـە سروشـی خـودان» (دووەم تیمۆسـاوس ٣: ١٦). یەکبوونـی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز لەسـەر کۆتـا نووسـەرەکەی دامـەزراوە و بنیـات نـراوە کـە ئەویـش خـودی یەزدانـە.

بڕوانـە پەترۆسـی نێـردراو چـۆن باسـی کتێبـی پیـرۆز دەکات: «لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە ئەمـە بزانـن، کـە هیـچ پێشـبینییەک لـە نـووسراوە پیرۆزەکانـدا بـە لێکدانـەوەی خـودی پێغەمبەرەکـە نەنـووسراوە، چونکـە هەرگیـز پێشـبینی بە خواسـتی مـرۆڤ نەهاتـووە، بەڵکـو ڕۆحـی پیـرۆز ڕابەرایەتـی مرۆڤەکانـی کـردووە، بـۆ ئـەوەی پەیامـی خـودا ڕابگەیەنـن» (دووەم پەتـرۆس ١: ٢٠- ٢١). ئەگـەر ئـەم کتێبانـە لـە فووی خـوداوە سـەرچاوەیان گرتبێـت، ئـەوا دەبێـت بـە نوێـژ و وریاییـەوە بیانخوێنینـەوە و هەوڵـی تێگەیشـتن لـە ئامانـج و پلانـە گەورەکـەی بدەیـن.

بیهێنـە پێـش چـاوی خـۆت کـە هـەر یـەک لـە سـیپارەکانی کتێبـی پیـرۆز وەکـو ئەسـتێرە دەدرەشـێتەوە. هەتـا بەپێـی پێویسـت دوور نەکەویتـەوە ناتوانیـت کۆمەڵـە

ئەستێرە مەزن و شکۆدارەکە ببینێت. یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز هەر ئەستێرەیەک شی دەکاتەوە و تێکەڵی دەکات، پاشان دوور دەکەوێتەوە بۆ ئەوەی بڕوانێتە وێنە سەرسامکەرەکەی شکۆی خودایی.

هەروەها پرسارەکە ئەوەی کە ئاخۆ چ شتێک دەکەوێتە ناوەند و چەقی ئەم کۆمەڵە ئەستێرە شکۆدارەوە؟ خودای باوک، کوڕەکەی خۆی دەنێرێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆز گەلێک بۆ شکۆی خۆی بکڕێتەوە.

## یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز بە عیسای پاشا و کڵێساکەی کۆتایی دێت

تەواوی کڵێسا شانازی ئەوەی پێدراوە کە یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز بەکاربهێنن. دەبێت بە نوێژ و بە وردی هەموو بەشەکانی کتێبی پیرۆز بخوێنینەوە، تاکو بتوانین لە واتای گشتی کتێبەکە تێبگەین. کاتێک کە بەردەوام تەواوی چیرۆکی کتێبی پیرۆز دەخوێنینەوە، ئەوەی کە ڕوون دەبێتەوە بریتییە لەو تیشک و سەرنجە تایبەتەی کە لەسەر عیسایە.

گوێ لە وشەکانی پۆڵس بگرە کە دەڵێت: «ئەو پێش هەموو شتێکە و هەموو شتێکیش بەهۆی ئەوەوە یەکیگرتووە» (کۆلۆسی ١: ١٧). مەسیح کە پاشای بەڵێندراوە، ئەو کەسەیە کە هەموو شتێکی ڕاگرتووە، بە چیرۆکی گەورەی کتێبی پیرۆزیشەوە. پەیمانی کۆن ئامادەکاری و ڕێگە خۆش دەکات بۆ هاتنی پاشا. پەیمانی نوێ هاتنی پاشا و ئەرکەکەی بۆ هەموو جیهان ڕادەگەیەنێت. هەر بۆیە، یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز بە عیسای پاشا و بەڵێنەکانی بۆ ڕزگارکردن و کڕینەوەی گەلێک بۆ خۆی بە مەبەستی ستایشکردنی، کۆتایی دێت.

## دەرەنجام

یەزدانانی بەپێی کتێبی پیرۆز یارمەتیمان دەدات کە لەوە تێبگەین چۆن نەخشەی شکۆداری کتێبی پیرۆز تیشک دەخاتە سەر عیسای مەسیحی پاشای زیندوو و گەلە بە خوێن کڕدراوەکەی. ئێمەش دەمانەوێت وەکو قوتابییەکانی سەر ڕێگەی ئەمواس، چاو و بیرمان بکرێتەوە (لۆقا ٢٤: ٣١، ٤٥) بۆ ئەوەی عیسا

لـە هەمـوو نـوسراوە پیرۆزەکانـدا بناسـینەوە تاکـو بتوانیـن لـە قووڵایـی دڵمانـەوە خۆشـمان بوێـت (لۆقـا ٢٤: ٣٢). ئەگـەر بـە شـێوەیەکی دروسـت نەخشـەڕێگای کتێبـی پیـرۆز بخوێنینـەوە، ئـەوا دەبێـت هەمیشـە بـەرەو عیسـا و گەلەکەیـمان ببـات کـە ئێمەیـن. بـا ئێسـتاش پێکـەوە هەندێـك کات لـە خوێندنـی نەخشـەی کتێبـی پیـرۆزدا بەسـەرببەین و بـە چـاوی خۆمـان ببینیـن کـە چـۆن دەربـارەی پاشـا و خواسـت و ویسـتەکانیەتی کـە ئەویـش بەدەسـتهێنانی شـکۆمەندییە لـە ڕێگـەی کڕینـەوەی گەلەکـەی بـۆ خـۆی.

# وەرزی سێیەم

# چیرۆکی گەورەی کتێبی پیرۆز چییە؟

## بەشی یەکەم

چیرۆکی کتێبی پیرۆز چیرۆکی خودایە. چیرۆکی خودای پاشایە. کتێبی پیرۆز بە خودایەکی شکۆدار دەست پێدەکات و کۆتایی پێدێت کە فەرمانڕەوا و حوکمڕانێکی هەرەبەتوانا و دەسەڵاتدارە و بەدیهێنەری هەموو جیهانە (پەیدابوون ۱؛ ئاشکراکردن ۲۰- ۲۲)، هەروەها بۆ هەتاهەتایە وەکو باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز بوونی هەیە. تەنها خودا دەسەڵاتی بەسەر بەدیهێنراواندا هەیە. ئەم جیهانە، جیهانی ئێمە، جیهانێکە کە بە باشترین شکڵ و شێواز دروستی کردووە. ئەمە جیهانی خودایە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکیدا هەیە. چیرۆکی کتێبی پیرۆز لە چیرۆکی پاشا پێکهاتووە. هەمووی دەربارەی ئەو پاشایە و شکۆمەندییەکەیەتی. لە سەرەتای هەموو شتێکەوە دەست پێدەکات.

## پاشا گەردون بەدیدەهێنێت و پەیمان دەبەستێت

چیرۆکی خودا بە ڕاگەیاندنی بەدیهێنان دەست پێدەکات: «لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەویی بەدیهێنا.» (پەیدابوون ۱: ۱). خودا هەموو شتێکی بەدیهێنا و لەبەر ئەوەی بەدیهێنەری هەموو شتێکە هەر بۆیە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

«یەزدان تەختی خۆی لە ئاسمان چەسپاندووە و پاشایەتییەکەشی بەسەر هەمووانەوە فەرمانڕەوایەتی دەکات.» (زەبوورەکان ۱۰۳: ۱۹)

پاشا تەنها بە دەربڕینی وشە مەزنەکانی، هەموو زەوی پڕ کرد لە خاک و دەریا و ڕووەک و بوونەوەر، هەروەها شوێنێکی باشی بۆ جوانترین بەدیهێنراوەکانی

دروست کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەودا بژین. سیپارەی پەیدابوون بەم جۆرە باسی دەکات:

«خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا، لەسەر وێنەی خودی خۆی بەدیهێنا، بە نێر و مێ بەدیهێنان.» (پەیدابوون ١: ٢٧)

بە پێچەوانەی بوونەوەرەکانی دیکەوە، خودا مرۆڤی دروست کرد بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵی هەبێت. ئادەم و حەوا کە تاجی نێو بەدیهێنراوانی پاشا بوون، لە وێنەی خودا دروست کران، لەبەردەم ئامادەبوونی پڕ لە شکۆی پاشاکەیان چێژیان لە ژیان وەردەگرت. خودا دەیویست کە هەڵگرانی وێنەکەی، وێنەی ئەو لە هەموو زەویدا بڵاو بکەنەوە: «بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن و بیخەنە ژێر ڕکێفتانەوە. دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و بەسەر هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا کە لەسەر زەوی دەجوڵێتەوە» (پەیدابوون ١: ٢٨).

ئادەم بە تایبەتی دەبوا وەکو چاودێری خودا خزمەتی بکردبا، دەسەڵاتی بسەپاندبا - لە باخچەی عەدەنەوە دەستی پێدەکرد و هەتا تەواوی زەوی دەگرتەوە. وردەکاری ئیشەکەی لە (پەیدابوون ٢: ١٥)دا هاتووە: «یەزدانی پەروەردگار پیاوەکەی هێنا و لە باخچەی عەدەن داینا، بۆ ئیشی جوتیاری و بایەخ پێدانی. وەکو چۆن کاهین چادری پەرستنی دەپاراست، ئادەمیش بە هەمان شێوە لە ڕێگەی پاراستنی باخچەوە خودای دەپەرست و خزمەتی دەکرد (سەرژمێری ٣: ٨). دەبوا ڕێگەی نەدابا کە هیچ شتێکی ناپاک بێتە نێو شوێنی پیرۆزی خوداوە.

بەپێی وشەی خودا، ئادەم و حەوا پێکەوە بۆ ئەوە دروست کران کە چێژ لە بەدیهێنانی جوانی خودا وەربگرن. هەر لە سەرەتاوە پەیمانی پەیوەندی لەنێوان خودا و گەلەکەیدا دەبینین. هەر چەندە وشەی «پەیمان» لە (پەیدابوون ١- ٢)دا نییە، بەڵام زۆرێک لە ئاماژەکان دەریدەخەن کە خودا مرۆڤی دروست کرد بۆ ئەوەی بە شێوەی پەیمان و بەڵێن پەیوەندی لەگەڵ دروست بکات (ڕۆما ٥: ١٢- ٢١).

ئەوە لە شتێکی خۆش و جوان دەچێت، بەڵام پەیمان بە وردی واتای چییە؟ لەم ڕۆژگارەدا ئەم وشەیە زۆر بەکار نایەت. بە کورتی و پوختی، پەیمان بریتییە

لـە «پەیوەسـتبوونیکی جـدی و گەرەنتـی ئـەو بەڵێـن و ئەرکانـە دەکات کـە لایەنێـک یـان دوو لایەنـی بەڵێنـدەر داویانـە، بـە سـوێندێک مـۆر دەکرێـت و دادەخرێـت».[٦]
ڕێنماییەکانـی خـودا بـۆ ئـادەم ڕوون و ئاشـکرا بـوون: «یەزدانـی پـەروەردگار پیاوەکـەی هێنـا و لـە باخچـەی عـەدەن داینـا، بـۆ ئیشـی جوتیـاری و بایـەخ پێدانـی. یەزدانـی پـەروەردگار فەرمانـی بـە پیاوەکـە دا و فەرمـووی: تـۆ ئازادیـت لـە هەمـوو درەختەکانی باخچەکـە بخۆیـت، بـەڵام بـۆت نییـە لـە درەختـی زانینـی چاکـە و خراپـە بخۆیـت، چونکـە لـەو ڕۆژەی لێـی بخۆیـت بێگومـان دەمریـت» (پەیدابـوون ٢: ١٥- ١٧). خـودا کۆمەڵێـک ئـەرک و فەرمانـی بـۆ ئـادەم دیـاری کـرد و بەڵێنـی دا کـە لـە کاتـی گوێڕایەڵیـدا بەرەکەتـدار و لـە کاتـی سـەرپێچیدا نەفرەتـی بهێنێتـە سـەر.

**ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن**

کاتێـک کـە وتـار لەسـەر (پەیدابـوون ١) دەدەیـت و فێرکردنـی لەبـارەوە پێشـکەش دەکەیـت، دەکرێـت بـە ئاسـانی بابەتـە گرنـگ و سـەرەکییەکە پشـتگوێ بخەیـت. هـەوڵ بـدە ئـەم جـۆرە پەیوەندییـە دروسـت بکەیـت:

- خـودای هەتاهەتایـی کـە هەمـوو شـتێکی بەدیهێنـا (پەیدابـوون ١: ١) ڕۆژێک هەمـوو شـتێک نوێ دەکاتـەوە (ئیشـایا ٦٥: ١٧؛ ئاشـکراکردن ٢١: ٥).
- وتـاردان و فێرکـردن لەبـارەی ئادەمـەوە، لـە کۆتاییـدا پەیوەنـدی هەیـە بـە کۆتـا ئادەمـەوە کـە عیسـای مەسـیحە (ڕۆمـا ٥).
- کـوڕی خـودا ئـەو کەسـەیە کـە خـودا لـە ڕێگـەی ئـەوەوە هەمـوو شـتێکی بەدیهێنـاوە (کۆلۆسـی ١: ١٥- ٢٠؛ عیبرانییـەکان ١: ١- ٣).

یـەزدان لـە ڕێگـەی بەڵێنـی زارەکـی و سـوێند و پەیمانـەوە گەلەکـەی کـۆ دەکاتـەوە. دواتـر لـە چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆزدا بۆمـان دەردەکەوێـت کـە پەیمانـەکان بـۆ ئەوەیـە حوکـم و فەرمانڕەوایـی پاشـایانەی خـودا دابمەزرێنێـت و فراوانـی بـکات. بـەڵام لەگـەڵ دەسـتپێکی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆزدا، هەمـوو شـتێک لـە جیهانـی پاشـادا جـوان و ناوازەیـە.

---

٦ Sealed with an Oath: Covenant in God's Unfolding Purpose, New Studies in Biblical Theology (Downers Grove, IL: Intervarsity Press, 2007), 43

## پاشا نەفرەت دەکات

چیرۆکی کتێبی پیرۆز بە چیرۆکێکی شاد دەست پێدەکات. بەڵام ئاسوودەیی و ئارامیی (پەیدابوون ١ – ٢) لە (پەیدابوون ٣)دا بوونی نەما. ئادەم شکستی هێنا و نەیتوانی پاسەوانی لە شوێن و گەلی خودا بکات و بیانپارێزێت. ئادەم و حەوا لە جێگەی ئەوەی کە گوێ لە دەنگی باشی بەدیهێنەر و پاشاکەیان بگرن، گێلانە گوێیان لە دەنگی پڕ لە فێڵ و تەڵەکەی بەدیهێنراوێک گرت. بۆ یەکەم جار ئاشنای بەدکار، مار، ئەوەی کە دواتر بە شەیتان، ئیبلیس، خراپەکار و هەڵخەڵەتێنەر دەناسرێت. مارەکە حەوای هەڵخەڵەتاند. لێی پرسی: «ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟» (پەیدابوون ٣: ١).

هەتا ئەم خاڵە لە چیرۆکەکەدا، تەنها خودای دانا بڕیاری لەسەر ئەوە دەدا کە چ شتێک بۆ بەدیهێنراوەکانی باشە (پەیدابوون ١: ٤، ١٠، ١٢، ٢١، ٢٥، ٣١، ٢: ١٧-١٨). بەڵام مارەکە حەوای هەڵخەڵەتاند بە نکۆڵی کردن لە وشە و گومان کردن لە باشی و چاکیی خودا. شەیتان تووشی ڕاڕایی کرد و بەو هۆیەوە حەوا لە دژی پاشا باش و داناکەی وەستایەوە:

«کاتێک ئافرەتەکە بینی بەری دارەکە بۆ خواردن باش بوو، چاو ئارەزووی دەکرد و وات لێ دەکات دانا بێت، لە بەرەکەی کردەوە و خواردی، دایە مێردەکەشی کە لەگەڵی بوو، ئەویش خواردی.» (پەیدابوون ٣: ٦)

ئادەم و حەوا لە جێگەی ئەوەی کە دانایانە گوێ لە وشە باشەکانی پاشا چاکەکەیان بگرن، لە دژیی وەستانەوە و گوێیان لە دەنگی مارەکە گرت.

ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن

نەفرەتەکەی سەر گەردون لە (پەیدابوون ٣) بەستەوە بە نەوەی حەوا کە سەری مارەکە پان دەکاتەوە، ئەوەی کە لە ڕێگەی بوون بە نەفرەتەوە، ئێمە لە نەفرەت ڕزگار دەکات (گەلاتیا ٣: ١٣)، وە بەهۆی ئەوەوە «خودی بەدیهێنراو لە کۆیلایەتی گەندەڵی ئازاد دەکرێت تاکو هاوبەش بێت لە سەربەستی شکۆمەندی منداڵانی خودا» (ڕۆما ٨: ٢١).

دەکرێت بە ئاسانی وتارێک لەبارەی (پەیدابوون ٣)ەوە بدەیت و تیشک بخەیتە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاڕایی و تاقیکردنەوە و بڵێیت: «ئادەم تاقیکرایەوە و شکستی خوارد. چۆن دەتوانین تووشی ڕاڕایی بین و وەکو ئادەم شکست نەخۆین؟» بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە بەپێی (ڕۆما ٥)، ئێمە بەهۆی ئادەمەوە شکستمان خواردووە. ئەو نوێنەری پەیمان بوو و شکستی خوارد، ئێمە بەهۆی ئەوەوە گوناهبارین. ئێمە پێویستیمان بە ئادەمێکی دڵسۆزە، ئادەمێک کە تاقی کرایەوە و سەلماندی کە کوڕێکی دڵسۆزە. بێگومان عیسای مەسیح ئەو کوڕە دڵسۆزەیە (لۆقا ٤: ١- ١٣).

دەرەنجامی گوناهەکەی ئادەم و حەوا کارەساتبار بوو. لۆمە و سەرزەنشتکردنی کەسانی دیکە، هەر زوو خۆی دەرخست: «ئەو ئافرەتەی پێت دام لەگەڵم بێت، ئەو لە بەری ئەو دارەی پێدام، منیش خواردم» (پەیدابوون ٣: ١٢). نەفرەتەکە وێنەی ناکۆکی نێوان ژن و پیاومان نیشان دەدات. بەرهەمە تاڵەکانی یاخیبوونە گەردونییەکەیان، مردن و حوکمدان و ئاوارەبوون لەخۆ دەگرێت. بەهۆی ئەو یاخیبوونەیانەوە، خودا لە جیاتی بەرەکەت، نەفرەتی بەسەریاندا باراند (پەیدابوون ٣: ١٤- ١٩). بەڵام تەنانەت لەو ڕۆژە تاریک و ڕەشەشدا، تیشکی ئومێدی داهاتوو بەدی دەکرا. یەزدان بەڵێنی دا کە ڕۆژێک نەوەی حەوا مارەکە لەناو دەبات. یەزدان فەرمووی:

«دوژمنایەتیش دەخەمە نێوان تۆ و ئافرەتەکە، نێوان نەوەی تۆ و نەوەی ئەوەوە. نەوەی ئەو سەرت پان دەکاتەوە و تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت.» (پەیدابوون ٣: ١٥)

ئەم شەڕەی نێوان مارەکە و نەوەی حەوا هەتا کۆتایی چیرۆکی کتێبی پیرۆز بەردەوام دەبێت. ئادەم و حەوا بەهۆی یاخیبوونیانەوە لە باخچەی عەدەن دەرکران و ڕاپێچی ڕۆژهەڵات کران و لە خزمەت پاشا دوور کەوتنەوە. ژیان لەژێر نەفرەتدا ئەو جۆرە نەبوو کە ژیان لە جیهانی باش و چاکی خودادا پلان و بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو.

## پاشا حوکم دەدات

بەداخـەوە ژیـان لـە ڕۆژهەڵاتـی باخچـەی عـەدەن لـە خراپـەوە بـەرەو خراپـتر ڕۆیشـت. لەگـەڵ هاتنـی گونـاە بـۆ نێـو جیهـان، زۆر شـتی خـراپ لـە جیهانـی باشـی پاشـادا ڕوویـدا. لـە دوای چەنـد بەشـێک لـە بەدیهێنانـەوە، نـووسراوە: «یـەزدان بینـی کـە خراپـەکاری مـرۆڤ لەسـەر زەوی زۆر بـووە، هەروەهـا هەمـوو بیروبۆچوونەکانـی دڵیشـی بـە درێژایـی ڕۆژ تەنهـا لـەلای خراپەیـە» (پەیدابـوون ٦: ٥). حـەز و ئـارەزووی دڵـی مـرۆڤ چیـتر نایەوێـت ڕێـز لـە خـودا بگرێـت؛ بەڵکـو ژن و پیـاو حەزیـان لـە خراپەکارییـە و دڵیـان «بـە درێژایـی ڕۆژ تەنهـا لـەلای خراپەیـە».

بـەڵام پیاوێـک بـە نـاوی نـوح، جێگـەی ڕەزامەنـدی خـودا بـوو (پەیدابـوون ٦: ٨). خـودا بڕیـاری دا کـە لـە ڕێگـەی لافاوێکـەوە جیهـان حوکـم بـدات بـەڵام بەزەیـی بـە نـوح و خێزانەکەیـدا بێتـەوە (پەیدابـوون ٦- ٨). لـە ڕێگـەی یـەک کەسـەوە، گەلێـک ڕزگاری بـوو. لـە دوای ئـەوە خـودا پەیمانێکـی لەگـەڵ نـوح بەسـت و بەڵێنـی دا کـە هەرگیـز جارێکـی دیکـە جیهـان بـەو شـێوەیە وێـران ناکاتـەوە. یـەزدان فەرمـووی: «مـن پەیمانـی خـۆم لەگـەڵ ئێـوە دەچەسـپێنم، هەرگیـز جارێکـی دیکـە، هەمـوو گیانلەبـەران بـە ئـاوی لافـاو لەنـاو ناچـن، هەرگیـز جارێکـی دیکـە لافـاو وا نابێـت زەوی بـە تـەواوی وێـران بـکات» (پەیدابـوون ٩: ١١).

بـەڵام تەنانـەت لـەدوای لافاوەکـەش، یاخیبوونـی جیهـان لـە دژی پاشـا بـەردەوام بـوو و کێشـەی دڵـی مـرۆڤ وەکـو خـۆی مایـەوە. لـە جێگـەی ئـەوەی کـە خەڵکـی ڕێـز لـە نـاوی پاشـا بگـرن و شـکۆداری بکـەن و کارەکانیـان ڕەنگدانـەوەی نـاوی ئـەو بێـت، هەوڵیـان دا کـە ناوێـك بـۆ خۆیـان دروسـت بکـەن (پەیدابـوون ١١: ٤). هـەر بۆیـە خـودا پـەرش و بڵاوی کردنـەوە، چونکـە پلان و بەرنامـەی دیکـەی هەبـوو. نـاوی خـۆی بـە هەمـوو جیهـان دەناسـێنیت، ئـەو کارەش لـە ڕێگـەی ئیبراهیمـەوە دەکات.

ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن

تەنانـەت خـودا لـە کاتـی حوکمدانیشـدا، سـۆز و میهرەبانـی نیشـان دەدات. چیرۆکـی ڕزگارکردنـی نـوح و خێزانەکـەی لـە چنگـی لافـاو، بـە ڕوونـی فێرمـان دەکات کـە خـودا

ئەو کەسانە ڕزگار دەکات کەوا متمانەی پێ دەکەن، تەنانەت ئەگەر ژمارەشیان کەم بێت (یەکەم پەترۆس ٣: ٢٠؛ دووەم پەترۆس ٢: ٥). خودا بەجێماوەکانی گەلەکەی ڕزگار دەکات، تەنانەت ئەگەر وا دەربکەوێت کە هەمووان پشتیان تێکردووە (ڕۆما ١١: ٢- ٦).

## پاشا بەرەکەتدار دەکات

وا دیاربوو پلانی خودا بۆ فراوانکردنی شانشینەکەی بە تەواوی جیهاندا لەلایەن مارەکە و گوناهەوە ڕێگری لێکرا. لەگەڵ ئەوەشدا، پاشا نەک تەنها حوکمی نەدان، بەڵکو بەرەکەتداری کردن. یەزدان کەسێکی لە خاکی ئوری کلدانییەوە بانگ کرد  کە ناوی ئەبرام بوو (دواتر بە ئیبراهیم دەناسرێت). خودا بەڵێنی دا کە ناوی ئەم پیاوە مەزن بکات و لە ڕێگەی ئەو و نەوەکانیەوە جیهان بەرەکەتدار بکات. خودا پلانی دانا کە لە ڕێگەی ئیبراهیمەوە گەل و نەتەوەیەک پێکبهێنێت، نەتەوەیەکی نائاسایی و پیرۆز. بەو شێوەیە خودا پلانی دانا کە جیهان لە ڕێگەی نەوەی ئیبراهیمەوە بەرەکەتدار بکات.

«دەتکەمە نەتەوەیەکی مەزن، بەرەکەتدارت دەکەم، ناوت مەزن دەکەم، دەبیتە بەرەکەت. ئەوانەی داوای بەرەکەتت بۆ دەکەن بەرەکەتداریان دەکەم، نەفرەتیش لە نەفرەتکارانت دەکەم. هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش لە ڕێگەی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.» (پەیدابوون ١٢: ٢- ٣)

یەزدان فەرمووی کە تەنانەت چەندین پاشاش لە خێزانی ئیبراهیمەوە سەرهەڵدەدەن (پەیدابوون ١٧: ٦، ١٦). خودا بەڵێنی دا کە ئیبراهیم و خێزانەکەی بەرەکەتدار دەکات و فەرمانڕەوایی و پاشایەتییان پێ دەبەخشێت. ئەم بەڵێنانەی لە ڕێگەی پەیمانێکی دیکەوە مۆر کرد (پەیدابوون ١٥).

بەڵام کێشەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە هەموو ئەمانەدا هەبوو: ئیبراهیم پیر بوو، سارایی خێزانی (کە دواتر بە سارا بانگ دەکرێت)، نەزۆک بوو. بەپێی بیروبۆچوونی مرۆیی، نەدەکرا و مەحاڵ بوو کە ئیبراهیم ببێتە خاوەنی کوڕێک. بەڵام ئیبراهیم باوەڕی کرد و ئەوەی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا (پەیدابوون ١٥: ٦).

خودا بەڵێنەکەی خۆی پاراست و بە پەرجوو سارا و ئیبراهیمی بەتەمەن

بوونە خاوەنی منداڵێک. لەم خاڵە بەولاوە لە پەیمانی کۆندا، باقیی چیرۆکەکە تیشک دەخاتە سەر خێزانی ئیبراهیم: ئیسحاق (پەیدابوون ٢٢: ١٧- ١٨)، یاقوب (پەیدابوون ٣٥: ١١) و دوازدە کوڕەکەی یاقوب (پەیدابوون ٤٩). هەرچەندە سیپارەی پەیمانی کۆن بە خێزانی ئیبراهیم لە دەرەوەی خاکی بەڵێندراو کۆتایی پێدێت، بەڵام داهاتوویەکی پرشنگداریان دەبێت. یاقوب، کە نەوەی گەورەی ئیبراهیم بوو و بە ئیسرائیل ناسرابوو، پێشبینی ئەوەی کرد کە لە ڕۆژانی کۆتاییدا «شێرێکی پاشا» لە نەوەی یەهودای کوڕیەوە دێت. لەبارەی ئەم پاشایەوە گوتی:

«داردەستەکە لە یەهودا دانابڕێت، گۆچانی فەرمانکردنیش لەنێوان قاچەکانی، هەتا ئەو کەسە دێت کە خاوەنیەتی، گەلان هەر بۆ ئەو ملکەچ دەبن.» (پەیدابوون ٤٩: ١٠)

ئایا ئەم پاشایەی داهاتوو ئەو کەسە دەبێت کە مارەکە پان دەکاتەوە و بەرەکەتی خودا بۆ جیهان دەگەڕێنێتەوە و بۆ شکۆی خودا حوکم و فەرمانڕەوایی گەلێک دەکات؟

**ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن**

کاتێک کە وتار و فێرکردن سەبارەت بە (پەیدابوون ١٢) پێشکەش دەکەیت، تیشک بخەرە سەر پلانی ڕزگاریی خودا بۆ هەموو جیهان، بۆ هەموو گەلان لە ڕێگەی باوەڕ بە عیسای مەسیحەوە. ویست و خواستی دڵی خودا بۆ بەرەکەتدارکردنی «هەموو نەتەوە و گەلان» لە ئەرکە گرنگەکەی «مەتا ٢٨»ەوە سەریهەڵنەدا، بەڵکو پلانی خودا هەر لە سەرەتاوە ئەوە بوو کە جیهان بەرەکەتدا بکات و ئادەم و حەوا بەردار بن و جیهان پڕ بکەن لە هەڵگرانی وێنەی خودا کە شکۆ و مەزنی خودا دەردەخەن. وە لە ڕێگەی ئیبراهیم و لە ئیبراهیمدا، خودا ناوێک بۆ خۆی دروست دەکات، وە ئیبراهیم دەبێتە باوکی هەموو ئەوانەی کە باوەڕ دەهێنن (گەلاتیا ٣: ٧- ٩). خودا ئەم بەڵێنەی بە یاقوبی نەوەی ئیبراهیم دا: «نەتەوەیەک و کۆمەڵێک نەتەوە لە تۆوە دەبن، پاشایانیش لە پشتی تۆوە دەردەچن» (پەیدابوون ٣٥: ١١). خودا لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە کە لە نەوەی ئیبراهیمە، بە تەواوی بەڵێنەکان جێبەجێ دەکات (گەلاتیا ٣: ١٦).

## پاشا ڕزگار دەکات

خـودا بەڵێنـی دابـوو کـە ئیبراهیـم و خێزانەکـەی بەرەکەتـدار بـکات و ژمارەیـان لـە ئەسـتێرەکانی ئاسـمان زیاتـر بـکات. ئـەم بەڵێنـە ئـەو کاتـە دەسـتی کـرد بـە جێبەجێبـوون کاتێـک کـە ژمـارەی گەلـی ئیسرائیـل لـە میـسردا زیـادی کـرد: «نـەوەی ئیسرائیـل بـەردار بـوون، زۆر زیـاد بـوون و زۆر و توانادارتـر بـوون، خاکەکـە پـڕ بـوو لـەوان» (دەرچـوون ١: ٧). بـەڵام هـەر وەکـو عـەدەن، پلانـی خـودا دژایەتـی کـرا. گەلـی ئیسرائیـل لـە لایـەن فیرعەونـە کرایـە کۆیلـە و لەژێـر دەسـتی پاشـایەکدا ئـازار و ناخۆشـییەکی زۆریـان چەشـت (دەرچـوون ١- ٢). گەلـی خـودا هاواریـان بـۆ پاشـا ڕاسـتەقینەکەیان هێنـا تاکـو لـە کـۆت و بەنـد ڕزگاریـان بـکات – وە خـودا «پەیمانەکـەی» لەگـەڵ ئیبراهیـم لـە یـاد بـوو (دەرچـوون ٢: ٢٣- ٢٤).

**ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن**

دەرچوونـی گەلـی ئیسرائیـل لـە کـۆت و بەنـدی میسرییـەکان ئاماژە بـە دەرچوونێکی مەزنـتری گەلـی خـودا دەکات لـە ڕێگـەی خاچـی مەسـیحەوە (کۆلۆسـی ١: ١٢- ١٤). بەرخـی پەسـخە ئاماژەیـە بـۆ بەرخـی بـێ لەکـە و تەواویـی خـودا کـە گوناهـی جیهـان لادەبـات (یۆحەنـا ١: ٢٩). قەشـە (تیـم کێڵـەر) دەڵێـت:

بیهێنـە پێـش چـاوی خـۆت کـە لـەدوای یەکـەم خواردنـی پەسـخە لـە میسردایـت. ئەگـەر ئیسرائیلییەکانـت ڕابوەسـتاندبا و پێـت بگوتبـان: «ئێـوە کێـن و لێـرەدا چـی ڕوودەدات؟» ئـەوا دەیانگـوت: «مـن کۆیلـە بـووم و حوکمـی مردنـم بەسـەردا درابـوو، بـەڵام پەنـام بـۆ خوێنـی بەرخەکـە بـرد و لـە کـۆت و بەنـدی کۆیلایەتـی ڕزگارم بـوو، وە ئێسـتا خـودا لەنێـوان ئێمـەدا دەژی و ئێمـە بـۆ خاکـی بەڵێنـدراو شـوێنی دەکەویـن.» ئەمـە ڕێـک ئـەو شـتەیە کـە ئەمـڕۆ بـاوەڕداران دەیڵێـن.[٧]

بۆیـە یـەزدان بـۆ موسـا دەرکـەوت (دەرچـوون ٣) و بـەرزی کـردەوە کـە ببێتـە ڕزگارکاری گەلـی ئیسرائیـل. بـەو شـێوەیە یـەزدان لـە ڕێگـەی موسـا و بـە دەسـتی

---

٧ Timothy Keller, King's Cross the Story of the World in the Life of Jesus (New York: Dutton, 2011), 172.

پـڕ هێـز و توانـای خـۆی و خوێنـی بەرخـە بـێ لەکـە و تەواوەکـە (دەرچـوون ١٢)، گەلەکـەی لـە میـسر ڕزگار کـرد. ڕزگارکردنـی ئیسرائیلییـەکان لـە دەریـای سـوور بـووە هـۆی ئـەوەی کـە هەمـوو خەڵکـی ئاهەنگـی ڕزگاربوونیـان بگێـڕن (دەرچـوون ١٤). وەکـو کاردانەوەیـە لـە هەمبـەر ئـەو کارە ڕزگارییـە مەزنـە، موسـا لەگـەڵ گەلـدا گۆرانییەکیـان بـۆ ستایشـکردن پاشـا مەزنەکەیـان گـوت:

«ئـەی یـەزدان، کـێ لەنێـو خوداوەنـدەکان وەک تۆیـە؟ کـێ وەک تـۆ پایەبـەرزە لـە پیـرۆزی، سـامناک لـە شـکۆمەندی، دروسـتکەری کاری سەرسـوڕهێنەر؟ یـەزدان پاشـایەتی دەکات بـۆ هەتاهەتایـە.» (دەرچـوون ١٥: ١١، ١٨).

ڕزگارکردنـی گەلـی خـودا لـە کـۆت و بەنـدی میسرییـەکان، بـە هەمـوو جیهـان نیشـان دەدات کـە هیـچ کەسـێك وەکـو یـەزدان نییـە. ئـەو پاشـایە و بـۆ هەتاهەتایـە حوکـم و فەرمانڕەوایەتیـی دەکات.

## پاشا فەرمان دەدات

دوای ئـەوەی کـە خـودا گەلـی ئیسرائیلـی لـە میـسر ڕزگار کـرد، بەو جـۆرەی کـە بەڵێنی دابـوو ئەوانـی هێنایـە کێـوی سـینا. کاتێـک کـە یـەزدان خـۆی بـۆ موسـا دەرخسـت، فەرمـووی: «مـن لەگەڵـت دەبـم، ئەمـەش دەبێتـە نیشـانە بـۆت کـە مـن تـۆم نـاردووە، کاتێـک گـەل لـە میـسرەوە دەردەهێنیـت، ئێـوە لەسـەر ئـەم کێـوە خـودا دەپەرسـتن» (دەرچـوون ٣: ١٢). پێـش ئـەوەی کـە خـودا بیانباتـە خاکـە باشـەکە کـە کاتـی خـۆی بەڵێنـی بـە ئیبراهیـم دابـوو، وشـە باشـەکانی بـۆ گەلەکـەی لـە کێـوی سـینا ئاشـکرا کـرد.

ئیسرائیـل، کـە خـودا بـە کـوڕە نۆبـەرەی خـۆی نـاوزەدی دەکات (دەرچـوون ٤: ٢٢)، دەبنـە جۆرێـک لـە نوێنـەری کاهینیەتـی هەمـوو جیهـان، ڕێـك وەکـو ئـادەم. سـەرنجی ئـەوە بـدە کـە یـەزدان پێـی فەرمـوون: «ئەگـەر ئێـوە بـە تـەواوی گوێـم لـێ بگـرن و پەیمانەکـەم بپارێـزن، ئـەوا گەنجینەیەکـی تایبـەت دەبـن بـۆ مـن لەنێـو هەمـوو گەلان. هەرچەنـدە هەمـوو زەوی هـی منـە، بـەڵام ئێـوە بـۆم دەبنـە پاشـایەتی کاهینـان و نەتەوەیەکـی پیـرۆز.» (دەرچـوون ١٩: ٤- ٦). خـودا دەیویسـت کـە پیرۆزبوونـی ئیسرائیـل ڕەنگدانـەوەی پیرۆزبوونـی پاشـاکەیان بێـت: «دەبێـت پیـرۆز بـن، چونکـە

مـن پیـرۆزم، یەزدانـی پەروەردگارتانـم» (لێڤییـەکان ١٩: ٢). ئەگـەر گەلـی ئیسرائیـل متمانـە بـە وشـە باشـەکانی یـەزدان بـکات و گوێڕایەڵـی بـن، ئـەوا دەبنـە گەلێکـی بـێ هاوتـا کـە دانایـی پاشـاکەیان بـە هەمـوو خەڵکـی جیهـان نیشـان دەدەن. گەلـی ئیسرائیـل بـە ئەنجامـدان و پاراسـتنی فەرمـان و ڕاسـپاردەکانی پاشـا، دانایـی خـودا بـۆ جیهـان دەردەخـەن (دواوتـار ٤: ٤- ٦).

بـەڵام ئیسرائیلیـش وەکـو ئـادەم نیشـانی دا کـە کوڕێکـی بـێ بـاوەڕە و سـەرپێچی وشـە باشـەکانی خـودا دەکات. تەنانـەت کاتێـک کە موسـا لەسـەر کێوی سـینا سـەرقاڵی سروش و وەحـی خودایـی بـوو، گەلـی ئیسرائیـل لـە خـوارەوە خەریکـی دروسـتکردنی بـت و پەیکـەر بـوون (دەرچـوون ٣٢). پاشـا پەیمانێکـی لەگـەڵ گەلەکـەی بەسـت، بـەڵام ئـەوان پێشـێلیان کـرد.

موسـا پەرۆشـی ئامادەبوونـی ڕووی خـودا بـوو بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ گەلـی ئیسرائیلـدا بڕواتـە نێـو خاکـی بەڵێنـدراوەوە، بۆیـە نێوانگـری بـۆ گـەل کـرد (دەرچـوون ٣٤). خـودا بەڵێنـی دا کـە ئامادەیـی ئـەو لـە ئیسرائیـل جـودا نابێتـەوە، بـەڵام حوکمـی ئـەم نـەوە خراپـەکارە دەدات. بـەو هۆیـەوە چـل سـاڵ لـە چۆڵەوانیـدا مانـەوە، هەتـا توانیـان پـێ بخەنـە نێـو ئـەو خاکـەی کـە  بەڵێنیـان پێدرابـوو.

بـە درێژایـی ئـەو ماوەیـەی کـە گەلـی خـودا لـە چۆڵەوانیـدا بـوون، پاشـا لەنێویـان لەنێـو چـادری چاوپێکەوتـن بـوو و بەوپـەڕی پشـوودرێژییەوە هەنـگاو بـە هەنـگاو ڕێنمایـی دەکـردن. بـەڵام دیسـان گەلـی ئیسرائیـل، بـە پێچەوانـەی ئیبراهیمـەوە ڕەتیـان کـردەوە کـە بـە بـاوەڕەوە هەڵسـوکەوت بکـەن (سـەرژمێری ١٤: ١١؛ دواوتـار ١: ٣٢؛ ٩: ٢٣؛ زەبـوورەکان ٩٥). بـە ڕادەیـەک کـە موسـا لـە کۆتایـی ژیانیـدا دڵنیـا نەبـوو لـەوەی کـە گەلـی ئیسرائیـل لـەدوای ئـەو گوێڕایەڵـی یـەزدان دەبـن (دواوتـار ٣١: ٢٩).

هەتـا ئـەم خاڵـەی چیرۆکەکـە، دەردەکەوێـت کـە ئـەوە کێشـەی دڵـە کـە هـۆکاری هێنانـی بـەڵا و ناخۆشـییە بـۆ سـەر مرۆڤایەتـی، کـە هـەر لـە کاتـی یاخیبوونـی ئادەمـەوە ماوەتـەوە (دواوتـار ٣١: ٢٠- ٢١). هەروەهـا ئـەوەش ڕوونـە کـە ئەگـەر بڕیـار بێـت ڕۆژێـک لـە ڕۆژان هـەر شـتێک بگۆڕدرێـت، دەبێـت کەفـارە بـۆ بێباوەڕیـی گەلـی خـودا بدرێـت و پێویسـتە دڵیـان بگۆڕدرێـت.

بـەڵام چـۆن؟ ئومێـدی ئـەم گۆڕینـە لـە داهاتوودایـە. قوربانییـە بەردەوامەکانـی کەفـارەت کـە خـودا لـە کێـوی سـینا فەرمانـی دابـوو، ئامـاژە بـە پێویسـتی کۆتـا قوربانـی لـە داهاتـوودا دەکات. تەنانـەت موسـا بـە تامەزرۆییـەوە چاوەڕێـی ئـەو ڕۆژە دەکات کـە پاشـا دڵـی گەلەکـەی خەتەنـە دەکات (دواوتـار ٣٠: ٦)، کاتێـک کـە ڕۆحـی خـودا دێتـە سـەر هەموویـان (سـەرژمێری ١١: ٢٩).

**ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن**

ئـەو شـکڵ و شـێوازی قوربانییـەی کـە لـە شـەریعەتی موسـادا ئامـاژەی پـێ کـراوە، ڕێگایـەک لەنێـو چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆزدا دەکاتـەوە کـە دەمانگەیەنێـت بـە عیسـا، ئـەو قوربانییـە بـێ گوناهـەی کـە بـووە کەفارەتـی گوناهەکانـی خەڵکـی (ڕۆمـا ٣: ٢٥؛ عیبرانییـەکان ٢: ١٧؛ یەکـەم یۆحەنـا ٢: ٢؛ ٤: ١٠).

کاتێـک کـە لەسـەر ئـەو دەقانـە فێرکـردن و وتـار پێشـکەش دەکەیـت کـە بـەوردی باسـی چـادری چاوپێکەوتنیـان کـردووە (دەرچـوون ٢٥)، پەیوەندییـەک لەگـەڵ بەشـەکانی دیکـەی کتێبـی پیـرۆز دروسـت بکـە کـە باسـی نیشـتەجێبوونی خـودا لەگەڵ گەلەکـەی دەکـەن و هـەوڵ بـدە کـە عیسـا ناوەنـد و چەقـی پەیوەندییەکـە بێـت. ئـەم بابەتـە تـەواوی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز دەگرێتـەوە، کـە لـە عەدەنـەوە دەسـت پێـدەکات. بابەتـە سـەرەکییەکە لـە چـادری پەرستنەوە دەسـتپێدەکات و دواتـر دەڕوات بـۆ پەرسـتگای ئۆرشـەلیم، ئینجـا بـۆ خـودی خـودا کـە لەنێـو گەلەکەیـدا «نیشـتەجێ بـوو» بەهـۆی مەسـیحەوە کـە وشـەی هەتاهەتاییـە و جەسـتەی پۆشـی (یۆحەنـا ١: ١٤).

بەهـۆی مەسـیحەوە، کڵێسـا بـوو بـە پەرسـتگای نوێـی خـودا (یەکـەم کۆرنسـۆس ٣: ١٦- ١٧؛ دووەم کۆرنسـۆس ٦: ١٦؛ یەکـەم پەتـرۆس ٢: ٤- ٥). ڕۆژێـک دێـت کـە خـودا لـە ئۆرشـەلیمی نوێـدا لەگـەڵ گەلەکەیـدا نیشـتەجێ دەبێـت (ئاشـکراکردن ٢١- ٢٢). شـوێنی هـەرە پیـرۆز، کـە ژوورێکـی چوارگۆشـەییە لـە پەرسـتگادا، ڕێگـە بـۆ شـارێك خـۆش دەکات کـە لـە شـێوەی چوارگۆشـەدایە (ئاشـکراکردن ٢١: ١٦). بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان تـەواوی شـارەکە هـەرە پیـرۆز دەبێـت و بـۆ هەمـوو گەلـی خـودا کـراوە دەبێـت، «چونکەیەزدانـی پـەروەردگاری هـەرە بـە توانـا لەگـەڵ بەرخەکـە پەرسـتگای ئـەون» (ئاشـکراکردن ٢١: ٢٢).

## پاشا ڕێنوێنی دەکات

دوای ئـەوەی کـە گەلـی ئیسرائیـل بـۆ مـاوەی چـل سـاڵ لـە چۆڵەوانـی مانـەوە، لـە کۆتاییـدا خـودا لـە ڕێگـەی یەشـوعی خزمەتکاریـەوە ڕێنوێنـی کـردن و بـەرەو خاکـی بەڵێنـدراوی بـردن (پەیدابـوون ١٣: ١٥؛ دەرچـوون ٣: ٨). یـەزدان بـە یەشـوعی فەرمـوو: «ئێسـتا هەسـتە، خـۆت و هەمـوو ئـەم گەلـە لـە ڕووبـاری ئوردونـەوە بپەڕنـەوە بـۆ ئەو خاکـەی پێیـان دەدەم، واتـە بـە نـەوەی ئیسرائیـل. هـەر شـوێنێک پێـی لـێ بنێـن، بـە ئێـوەی دەدەم، هـەروەک بـە موسـام فەرمـوو» (یەشـوع ١: ٢- ٣). خـودا بـە گەلەکـەی نیشـان دا کـە ئـەو پاشـایەکی باوەڕپێکـراوە:

«جـا یـەزدان هەمـوو ئـەو زەوییـەی دایـە نـەوەی ئیسرائیـل کـە سـوێندی خواردبـوو بیداتـە باوباپیرانیـان، ئەوانیـش دەسـتیان بەسـەردا گـرت و تێیـدا نیشـتەجێ بـوون ... هیـچ بەڵێنێـک لـە هەمـوو ئـەو بەڵێنـە چاکانـەی یـەزدان بـە بنەماڵـەی ئیسرائیلـی فەرمووبـوو نەشـکاوە، بەڵکـو هەمـووی هاتـە دی.» (یەشـوع ٢١: ٤٣- ٤٥)

بـەو جـۆرەی کـە لـە سـیپارەی ئیشـایادا هاتـووە، بەڕوونـی دەبینیـن کـە هـەر چەنـدە گەلـی ئیسرائیـل لـە خاکـی بەڵێنـدراودا بـوون، بـەڵام هێشـتا دڵیـان لـە جیهانـدا مابـووەوە. بـە درێژایـی داگیرکردنـی کەنعـان، مەترسـی حوکمـدان و ڕاپێچکـردن هەڕەشـەیان لـە ئیسرائیـل دەکـرد. گەلـی خـودا دەیانزانـی کـە ئەگـەر پەیمانـی خـودا پێشـێل بکـەن، ئـەوا سـزا دەدرێـن.

دوای ئـەوەی کـە یەشـوع مـرد، لـە جێگـەی ئـەوەی کـە ئیسرائیـل ئاگادارییەکانـی یەشـوع بپارێـزن و گوێڕایەڵـی وشـەی خـودا بـن، ئـەو کارەیـان کـرد بـە لای خۆیانـەوە دروسـت بـوو – بـەو شـێوەی خراپـەکاری پـەرەی سـەند. نووسـەری سـیپارەی دادوەران بـەم شـێوەیە باسـی ئـەم کێشـەیە دەکات:

«ئیـتر نـەوەی ئیسرائیـل لەبەرچـاوی یـەزدان خراپەکارییـان کـرد و بەعلەکانیـان پەرسـت. وازیـان لـە یەزدانـی پـەروەردگاری باوباپیرانیـان هێنـا، ئـەوەی کـە لـە خاکـی میـسر دەریهێنـان و دوای خوداوەنـدە جۆراوجۆرەکانـی گەلانـی دەوروبەریـان کەوتـن و کڕنۆشـیان بـۆ بـردن، چونکـە وازیـان لـێ هێنـا و بەعـل و عەشـتۆرەتەکانیان پەرسـت.» (دادوەران ٢: ١١- ١٣)

هـەر چەنـدە ئیسرائیلییـەکان دەیانزانـی کـە خـودا پاشـایانە، بـەڵام ڕەتیـان کـردەوە و ئەمانیـش وەکـو نەتـەوە و گەلانـی دەوروبەریـان داوای پاشـایان کـرد (دادوەران ١٧: ٦؛ ١٨: ١؛ ١٩: ١؛ ٢١: ٢٥). جێگـەی سەرسـامی نییـە کـە هەڵبژێـردراوی گـەل، شـاول جێگـەی پەسـەندی خـودا نەبـوو. یـەزدان پاشـایەکی دەویسـت کـە بـە دڵـی خـۆی بێـت (یەکـەم ساموئێل ١٣: ١٤؛ کرداری نێردراوان ١٣: ٢٢)، بۆیـە کەسێکی لـە نـەوەی یەهـودا هەڵبـژارد (پێشـبینییەکەی یاقوبتـان لـە پەیدابـوون ٤٩: ٩- ١٢ بیـر نەچێـت). نـاوی ئـەو پاشـایە داودی کـوڕی یەسـا بـوو.

**ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن**

لـە جێگـەی ئـەوەی کـە وتـار لەبـارەی «پێویسـتە ئێمـەش وەکـو یەشـوع بەهێـز و بوێـر بیـن» پێشـکەش بکەیـت، تیشـک بخـەرە سـەر خـودا وەفادارەکـەی یەشـوع. یەشـوع واتـە «یەهـوە ڕزگار دەکات!» تەنهـا بەهـۆی نیعمـەت و هێـزی سەرسامکەری خـوداوە، گەلـی ئیسرائیـل توانیـان بڕۆنـە نێـو خاکـی بەڵێنـدراوەوە (یەشـوع ١- ٥)، دەسـتی بەسـەدا بگـرن (یەشـوع ٦- ١٢)، دابەشـی بکـەن (یەشـوع ١٣- ٢١)، وە لـە خاکەکـەدا خزمـەت بکـەن (یەشـوع ٢٢- ٢٤). هەمـوو ئـەم کارانـە دڵسـۆزی و ڕاسـتگۆیی خـودا بەرامبـەر بەڵێنەکانـی نێـو پەیمانەکـەی دەردەخـات. خـودا پاڵەوانـی ئـەم کتێبەیـە، نـەک یەشـوع.

## پاشا فەرمانڕەوایی دەکات

یـەزدان پەیمانێکـی لەگـەڵ داود بەسـت، کـە دەیویسـت ماڵێـک بۆ یـەزدان بنیـات بنێت، ئـەو ئەرکـەی کـە لـە کۆتاییـدا سلێمانی کـوڕی جێبەجێـی دەکات. جێگـەی سەرسامییە کـە خـودا بەڵێنـی بنیاتنانـی ماڵێـک بـە داود دەدات؛ بەڵێنی دروسـتکردنی شانشـینێک:

«یـەزدان پێـت ڕادەگەیەنێـت کـە یـەزدان خـۆی بنەماڵەکـەت جێگیـر دەکات. کاتێک ژیانـت تـەواو دەبێـت و دەچیتـە پـاڵ باوباپیرانـت، مـن وەچەکـەت دادەمەزرێنـم، ئـەوەی لـەدوای خـۆت لـە پشـتی تـۆوە دێـت، پاشـایەتییەکەی جێگیـر دەکـەم. ئـەو ماڵێـک بـۆ نـاوی مـن بنیـاد دەنێـت و منیـش بـۆ هەتاهەتایـە تەختـی پاشـایەتییەکەی جێگیـر دەکـەم.» (دووەم سـاموئێل ٧: ١١- ١٣)

خـودا دەیویسـت کـە فەرمانڕەوایـی داود وەکـو پاشـای ئیسرائیـل بـە هەمـوو جیهـان نیشـان بـدات کـە حوکمـی خـودا چەنـدە ژیرانـە و سەرسـوڕهێنەرە. ئومێـدی حوکمڕانییەکـی ڕاستودروسـتی پاشـایەتیی هەتاهەتایـی لەسـەر تەختێکـی هەتاهەتایـی پەیوەنـدی هەیـە بـە داود و نەوەکانیـەوە. دەنگـی ئـەم بەڵێنـە جوانانـە کـە بـە داود دراون و پـڕن لـە ئومێـد و هیـوا لـە باقیـی پەیمانـی کۆنـدا دەنـگ دەداتـەوە. خـودا داود و گەلـی ئیسرائیلـی بـێ ئەنـدازە بەرەکەتـدار کـرد (یەکـەم پوختـەی مێـژوو ٢٩). پاشـا چـۆن بـڕوات، پاشـایەتیش بـە هەمـان شـێوە دەڕوات.

سـلێمانی کـوڕی داود لـەدوای باوکـی بـووە پاشـای ئیسرائیـل وە ماڵێکـی زۆر مـەزن و تایبەتـی بـۆ خـودا بنیـات نـا کـە ئەویـش پەرسـتگای ئۆرشـەلیم بـوو. جارێکـی دیکـە، خـودا ئامادەیـی شـکۆداری خـۆی لەنێـو گەلەکەیـدا دەرخسـت. ئەمـە وای کـرد کـە سـلێمان بڵێـت: «بـەڵام ئایـا بەڕاسـتی خـودا لەسـەر زەوی نیشـتەجێ دەبێـت؟ ئەوەتـا ئاسـمان و ئاسـمانی ئاسـمانەکان جێـی تۆیـان تێـدا نابێتـەوە، ئیـتر چـۆن ئـەم پەرسـتگایە کـە مـن بنیـادم نـاوە!» (یەکـەم پاشـایان ٨: ٢٧). پەرسـتگا تەواوبووەکـە شـکۆدار بـوو (زەبـوورەکان ٤٨: ١- ٣، ٩- ١١)، وە ناوبانـگ و مـاڵ و سـامانێکی زۆری هەبـوو (یەکـەم پاشـایان ١٠). «سـلێمان گەورەتریـن پاشـا بـوو لەنێـو پاشـاکانی سـەر زەوی چ لـە دەوڵەمەنـدی و چ لـە دانایـی» (یەکـەم پاشـایان ١٠: ٢٣- ٢٤).

ئـەو بەڵێنانـەی کـە خـودا بـە دوادی دابـوو و ئەوانەشـی کـە بـە موسـای دابـوو، هاتنـە دی. «سـتایش بـۆ یـەزدان، ئـەوەی هـەروەک بەڵێنـی دابـوو ئیسرائیلـی گەلـی خـۆی حەسـاندەوە. تەنانـەت تەنهـا وشـەیەکیش لـە هەمـوو ئـەو بەڵێنـە باشـانە نەشـکا کـە یـەزدان لـە ڕێگـەی موسـای بەندەیـەوە دابـووی» (یەکـەم پاشـایان ٨: ٥٦). بـەڵام کارەسـات خـۆی لـە کونجێکـدا مـەڵاس دابـوو، چونکـە پاشـای دانـا گێلانـە ئاگاداریيەکانـی یەزدانـی پشـتگوێ خسـت.

ئەدەبیاتـی پـڕ لـە دانایـی کتێبـی پیـرۆز (ئەیـوب، زەبـوورەکان، پەندەکانـی سـلێمان، ژیرمەنـدی، گۆرانـی گۆرانییـەکان) ئەوپـەڕی دانایـی داود و سـلێمان و چەنـد کەسـێکی دیکـە دەردەخـات. کتێبەکانـی ئـەم کەسـە دانایانـە نیشـانمان دەدەن کـە ژیانـی پـڕ لـە ژیریـی و دانایـی لەگـەڵ ترسـی یەزدانـدا لـەم جیهانـە پـڕ لـە گونـاە و پێشـبینی نەکـراو و هەندێـک کات نادادپـەروەر و لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕێکوپێکـەدا چۆنـە. ئـەم کتێبانـە

دەڕواننە داوەوە و سەرنجی بەدیهێنان و پلان و کارەکانی خودا دەدەن، هەروەها دەڕواننە پێشەوە و سەرنجی مەسیح و بەڵێنەکانی خودا دەدەن.

سلێمان لە جێگەی ئەوەی کە گەلی ئیسرائیل بەپێی وشەی باشی خودا بەڕێوە ببات و ڕێنماییان بکات، دەستی کرد بە کۆکردنەوەی زێڕێکی زیاتر (دووەم پوختەی مێژوو ٩: ١٣- ٢١)، ئەسپ و گالیسکەیەکەی زۆر (دووەم پوختەی مێژوو ٩: ٢٥- ٢٨)، هەروەها چەندین ژنیشی هێنا (یەکەم پاشایان ١١: ٣). ئەوە ڕەچەتەی نەهامەتی بوو، ڕێك بەو جۆرەی کە خودا ئاگاداری کردبوونەوە (دواوتار ١٧: ١٤- ٢٠). لە هەمووی خراپتر ئەوە بوو کە سلێمان نە تەنها نەیتوانی ئەو بەرزاییانە لەناوببات کە بتیان تێدا دەپەرسترا، بەڵکو خودی پاشا لە کاتی پیریدا بە تەواوی شوێن یەزدان نەکەوتبوو (یەکەم پاشایان ١١: ٥- ١٠). سەرەتا پرشنگدارەکەی فەرمانڕەوایەتی سلێمانی پاشا ئێستا بەرەو کارەسات دەڕوات، چونکە پاشا چۆن بێت، شانشینەکەش بەو شێوەیە دەبێت.

کاردانەوەی خودا چی دەبێت؟ یەزدان بە سلێمانی فەرموو: «لەبەر ئەم هەڵوێستەت و گوێڕایەڵنەبوونت بۆ پەیمان و فەرزەکەی من کە فەرمانم پێ کردیت، پاشایەتییەکەت لێ پارچەپارچە دەکەم» (یەکەم پاشایان ١١: ١١- ١٣). سلێمان وەکو پاشای ئیسرائیل چل ساڵ حوکمی کرد. بەڵام دوای مردنەکەی، شانشینەکەی بووە دوو پارچەوە، ڕێک بەو جۆرەی کە خودا بەڵێنی دابوو (یەکەم پاشایان ١٢: ١٦- ٢٠). ئیسرائیلی دابەش کرد بەسەر شانیشینی باکور (ئیسرائیل) لەگەڵ شانشینی باشور (یەهودا). هیچ کام لە پاشاکانی داهاتووی ئیسرائیل (جگە لە حزقییێل و یۆشیا) نەیانتوانی بتپەرستەکانی سەر بەرزاییەکان لەناو ببەن. پاشاکان گوناهیان کرد و بەدوایاندا خەڵکیش گوناهیان کرد. خەڵکی ئیسرائیل «خودای دیکەیان پەرست و بەدوای بەجێهێنانی نەریتی ئەو گەلانە کەوتن کە یەزدان لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل دەریکردبوون، پەیڕەویان لە کار و کردەوەی پاشاکانی ئیسرائیل کرد» (دووەم پاشایان ١٧: ٧- ٨). پاشا چۆن بێت، گەلیش بەو شێوەیە دەبن.

### ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن

لـە وتـار یـان وانەکەتـدا تەنهـا تیشـک مەخـەرە سـەر بوێـری و ئازایـی داود یـان ئـەوەی کـە «چـۆن دەتوانیـن ڕووبـەڕووی شـتە زەبەلاخەکانـی ژیانـت ببیتـەوە؟». لـە جێگـەی ئـەوە هەڵبژاردنـی داود کـە بـە بەدڵـی خـودا بـوو، بـۆ ئـەوەی فەرمانڕەوایـی گەلـی خـودا بـکات، وەکـو ڕێگەیـەک چـاو لـێ بکـە کـە خـودا بەهۆیـەوە حوکمڕانـی خـۆی بـۆ سـەر زەوی گەڕانـدەوە (یەکـەم سـاموئێل ١٦: ١- ١٣). خـودا بەڵێنـی بـە داود دا کـە پاشـایەکی هەتاهەتایـی لـە خێزانەکـەی ئـەوەوە بـۆ هەتاهەتایـە فەرمانڕەوایـی دەکات (دووەم سـاموئێل ٧). ئـەم پێشـبینییەی عیسـا بـۆ ئـەوە کەسـانە ڕوون بکـەوە کـە وتاریـان پێشـکەش دەکەیـت. یارمەتییـان بـدە لـەوە تێبگـەن کـە ئـەم کـوڕەی داود لـە کـە داهاتـوودا دێـت، پەروەردگارییەتـی (زەبـوورەکان ١١٠؛ ئیشـایا ٩: ٦- ٧؛ حزقیێـل ٣٤: ٢٢- ٢٣؛ مەتـا ٢٢: ٤٥).

تەنانـەت پاشـا داود لـە پەیمانـی نوێـدا وەکـو پێغەمبـەری خـودا نـاوی هاتـووە. داود لەبـارەی چییـەوە پێشـبینی کـرد؟ بێگومـان لەبـارەی عیسـاوە. «ئەویـش کـە پێغەمبـەر بـوو، دەیزانـی خـودا سـوێندی بـۆ خـواردووە کـە لـە بـەری پشـتی ئـەو لەسـەر تەختەکـەی دادەنیشـێت. پێشـبینیی کـرد و باسـی هەسـتانەوەی مەسـیحەکەی کـرد» (کـرداری نێـردراوان ٢: ٢٩- ٣١؛ زەبـوورەکان ١٦).

### پاشا دەردەکات

وەکـو ئـادەم، یاخیبوونـی گەلـی خـودا ئاوارەبـوون و ڕاپێچبوونـی بـۆ ڕۆژهـەڵات لێکەوتـەوە کاتێـک کـە ئیسرائیـل و یەهـودا لـە خاکـی باشـی خـودا دەرکـران (پەیدابـوون ٣: ٢٤؛ دووەم پاشـایان ١٧: ١٨، ٢٣). لـە سـاڵی ٧٢٢ پ. ز شانشـینی باکـور ئـاوارەی ئاشـوور بـوون، وە شانشـینی باشـور لـە سـاڵی ٥٨٦ پ. ز. ئـاوارەی بابـل بـوون. وەکـو کاتـی عـەدەن، خـودا گەلەکـەی خـۆی لـە دەرەنجامەکانـی یاخیبوونێکـی لـەو شـێویە ئـاگادار کردبـووەوە. خـودا بەهـۆی بەزەیـی و پشـوودرێژییەکەیەوە پێغەمبـەر لـەدوای پێغەمبـەری لەنێـو گەلەکـەی بـەرز کـردەوە بـۆ ئـەوەی پەیامـی تۆبەکـردن بـۆ گەلـە یاخییەکـەی ڕابگەیەنـن (یەکـەم پاشـایان ١٤: ١٥). ئەلیـاس و ئەلیشـەع و زۆرێـک لـە پێغەمبەرانـی دیکـە دژی گەلـە نادڵسـۆز و بێباوەڕەکـەی خـودا وەسـتانەوە. بـەڵام

خەڵکی کەللەرەق بوون و ئاگادارییە بەردەوامەکانی خودایان پشتگوێ خست:

«یەزدانیش لە ڕێگەی هەموو پێغەمبەران و ڕاگەیەنەرانی پەیامی خودا ئیسرائیل و یەهودای ئاگادار کردەوە، فەرمووی: لە ڕێگا خراپەکانتان بگەڕێنەوە و فەرمان و فەرزەکانم بەجێبهێنن، بەگوێرەی تەواوی ئەو تەوراتەی کە باوباپیرانی ئێوەم پێی ڕاسپارد، ئەوەی لە ڕێگەی بەندە پێغەمبەرەکانمەوە بۆم ناردن. بەڵام گوێیان نەگرت و وەک باوباپیرانیان کەللەڕەقییان کرد، ئەوانەی بڕوایان بە یەزدانی پەروەردگاریان نەکرد. فەرزەکانی ئەویان ڕەتکردەوە، هەروەها ئەو پەیمانەی کە لەگەڵ باوباپیرانیان بەستبووی و ئەو ئاگادارکردنەوانەی کە پێیدان ڕەتیان کردەوە. دوای بتی پووچ کەوتن و پووچ بوون.» (دووەم پاشایان ١٧: ١٣- ١٥)

لە جێگەی پەرستنی خودای ڕاستەقینە، ئەوەیان پەرست کە پووچ بوو بۆیە خۆشیان پووچ بوون. لە جیاتی ئەوەی کە تەنها کڕنۆش بۆ خودا ببەن، بت و پەیکەریان بۆ خۆیان دروست کرد و تەنانەت منداڵەکانیان کردە قوربانی ئەو بت و پەیکەرانە.  هەر بۆیە پاشا گەلەکەی دەرکرد، بەو جۆرەی کە ئاگاداری کردبوونەوە (لێڤییەکان ٢٦: ٣٣؛ دواوتار ٢٨: ٦٣- ٦٦).

کاریگەریی حوکمدانی ڕاپێچکردن زۆر گەورە بوو: بێ پاشا، بێ خاک، بێ پەرستگا – تەنها فرمێسک و گریان.

«لەدەم ڕووبارەکانی بابل، لەوێ دانیشتین، هەروەها گریاین کە سییۆنمان بیر کەوتەوە. بە شۆڕەبییەکانی ناوەڕاستی قیسارەکانی خۆمان هەڵواسی، چونکە لەوێ ڕاپێچکەرانمان داوای گۆرانییان لێکردین، چەوسێنەرانمان داوایان کرد دڵخۆشیان بکەین: گۆرانییەکمان بۆ بڵێن لە گۆرانییەکانی سییۆن. چۆن گۆرانی یەزدان بڵێین لە خاکێکی بێگانە؟» (زەبوورەکان ١٣٧: ١- ٤)

ئاوارەبوونی گەلی خودا لە ئاشوور و بابل جارێکی دیکە پیرۆزیی خودا و دەرەنجامە کوشندەکانی یاخیبوون دژی ئەو دەردەخات.

وا دیاربوو کە ئومێد و خەونی گەلی کۆنی خودا کە لەژێر حوکمی پاشانەی خودا گەشەی بەخۆیەوە دەبینی، بەرەو کوژانەوە و نەمان دەچوو.

«ئێمە گوناهمان کرد و یاخی بووین، تۆش لێمان خۆش نەبوویت. خۆت بە توورەیی داپۆشی و ڕاوتناین، بەبێ بەزەیی ئێمەت کوشت. بە هەور خۆت داپۆشی بۆ ئەوەی نوێژەکانمان نەگاتە لات. ئێمەت کرد بە پاشەڕۆ و نەویستراو لەنێو گەلان. هەموو دوژمنانمان دەمیان لێمان کردەوە. ترس و تەڵە باڵی بەسەرماندا کێشا، لەناوچوون و وێرانی.» (شینەکانی یەرمیا ٣: ٤٢- ٤٧)

خودا دەریکردن. بەڵام هەموو بەیانییەک بەزەییەکانی نوێن، چونکە بەزەییەکی زۆر گەورەیە (شینەکانی یەرمیا ٣: ٢٣).

ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن

کارە مەزنەکانی ڕزگاری و حوکمدان لە مێژوودا زۆربەی کات ئاماژە بە کاری مەزنتری ڕزگاری و حوکمی خودا لە داهاتوودا دەکەن. لە ئاوارەبوونی ئادەم و حەوا لە دەرەوەی باخچەی عەدەن هەتا دەگاتە حوکمدانی خودا لەڕێگەی لافاوەکەی سەردەمی نوح، بەڕوونی دەبینین کە «کرێی گوناە مردنە» (ڕۆما ٦: ٢٣). ئەم ڕاستییە قورسە ون مەکە کاتێک لە کتێبە پێشبنییەکانی پەیمانی کۆن لەبارەی حوکمدانی خودا لە شێوەی ئاوارەیی و ڕاپێچکردن، فێرکردن و وتار پێشکەش دەکەیت.

پێغەمبەران وێرانبوونی ئۆرشەلیم و دەرکردنی گەلی ئیسرائیل بۆ بابل وەکو ترسی نیشتەجێبوون لە تاریکیی تەواو وەسف دەکەن (شینەکانی یەرمیا ٣: ١- ٢)، کە پێشبینی ترس و خۆفی فرەدانە نێو تاریکی هەتاهەتایی دۆزەخ دەکات کە شوێنی ئەوپەڕی تاریکییە و گریان و جیڕەیی ددانی لێیە (مەتا ٨: ١٢؛ ٢٢: ١٣؛ ٢٥: ٣٠).

هەروەها دڵنیابە لەوەی کە تیشک بخەیتە سەر بارودۆخی ئاوارەیی و ڕاپێچکردنی گەلی خودا. لەو کاتەوەی کە ئادەم و حەوا لە بەهەشت دەرکراون، گەلی خودا هەمیشە «دانیشتووی کاتیی»بوون (یەکەم پەترۆس ٢: ١١)، هەروەها نامۆ و بێگانە بوون (عیبرانییەکان ١١: ١٣) چونکە ئێمە هاوڵاتیی ئاسمانین (فیلیپی ٣: ٢٠). «لەبەر ئەوەی لێرەدا هیچ شارێکمان بۆ نامێنێتەوە، داوای ئەو شارە دەکەین کە لە داهاتوودا دێت» (عیبرانییەکان ١٣: ١٤).

## پاشا بەڵێن دەدات

تەنانەت لەنێو ترس و تۆقینی ئاوارەیی و ڕاپێچبووندا، خزمەتکارانی خودا، واتە پێغەمبەران ئومێدێکی تازەیان دەخستە نێو دڵی گەلی خودا. ڕاستیی ئازاربەخشی ئاوارەیی و ڕاپێچبوون تێکەڵ بە بەڵێنی گەڕانەوە لە ئاوارەیی بوو:

«لەبەر ئەوە لەم خاکە فڕێتان دەدەمە دەرەوە بۆ خاکێک کە نە ئێوە و نە باوباپیرانتان نەتانناسیوە. لەوێ بە شەو و ڕۆژ خوداکانی دیکە دەپەرستن، چونکە من لەگەڵتان میهرەبان نابم. هەروەها یەزدان دەفەرمووێت: لەبەر ئەوە سەردەمێک دێت، چیتر ناڵێن: "بە یەزدانی زیندوو، ئەوەی نەوەی ئیسرائیلی لە خاکی میسرەوە دەرهێنا، بەڵکو دەڵێن: "بە یەزدانی زیندوو، ئەوەی نەوەی ئیسرائیلی لە خاکی باکوورەوە دەرهێنا و هەروەها لە هەموو ئەو خاکانەی بۆ ئەوێ دەریکردن." چونکە دەیانگەڕێنمەوە بۆ خاکەکەیان، ئەوەی دام بە باوباپیرانیان.» (یەرمیا ١٦: ١٣- ١٥)

پێغەمبەران بەردەوام بەڵێنەکانی خودایان وەبیر ئیسرائیل دەهێنایەوە کە بە ئیبراهیم و داودی باپیرە گەورەیان دابوو. ئاماژەیان بە کارێکیش کرد کە یەزدان لە ڕۆژانی کۆتاییدا ئەنجامی دەدات. بەڵێنەکانی ڕابردوو و ئومێدەکانی ڕۆژانی دوایی پێشبینی داهاتوویەکی مەزن دەکەن. پێغەمبەران بە باوەڕەوە تەماشای کاری داهاتووی خودایان کرد (حەبەقوق ١: ٥؛ ٣: ٢)، وە ئەم هیوا و ئومێدە بووە هۆی دڵخۆشیی یەزدان.

«لەگەڵ ئەوەی دار هەنجیر گوڵ ناکات و دار مێوەکان هێشووە ترێیان نییە، لەگەڵ ئەوەی دار زەیتوون بەر ناگرێت و کێڵگەکان خواردن بەرهەم ناهێنن، لەگەڵ ئەوەی مەڕ لە پشتیر دەبڕدرێتەوە و مانگا لەسەر ئاخوڕ نییە، بەڵام من بە یەزدان دڵشاد دەبم، بە خودای ڕزگارکەرم دڵخۆش دەبم.» (حەبەقوق ٣: ١٧- ١٨)

ئەم ئومێدە لە سەرووی ناخۆشی و نەهامەتیی ئاوارەیی و ڕاپێچبوونەوە بوو، وە تیشکی دەخستە سەر هاتنی پاشایەکی دیکە لە داهاتوودا وەکو داود (حزقیێل ٣٤: ٢٣). خودا بەڵێنی دا کە بێت و شوانایەتی گەلەکەی بکات وە بەڵێنی دا کە داود دەبێتە شوانیان. هەروەها بەڵێنی ئەنجامدانی کارێکی مەزنی دا، ئەویش بریتی بوو لە دامەزراندنی پەیمانێکی نوێ. خودا بە یەرمیای پێغەمبەری فەرموو:

«ئەمە ئەو پەیمانەیە کە لەدوای ئەو ڕۆژانە لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیلدا دەیبەستم، فێرکردنەکەم دەخەمە ناو بیرکردنەوەیان و لەسەر دڵیان دەینووسم. من دەبم بە خودای ئەوان و ئەوانیش دەبن بە گەلی من. لەمەودوا کەس هاوڕێکەی خۆی یان براکەی خۆی فێرناکات و بڵێت: "یەزدان بناسە،" چونکە هەموویان دەمناسن، لە بچووکیانەوە هەتا گەورەیان، چونکە لە تاوانەکانیان خۆشدەبم، چیتر گوناهەکانیان بەبیری خۆم ناهێنمەوە ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.» (یەرمیا ٣١: ٣٣- ٣٤)

یەزدان لە شوێنی دیکە دەفەرموێت کە ئەم پەیمانە نوێیە دووبارە کۆکردنەوەی گەلەکەی لە ڕێگەی دەرچوونێکی دیکە (حزقیێل ٣٦: ٢٦- ٢٨؛ دواوتار ٣٠: ٣- ٤) و بەخشینی ڕۆحی پیرۆز بە ڕێگەیەکی تازە و نوێ لەخۆ دەگرێت، هەروەها هەموو گەلی خودا دەبنە خاوەنی دڵی نوێ بۆ متمانەکردن و گوێڕایەڵیی پاشاکەیان (یۆئێل ٢: ٢٨- ٢٩). تەنانەت پێغەمبەرەکان بەردەوام بوون لە پێدانی ئومێد و هیوای ئەوەی کە پاشای هەموو بەدیهێنان دەبێتە هۆی بنیاتنانی بەدیهێنانێکی نوێ، ئاسمان و زەوییەکی نوێی کە لەوێدا هەموو نەتەوەکان لەبەردەم یەزداندا کۆڕنۆش دەبەن (ئیشایا ٦٥: ١٧؛ ٦٦: ٢٢- ٢٣).

هاوکات ئەم هەمووە ئومێدە سەرسامکەرانە تێکەڵ بە هاتنی کەسێکی پڕ لە ڕاز و نهێنیی ببوو، کە ئەویش خزمەتکاری خودا بوو. ئەو لە نەوەی داودەوە دێت و بە ڕۆحی خودا دەستنیشان دەکرێت (ئیشایا ١١: ١- ٣). ئەم خزمەتکارە خەڵکی ئیسرائیل دەبێت و گەلی ئیسرائیل دەگەڕێنێتەوە بۆ لای خودا (ئیشایا ٤٩: ٥).

بەڵام ئەم خزمەتکارە گەلێک لە هەموو جیهان دروست دەکات. یەزدان بەم خزمەتکارەی فەرموو:

«ئەمە شتێکی کەمە بۆ تۆ کە بەندەی من بیت بۆ هەستانەوەی هۆزەکانی یاقوب و بۆ گەڕانەوەی ئەوانەی کە لە ئیسرائیل ئەوانم پاراست، بەڵکو دەتکەمە ڕووناکی بۆ نەتەوەکان تاکو ڕزگاریم بەوپەڕی زەوی بگەیەنیت.» (ئیشایا ٤٩: ٦؛ کرداری نێردراوان ١٣: ٤٧)

پلانی پاشا بۆ بەرەکەتدارکردنی جیهان و بەجێهێنانی ئەو بەڵێنەی کە بە ئیبراهیمی دا، پەیوەست بوو بەم کەسەوە کە لە داهاتوودا لە داودەوە دێت.

پێغەمبەرەکان تامەزرۆی هاتنی خۆی و شانشینە هەتاهەتاییەکەی بوون (ئیشایا ٩: ٦- ٧). کاتێک کە ئەم پاشایە لە کۆتاییدا دێت، ڕزگاریی بۆ گەلەکەی دەهێنێت.

«هەر چوار لای زەویش ڕزگاریی خودای ئێمە دەبینن.» (ئیشایا ٥٢: ١٠)

بەڵام چۆن ئەم کەسە مەزنە، ئەم پاشا پڕ لە ڕاز و نهێنییەی کە لە داهاتوودا لە نەوەی داوده دێت، گەلەکەی لە دەست گوناە ڕزگار دەکات؟ مایەی سەرسامییە کە پێغەمبەران دەڵێن کە پاشاکە وێران دەبێت و دەکوژرێت - نەک بەهۆی خراپەکارییەکانی خۆیەوە ، بەڵکو بە هۆی خراپە و گوناهی گەلەکەیەوە. گوێ لەم وشانەی ئیشایا بگرە:

«بەڵام ئەو لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو، لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا. ئەو لە پێناوی ئاشتبوونەوەی ئێمە سزای چێژت، بە برینەکانی ئەو چاک بووینەوە.» (ئیشایا ٥٣: ٥)

جێگەی سەرسوڕمان نییە کە دوای چەندین سەدە، پەترۆسی نێردراو لەبارەی ئەو پێغەمبەرانەوە دەڵێت کە ڕۆحی پیرۆز کە لە ناخیاندا بوو ئاگاداری دەکردنەوە سەبارەت بە «ئازارەکانی مەسیح و ئەو شکۆداربوونەی لەدوای ئازارەکانەوە دێت» (یەکەم پەترۆس ١: ١٠- ١٢). ئەم بەڵێنە شکۆدارانە کە پێغەمبەران نوسیویانە، چاوەڕوانی زۆر گەورەی لێ دەکرێت.

بەڵام ئەو ئومێدە بەرەو نەمان دەچوو کاتێک کە گەلی ئیسرائیل لە کۆتاییدا لە ئاوارەیی و ڕاپێچکراوی گەڕانەوە. بڕوانە سیپارەی (عەزرا و نەحەمیا). لە ڕاستیدا بۆ سەدان ساڵ، ئەم ئومێد و هیوایانەی کە پێغەمبەران دەیاندا لەوە دەچوو کە وەستابێتن و چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بکەن کە هەموو بەڵێنەکانی پاشا لە کۆتاییدا دێنە دی.

**ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن**

کاتێک کە وتار و فێرکردن سەبارەت بە پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن پێشکەش دەکەیت، پەیامی ئەو سیپارانە ڕابگەیەنە کە لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە نووسراون،

نـەک تیشـک بخەیتە سـەر پێغەمبـەرەکان خۆیان.[8] سـیپارەی ئیشـایا تەنها باسـی پێغەمبەر ئیشـایا نـاکات، هەروەهـا سـیپارەی دانیـال تەنهـا باسـی پێغەمبـەر دانیـال نـاکات. کەواتـە کاتێـک سـیپارەی پێغەمبەرانـی پەیمانـی کـۆن دەخوێنیتـەوە، ئـەم پرسـیارە لـە خـۆت بکە: پەیامـی گشـتی ئـەم سـیپارەیە چییـە؟ کاتێـک لـە پەیامـی سـەرەکی سـیپارەکە تێگەیشـتی، دەتوانیـت لـە سەرتاسـەری کانۆنـی کتێبـی پیـرۆزدا دەسـت بکەیـت بـە گـەڕان بـەدوای پەیوەندییەکانـدا (مەتـا ٥: ١٧؛ لۆقـا ٢٤: ٢٥، ٢٧، ٤٤).

کتێبـی پێغەمبەرانـی پەیمانـی کـۆن بـۆ ئـەوە لەنێـو کتێبـی پیـرۆزدا نییـە کـە سـەرنجمان بـەلای ئـەو وانـە ڕەوشـتییانەدا ڕابکێشـێت کـە دەتوانیـن لـە ژیانـی چەندیـن کەسـەوە وەریانبگریـن، بەڵکو لـە جێگـەی تیشـک خسـتنە سـەر ئـەم بابەتـە، یارمەتـی بەشـداربووان بـدە کـە تیشـک بخەنـە سـەر ئـەو شـتەی کـە خـودی ئـەو کەسـانە تیشـکیان خسـتبووە سـەر، کـە ئەویـش ڕزگاریـی مەزنیـی خـودا لـە ڕێگـەی مەسـیح بـوو.

«چونکـە ئامانجـی باوەڕتـان بەدەسـتدەهێنن، واتـە ڕزگاری دەروونتـان. ئـەو پێغەمبەرانـەی کـە پێشـبینییان کـرد لەسـەر ئـەو نیعمەتـەی کـە خـودا بـۆ ئێـوەی ئامـادە کردبـوو، بـە وردی لێکۆڵینەوەیـان لـە بابەتـی ئـەو ڕزگاربوونـە کـرد و بەدوایـدا گـەڕان، ڕۆحـی مەسـیح کـە تێیاندابـوو، ئـاگاداری دەکردنـەوە سـەبارەت بـە ئازارەکانـی مەسـیح و ئـەو شـکۆداربوونەی لـەدوای ئازارەکانـەوە دێـت، هەوڵیـان دەدا کـە بزانـن ڕۆحـی پیـرۆز ئامـاژە بـە چـی دەکات لەبـارەی کاتـی ڕوودانەکـەی یـان بارودۆخـی جیهـان لـە کاتـی ڕوودانەکـەی. بۆیـان ئاشـکرا کـرا کـە پەیامەکـە بـۆ خۆیـان نەبـوو، بەڵکـو بـۆ ئێـوە بـوو، واتـە ڕووداوەکان لـە سـەردەمی ئێـوە ڕوودەدەن. ئێسـتا پێتـان ڕاگەیەنـرا بەهـۆی ئەوانـەی مزگێنییـان پـێ بەخشـین بـە یارمەتـی ڕۆحـی پیـرۆز، کـە لـە ئاسـمانەوە نێـردراوە. ئەمانـە ئـەو ڕووداوانـەن کـە فریشـتەکانیش بـە پەرۆشـن لێیـان ورد ببنـەوە.» (یەکـەم پەتـرۆس ١: ٩- ١٢)

---

٨ John Sailhamer, “Preaching from the Prophets,” in Preaching the Old Testament, ed. Scott M. Gibson (Grand Rapids, MI: Baker, 2006), 115 - 36

# وەرزی چوارەم

# چیرۆکی گەورەی کتێبی پیرۆز چییە؟

# بەشی دووەم

## پاشا دێت

وە لە کۆتاییدا ئەو پاشایە هات کە ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕێیان دەکرد.

پاشـای پاشـایان خـودی خـۆی هـات بۆ ئـەوەی گەلەکـەی ڕزگار بـکات تاکو ستایشـی بکـەن و یاخیبـووان بکڕێتـەوە کـە ڕێگـەی ڕاسـتیان لـێ ون ببـوو. دوای چەندیـن سـاڵ تاریکـی، لـە ئاکامـدا ڕووناکـی جیهـان و ڕووناکـی ڕاسـتەقینە هـات بـۆ ئـەم جیهانـە (یۆحەنـا ١: ٩). دوای وەرزێکـی درێـژ لـە بێدەنگـی، وشـە هەتاهەتاییەکـە، کـە لەگـەڵ خـودا بـوو و خـودی خـودا بـوو، بـوو بـە مـرۆڤ و لەنێوانمانـدا نیشـتەجێ بـوو بـۆ ئـەوەی باوکـی ئاسـمانیمان پـێ بناسـێنێت (یۆحەنـا ١: ١٤، ١٨). ڕێـک بـەو جـۆرەی کـە خـودا بەڵێنـی دابـوو، پاشـاکە بەدڵنیاییـەوە نـەوەی داود و ئیبراهیـم بـوو (مەتـا ١: ١). لەگـەڵ ئەوەشـدا، پاشـاکە بـە جەسـتە خودایـە و پێـی دەگوترێـت خـودا لەگەڵمانـە، وەکـو چـۆن پێغەمبـەران پێشـبینییان کـرد:

«ئەمانـە هەمـووی ڕوویـدا تاکـو ئـەوەی یـەزدان لـە ڕێگـەی پێغەمبەرەکـە فەرموویەتـی بێتـە دی: ئەوەتـا پاکیزەیـەک سـکی دەبێـت و کوڕێکـی دەبێـت، نـاوی لـێ دەنێـن ئیمانوێـل، کـە بـە واتـای خـودا لەگەڵمانـە دێـت.» (مەتـا ١: ٢٢- ٢٣)

کـوڕی ئەزەلیـی خـودا بـوو بـە منداڵێکـی سـاوا. کـوڕی هەتاهەتایـی خـودا بـووە مـرۆڤ. وە بـەم مرۆڤـە کـە پاشـایە دەگوترێـت عیسـا «چونکـە گەلەکـەی لـە گوناهەکانیـان ڕزگار دەکات» (مەتـا ١: ٢١). عیسـا کـە وشـەی هەتاهەتایـی خودایـە جەسـتەی پۆشـی، واتـە خـودی پـەروەردگار هـات بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ گەلەکـەی بێـت و ئـەو ئەرکـە جێبەجـێ بـکات کـە باوکـی پێـی سـپاردبوو. عیسـا کـوڕی خۆشەویسـتی

خودایـه، ئـەوەی کـە بـاوک دڵشـادە پێـی (لۆقـا ٣: ٢٢). بەپێچەوانـەوەی ئـادەم و ئیسرائیلـەوە، عیسـا هەمیشـە دەژی بـۆ ئـەوەی باوکـی دڵخـۆش و شـکۆدار بـکات. دوای ئـەوەی کـە عیسـا لـە ئـاو هەڵکێـشرا و ڕۆحـی پیـرۆزی وەرگـرت، کـوڕی خـودا بـرا بـۆ چۆڵەوانـی تاکـو دژی شـەیتان بجەنگێـت، کـە دوژمنـی سـەرەکی خـودا و گەلەکەیەتـی (لۆقـا ٤: ١- ٢).

شـەیتان، واتـە مارەکـە، هەوڵـی دا هـەر لـە سـەرەتاوە کار و خزمەتەکـەی عیسـا ڕابگرێـت. بـەڵام لـەو شـوێنەی کـە ئـادەم و ئیبراهیـم و موسـا و داود و سـلێمان و ئیسرائیـل شکسـتیان خـوارد، عیسـا لـە ڕێگـەی متمانەکـردن بـە وشـەی ڕاسـت و دروسـتی خـودا سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـا. عیسـا بـە هەمووانـی نیشـان دا کـە ئـەو کـوڕی ڕاستەقینە و وەفـاداری خودایـە (لۆقـا ٤: ١- ١٣). عیسـا دوای ئـەو سـەرکەوتنەی کـە لـە چۆڵەوانـی بەدەسـتی هێنابـوو، دەسـتی کـرد بـە ڕاگەیاندنـی مزگێنـی خـودا و دەیفەرمـوو: «کاتەکـە هاتووەتـە دی و پاشـایەتی خـودا نزیـک بووەتـەوە. تۆبـە بکـەن، بـاوەڕ بـەم مزگێنییـە بهێنـن» (مەرقـۆس ١: ١٥). شـوێنکەوتووەکانی کـۆ دەکـردەوە و باسـی شانشـینی خـودای بـۆ دەکـردن (مەتـا ١٣). بـە درێژایـی کار و خزمەتەکـەی عیسـا، حوکـم و فەرمانڕەواییکردنـی خـودا زۆر بەهێـزەوە نیشـان درا.

عیسـا وەکـو پێغەمبەرێـک کـە لـە موسـا دەچـوو، چەندیـن جـۆر نیشـانە و پەرجـووی لەنێـو ئیسرائیلـدا ئەنجـام دا و هێـزە مەزنەکـەی خـودای بـە هەمـووان نیشـان دا (دواوتـار ١٨: ١٥؛ ٣٤: ١٠- ١٢). عیسـا نەخۆشـی چـاک کـردەوە، هـەزاران کەسـی بـە نانـی ئاسـمانی تێـر کـرد و تەنانـەت مـردووی زینـدوو کـردەوە. وە لەگـەڵ ئەوەشـدا، عیسـا ئـەو جـۆرە پاشـایە نەبـوو کـە جیهـان چاوەڕێیـان دەکـرد. ئـەو شانشـینەی کـە عیسـا ڕایگەیانـد، بـە شـێواز و ڕێگـەی دنیایـی بنیـات نانرێـت و دانامەزرێـت. عیسـا فەرمـووی: «پاشـایەتی مـن لـەم جیهانـە نییـە. ئەگـەر پاشـایەتی مـن لـەم جیهانـە بووایە، خزمەتکارانـم دەجەنـگان تاکـو نەدرێمـە دەسـت ڕابەرانـی جولەکـە» (یۆحەنـا ١٨: ٣٦).

**ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن**

سـیپارەی مـژدە و مزگێنییـەکان (مەتـا، مەرقـۆس، لۆقـا، یۆحەنـا) تیشـک دەخەنـە سـەر عیسـا، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەکرێـت بـە ئاسـانی چاومـان لەسـەر ئـەو

نەمێنێت و لە وتار و فێرکردنەکانماندا باسی شتێک بکەین کە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر دەربارەی ئینجیلی مەتا وتار بدەیت و بگەیتە (مەتا ٨: ٢٣- ٩: ٨)، ئەوا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دەقەدا دەکەیت؟ لێرەدا سێ وەسفی ئەنجامدانی چەند پەرجوویێکمان لە لایەن عیساوە هەیە، وە چەندین بابەتی لەڕێلادەر و لاوەکیمان هەیە، چونکە ئەو سێ ڕووداوەی کە لەم بەشەی کتێبی پیرۆزدا تۆمار کراوە، بەڕاستی سەرسوڕهێنەرن: ئارامکردنەوەی ڕەشەبا (٨: ٢٣- ٢٧)، چاککردنەوەی پیاوێک کە ڕۆحی پیسی تێدا بوو (٨: ٢٨- ٣٤) و چاککردنەو و بەخشینی ئیفلیجێکی گوناهبار (٩: ١- ٨). مەبەستی سەرەکی ئەم دەقانە چین؟ ئەوەیە کە عیسا خاوەن هێز و دەسەڵاتە! ئەو دەسەڵاتی بەسەر تەواوی بەدیهێنان و ڕۆحە پیسەکان و گوناه و نەخۆشیدا هەیە. کاتێک کە وتار و فێرکردن لەسەر ئینجیلەکان پێشکەش دەکەیت، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، تیشک بخەرە سەر عیسا.

ئەوەی کە زیاتر جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە عیسا تەنانەت ئەو جۆرە پاشایە نەبوو کە گەلەکەی چاوەڕێیان دەکرد: «ئەو بۆ لای گەلەکەی هات، بەڵام ئەوان پێشوازییان لێ نەکرد» (یۆحەنا ١: ١٠- ١١). تەنانەت قوتابییەکانی عیساش لە سەرەتادا سەریان لێشێوابوو و پرسیاریان هەبوو لەبارەی سروشتی ئەرک و خزمەتی عیسا و ئەوەی کە دەیویست جێبەجێی بکات. عیسا بەردەوام بە قوتابییەکانی دەفەرموو کە لە جێگەی ئەوەی قبوڵی بکەن و پێشوازی لێ بکەن، ڕەت دەکرێتەوە. لە جێگەی ئەوەی کە شکۆداری بکەن و ڕێزی بگرن، یەکەم جار ناپاکی بەرامبەر دەکرێت و تەنانەت وەکو تاوانبارێک لەسەر خاچی ڕۆمانی گیانی دەسپێرێت.

ئەو پاشایەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی هاتنی دەکرا، دەبوا لە خاچ بدرابا.

## پاشا ئازار دەچێژێت و ڕزگار دەکات

پلانی سەرکەوتنی عیسای پاشا ڕاستەوخۆ بەرەو خاچی برد. وەکو چۆن یەزدان لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانیانەوە بەڵێنی دابوو، خزمەتکاری خودا لە ڕێگەی

چەشتنی سزا لە شوێنی یاخییەکان خەڵکی ڕزگار دەکات. هەروەها وەکو چۆن لە (پەیدابوون ٣: ١٥)شدا بەڵێنی دا، نەوەی حەوا ڕۆژێک سەری مارەکە پان دەکاتەوە، بەڵام پاژنەی پێی شین دەبێتەوە. عیسا لەسەر خاچ نەفرەتی زۆر ناخۆشی گوناهی گرتە خۆ و لە جێگەی گوناهباران لە خاچ درا. عیسا لەسەر خاچ بە دەنگی بەرز فەرمووی: «خوای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام؟» (مەتا ٢٧: ٤٦). عیسا لەسەر خاچ خوێنی خۆی وەکو قوربانی بۆ گوناهباران ڕشت و پەیمانی نوێی دامەزراند کە بەڵێنی درابوو (لۆقا ٢٢: ٢٠). لەسەر خاچ، خوێنی پاشا «لە پێناوی خەڵکێکی زۆر بۆ گوناه بەخشین ڕژا» (مەتا ٢٦: ٢٨).

عیسا ژیانی خۆی لەپێناو کڕینەوەی خەڵکێکی زۆر دانا (مەرقۆس ١٠: ٤٥) وە «ئەوەی بە سروشتی خۆی خودایە، نەیویست یەکسانییەکەی لەگەڵ خودا بۆ خۆی بقۆزێتەوە، بەڵکو خۆی کردە هیچ، شێوەی بەندەی وەرگرت، وەک مرۆڤی لێهات، کە بە ڕوخساری مرۆڤ بینرا، خۆی نزم کردەوە و تاکو مردن ملکەچ بوو، تەنانەت مردنی سەر خاچ« (فیلیپی ٢: ٦- ٨).

عیسا بوو بە جێگرەوەی کامڵ و تەواو، لەگەڵ جێگرەوەیەکی سزا کە گەلەکەی بێ ئەندازە پێویستیان پێ بوو.

هەموو ئەوەی سیستەمی قوربانی ئاماژەی پێدەکرد لە «بەرخی خودادا هاتە دی، کە گوناهی جیهان لادەبات» (یۆحەنا ١: ٢٩). وەکو چۆن پۆڵس بۆ کڵێسای کۆرنسۆس دەنووسێت: «بەڵێنەکانی خودا هەرچییەک بن، بە یەکبوون لەگەڵ مەسیح دەبن بە «بەڵێ». بۆیە بەهۆی ئەوەوە دەڵێین «ئامین» بۆ شکۆمەندی خودا. « (دووەم کۆرنسۆس ١: ٢٠). نووسەرانی ئینجیلی پیرۆز ڕوونیان کردووەتەوە کە عیسا بەرخی بێ لەکەی قوربانییە، کە لە پێناوی سڕینەوەی گوناهی گەلەکەی و ڕزگارکردنیان لە حوکمدان بە ئەنجامدانی دەرچوونێکی نوێ و باشتر سەربڕدرا (لۆقا ٩: ٣١؛ یۆحەنا ١٩: ٣٦).

هیچ شتێک، تەنانەت مەرگیش ناتوانێت ببێتە ڕێگر لەبەردەم ڕزگارکردنی گەلی خودا لەلایەن عیساوە. خۆشەویستی عیسا سەلماندی کە لە مردن بەهێزترە و لە دۆزەخ قووڵترە.

دوای تێپەڕبوونــی ســێ ڕۆژ بەســەر مردنەکەیــدا، زینــدوو بــووەوە. یەکــەم ســەردانکەرانی گۆڕەکــەی کــە ئێســتا بەتاڵــە، ڕووبــەڕووی فریشــتەکان بوونــەوە کــە ئــەم هەواڵــە سەرسامکەرەیان ڕاگەیانـد: «مەترسـن، چونکـە دەزانـم بـە شـوێن عیسـای لەخاچـدراودا دەگەڕێـن. ئـەو لێـرە نییـە، هـەروەک خـۆی فەرمـووی، هەسـتاوەتەوە. وەرن سـەیری ئـەو شـوێنە بکـەن کـە لێـی درێژکرابـوو. خێـرا بـڕۆن و بـە قوتابییەکانـی بڵێـن: ئـەو لەنێـو مردووانـدا هەسـتاوەتەوە، پێـش ئێـوە دەچێتـە جەلیـل، لـەوێ دەیبینـن. ئەوەتـا پێـم گوتـن» (مەتـا ٢٨: ٥- ٧).

عیسـای پاشـا بـە هەسـتانەوەی لەنێـو مـردووان دەسـتی کـرد بـە ئیشـکردن لەسـەر بەدیهێنانێکـی نـوێ، کارێـک کـە لـە پەیمانـی کۆنـدا بەڵێنـی درابـوو. لـە ڕێگـەی هەسـتانەوەی مەسـیحەوە، ئـەم ڕاسـتییەی ڕۆژانـی کۆتایـی، سـەردەمی هاوچەرخـی داگیـر کـرد. تەنانـەت نەفرەتـی گونـاه و هێـزی مـردن نەیانتوانـی پاشـای پاشـایان لـە گـۆڕ بهێڵنـەوە. هەسـتانەوەی عیسـا نیشـانی دا کـە ڕێـک ئەوەیـە کـە خـۆی بەدرێژایـی ئـەرک و خزمەتـە زمینییەکـەی فەرمووبـووی.

ئێسـتا دوای تێپەڕبوونـی زیاتـر لـە دوو هـەزار سـاڵ، عیسـای پـەروەردگار داوا لـە هەمـوو یاخیبـووان دەکات کـە واز لـە گوناهەکانیـان بهێنـن و بـاوەڕ و متمانـە بـەو بکـەن. ئـەو کاردانـەوە و وەڵامـەی کـە عیسـا داوا دەکات جیهـان هەیبێـت ئەوەیـە کـە بـاوەڕی پـێ بهێنـن یـان حوکـم بدرێـن (یۆحەنـا ٣: ١٦- ١٨). پاشـای زیندووبـووەوە بەڵێنـی دا کـە هەمـوو ئەوانـە ڕزگار بـکات کـە بـاوەڕی پـێ دەهێنـن، جـا ئیـدی جولەکـە بـن یـان ناجولەکـە.

**ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن**

نزیکـەی یـەک لەسـەر سـێی ئینجیلـەکان تیشـکیان خسـتووە سـەر کۆتـا حەفتـەی ژیانـی عیسـا، ئـەو حەفتەیـەی کـە لەخاچـدان و هەسـتانەوەکەی بـەدواوە دێـت. دوو لەسـە سـێیەکەی دیکـەی ئامادەمـان دەکـەن کـە لـەو کەسـە تێبگەیـن کـە دەڕوات بـۆ ئۆرشـەلیم و دەدرێتـە دەسـت کاهینانـی بـاڵا و مامۆسـتایانی تـەورات، بڕیـاری مردنـی دەدەن، دەیدەنـە دەسـت ناجولەکـەکان، گاڵتـەی پـێ دەکـەن و تفـی لێدەکـەن و بـە قامچـی لێـی دەدەن و لەخاچـی دەدەن (مەرقـۆس ١٠: ٣٣- ٣٤).

وە عیسا کە دەسەڵاتی تەواوی هەبوو، بەوپەڕی بێفیزییەوە دەڕواتە سەر خاچ و لەپێناو کڕینەوەی گەلێکی یاخیدا دەمرێت کە دەسەڵاتەکەیان ڕەت کردووەتەوە (مەتا ٢٠: ٢٥- ٢٨). وە هەمان عیسا کە لە ڕۆژی سێیەمدا لە مردن هەستایەوە و «هەموو دەسەڵاتێکی لە ئاسمان و زەویدا هەبوو»، شایانی هەموو پەرستن و ستایشێکی ئێمەیە (مەتا ٢٨: ١٧- ١٨). لەڕاستیدا داوا دەکات و شایانی ئەوەشە کە هەموو جیهان بیپەرستن (مەتا ٢٨: ١٨- ٢٠). بەدڵنیاییەوە هەموو وتار و فێرکردنەکانمان کە لە ئینجیلەکانەوە سەرچاوە دەگرن، دەبێت تیشک بخاتە سەر عیسا!

## پاشا دەنێریت

عیسا لە ڕێگەی زیندووبوونەوەی لە مردن، بە ئاسمان و زەوی نیشان دا کە ئەو پاشای هەرەبەتوانایە کە تەنانەت مردنیش ناتوانێت ڕایبگرێت. عیسای زیندووبووەوە بە قوتابییەکانی فەرموو:

«هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن، فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون. دڵنیابن من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان. (مەتا ٢٨: ١٨- ٢٠)

عیسا داوا لە قوتابییەکانی دەکات کە بڕۆن و خەڵکی بکەنە قوتابی. شوێنکەوتنی پاشا، واتە یارمەتیدانی کەسانی دیکە بۆ ئەوەی ئەوانیش شوێن پاشا بکەون. هەر بۆیە عیسا قوتابییەکانی ڕادەسپێرێت کە بڕۆن و هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی. ئەم کوڕەی داود (عیسا) دەیەوێت هەموو نەتەوەکان بەڕێوە ببات، وە کوڕی ئیبراهیم (عیسا) دەیەوێت لە ڕێگەی مزگێنییەکەیەوە هەموو نەتەوەکان بەرەکەتدار بکات.

جێبەجێکردنی ئەرکە قورسەکەی مەسیح بەدڵنیاییەوە بە تاک و تەنها کارێکی مەحاڵە. بۆیە عیسای پاشا دەسەڵاتە مەزنەکەی و ئامادەبوونی هەتاهەتایی خۆی وەبیر شوێنکەوتووانی هێنایەوە، کە دڵنەوایی و ئاسوودەیی بەدواوە دەبێت. عیسا

قوتابییەکانی بەجێهێشت، بۆ ئەوەی بتوانێت بۆ هەتاهەتایە لەگەڵیان بمێنێتەوە. عیسا قوتابییەکانی «بۆ گوندی بێتعەنیا بردە دەرەوە، دەستی بەرز کردەوە و بەرەکەتداری کردن. کاتێک بەرەکەتداری دەکردن، لێیان جیا بووەوە و بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان» (لۆقا ٢٤: ٥٠- ٥١).

عیسا پێشوەخت ڕوونی کردبووەوە کە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئاسمان بۆ ئەوەی ئەو کەسە بنێرێت کە هێزیان پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی شوێن عیسا بکەون و لە سەرتاسەری جیهاندا شایەتی بۆ بدەن. هەروەها بە ڕوونی ئاماژەی بەوەش کرد کە دەبێت کڵێسا بەجێبهێڵێت کە دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو کە هەرشتێک لەسەر زەوی بکەنەوە یان دایبخەن لە ئاسمانیش بە هەمان شێوە بکرێتەوە یان دابخرێت (مەتا ١٦: ١٩؛ ١٨: ١٨). عیسا پلان و بەرنامەی دانا کە لەدوای خۆی باڵیۆز و نوێنەر بۆ دەسەڵات و حوکمڕانییە باڵادەستەکەی بەجێبهێڵێت.

پێش ئەوەی کە عیسا بەرز بکرێتەوە بۆ ئاسمان، بە قوتابییەکانی فەرموو: «کاتێک ڕۆحی پیرۆزتان دێتە سەر، هێز وەردەگرن و بۆ من دەبنە شایەت، لە ئۆرشەلیم و هەموو یەهودیا و سامیرە، تاکو ئەوپەڕی زەوی» (کرداری نێردراوان ١: ٨). بەپێی عیسا، هاتنی ڕۆحی پیرۆز سەرزەنشتکردنی جیهانی بەدواوە دەبێت (یۆحەنا ١٦: ٧- ١١).

ئەوە بوو عیسا بەرز کرایەوە بۆ ئاسمان و لەگەڵ خودای باوک ڕۆحی پیرۆزی بەڵێندراویان لە کاتی جەژنی پەنجایەمیندا (جەژنی پەسخە) بەسەر کڵێسادا باراندا (کرداری نێردراوان ٢: ١- ٤١). وە بەو جۆرەی کە بەڵێنی دا، دەبینین کە ڕۆحی خودا بوێری لە باوەڕدارانددا دروست دەکات تاکو بتوانن پەیامی ئینجیل ڕابگەیەنن، وە ڕۆحی خودا گوناهباران سەرزەنشت دەکات بۆ ئەوەی تۆبە بکەن و باوەڕ بهێنن.

ئەم نموونەیە باسەکەمان بۆ ڕوونتر دەکاتەوە: پەترۆس کە ڕۆژگارێک دەترسا و شەوی دەستگیرکردنی عیسا، ترسنۆکانە سێ جار نکۆڵی لە ناسینی کرد، پڕ بوو لە ڕۆحی پیرۆز و ڕایگەیاند کە عیسا بەپێی بەرنامە و پلانی خودا گیانی سپارد، وە بە دەسەڵاتەوە زیندوو بووەوە و ئیستا لە ئاسمانە. پەترۆس بەردەوام بوو

لـەو قسـانە و گوتـی: «بـا هەمـوو ماڵـی ئیسرائیـل بـە دڵنیایـی بزانـن، ئـەم عیسـایەی ئێـوە لـە خاچتـان دا، خـودا کـردی بـە مەسـیحی خـاوەن شـکۆ» (کـرداری نێـردراوان ٢: ٢٢- ٢٤، ٣٣- ٣٦).

پەیامـی پەتـرۆس لـە جەژنـی پەنجایەمینـدا ڕوون و ئاشـکرا بـوو: عیسـا مـرد و زینـدوو بـووەوە، وە تەنهـا ئـەو پاشـای هەسـتاوە و دەسـەڵاتدارە. تەنهـا عیسـا بـەرز کرایـەوە و لـە دەستەڕاسـتی پڕتوانـای بـاوک دانیشـت. لـەو کاتـەدا سێ هـەزار کەسـی یاخـی باوەڕیـان بـە عیسـای پاشـا هێنـا (کـرداری نێـردراوان ٢: ٤١). ئـەوان ڕاسـتییان وەرگـرت و لەئـاو هەڵکێـشران، ڕێـک بـەو جـۆرەی کـە عیسـا فەرمانـی کردبـوو.

ئـەوەی کـە لـەو ڕۆژەدا لـە ئۆرشـەلیم سـەریهەڵدا، لـە کۆتاییـدا نـە تەنهـا لەنێـو جولەکەکانـدا بـڵاو بـووەوە، بەڵکـو لەنێـو ناجولەکەکانیشـدا بـڵاو بـووەوە. پـلان و بەرنامـەی خـودا بـۆ بەرەکەتدراکردنـی جیهـان لـە ڕێگـەی نـەوەی ئیبراهیمـەوە، هاتـە دی. کڵێسـای خۆجێـی و ناوخۆیـی دامـەزرا و ئـەو کڵێسـایانەش کڵێسـای دیکەیـان دامەزرانـد. ئـەم کڵێسـایانە ڕووبـەڕووی کێشـە و گرفتێکـی زۆر بوونـەوە، بـەڵام لەگـەڵ هەبوونـی چەوسـانەوە و کێشـەی ناخۆیـی و دەرەکـی، هیـچ شـتێک نەیتوانـی پێـش بە شـەپۆلی مزگێنیـدان بگرێـت.

دەسـەڵات و نیعمەتـی خـودا بەهێـزەوە دەرکـەوت کاتێـک کـە عیسـای زیندووبووەوە، شـاولی بانـگ کـرد، ئـەو پیـاوەی کـە «هەڕەشـەی لـە قوتابییەکانـی عیسـای خـاوەن شـکۆ دەکـرد و هەوڵـی کوشـتنی دەدان»، بـۆ ئـەوەی ببێتـە ئامێرێکـی هەڵبژێـردراو بـۆ هەڵگرتنـی نـاوی عیسـا لەبـەردەم ناجولەکـەکان و پاشـایان و نـەوەی ئیسرائیـل (کـرداری نێـردراوان ٩: ١، ١٥). عیسـا چەوسـێنەرەوەیەکی کڵێسـاکەی هەڵبـژارد بـە نیعمەتـی خـودا کـردی بـە نێردراوێـک کـە لـە زۆربـەی شانشـینی ڕۆمانیـدا شـایەتی بـۆ عیسـای پاشـا دەدات.

کەواتـە، لـە ڕێگـەی شـایەتی و کاری نێـردراوان، بـە سـەرۆکایەتی پەتـرۆس و پۆڵـس (کـە پێشـتر نـاوی شـاول بـوو)، بـە هـاوکاری لەگـەڵ هـەزاران بـاوەڕدرای نەنـاسراودا، مزگێنـی مەسـیح بـە دەسـەڵاتەوە پـەرەی سـەند و کڵێسـا گەشـەیەکی بەرچـاوی بـە خۆیـەوە بینـی. «کڵێسـاش لـە هەمـوو یەهودیـا و جەلیـل و سـامیرەدا لـە ئارامیـدا

## پاشا فەرمانڕەوایی دەکات

لـە پەیمانـی کۆنـدا دەبینیـن کـە پێغەمبـەران داوا لـە گەلـی خـودا دەکەن کـە متمانە بـە پـەروەردگار بکـەن و بـە خۆشەویسـتی و گوێڕایەڵییـەوە دڵسـۆزانە لەژێـر دەسـەڵات و فەرمانڕەوایـی پـەروەردگاردا بژیـن. بـە هەمـان شـێوە، نامەکانـی پەیمانـی نـوێ ئـەوە ڕوون و جێبەجـێ دەکـەن کـە ژیانـی لەژێـر دەسـەڵات و حوکمڕانـی عیسـای پاشـای هەسـتاوە و شـکۆدار وەکـو گەلـی خـودا چۆنـە.

بـەم شـێوەیە، هەمـوو نـووسراوە پیـرۆزەکان دەتوانـن دانایـی و ژیـری بـە بـاوەڕداران ببەخشـن کـە لـە ڕێگـەی بـاوەڕ بـە عیسـای مەسـیح ڕزگارییـان بـۆ دەسـتەبەر دەکات. پۆڵـس دڵێـت: «هەمـوو نـووسراوە پیـرۆزەکان لـە سروشـی خـودان، سوودبەخشـن بـۆ فێرکـردن و سەرزەنشـت و ڕاسـتەڕێکردن و لێڕاهێنـان لـە ڕاستودروسـتی، تاکـو پیـاوی خـودا تـەواو ئامـادە بێـت بـۆ هەمـوو کارێکـی بـاش» (دووەم تیمۆسـاوس ٣: ١٦- ١٧).

هەمـوو نووسـەرانی نامەکانـی پەیمانـی نـوێ، شـێوازێکی دیاریکراویـان پەیـڕەو کـردووە. هەموویـان تیشـکیان خسـتووە سـەر عیسـای پاشـا و ناسـنامەکەیان ئاشـکرا کـردووە، وە ئـەوەی کـە بـە دڵفراوانییـەوە چ شـتێکی بـۆ گوناهبـارە ناشایسـتەکان کـردووە. لـە کۆتاییشـدا داوا لـە خوێنەرەکانیـان دەکـەن کـە بـە متمانـە و گوێڕایەڵییەوە لەپێنـاو شـکۆدارکردنی ئـەودا شـوێنی بکـەون.

پۆڵـس لـە نامەکەیـەدا بـۆ کۆلۆسـی، یەکـەم جـار دێتـە سـەر وەسـفی مەزنـی و گەورەیـی عیسـای پـەروەردگار، ئـەوەی کـە دەسـەڵاتی بەسـەر هەمـوو بەدیهێـنراوان و بەدیهێنراوانـی نوێـدا هەیـە:

«کوڕەکـە وێنـەی خـودای نەبیـنراوە، نۆبەرەیـە و لـە سـەرووی هەمـوو بەدیهێنراوانە، چونکـە بەهـۆی ئـەوەوە هەمـوو شـتێک بەدیهێـنرا: لـە ئاسـمان و لەسـەر زەوی، بیـنراو و نەبیـنراو، تەخـت یـان دەسـەڵات، سـەرۆکایەتی یـان حوکومڕانـی، هەمـووی بەهـۆی ئـەوەوە و بـۆ ئـەو بەدیهێـنران. ئـەو پێـش هەمـوو شـتێکە و هەمـوو شـتێکیش بەهـۆی ئـەوەوە یەکیگرتـووە.» (کۆلۆسـی ١: ١٥- ١٧)

---

٩ Alan J. Thompson, The Acts of the Risen Lord Jesus: Luke's account of God's Unfolding Plan (Downers Grove, IL: InterVarsity Press, 2011)).

وەکو پەروەردگاری هەموو بەدیهێنراوان، ئەو مەزنترینە. وە زۆر ناوازەیە کە دەبینین ئەم پەروەردگارە هەمان ئەو کەسەیە کە لە ڕێگەی «خوێنی سەر خاچەکەی» ئاشتیی نایەوە (کۆلۆسی ١: ٢٠).

عیسای پەروەردگار ئەوەیە. عیسا ئەو کەسەیە کە باوەڕداران ئومێد و متمانەی هەتاهەتاییان لەسەر هەڵچنیوە. عیسا ئەو کەسەیە کە مرد و زیندوو بووەوە، بەڵێنی پەیمانی نوێ و گۆشەنیگای بەدیهێنراوانی نوێی بەجێهێنا.

کڵێسا ئەمەیە: گەلێک کە بە خوێنی عیسا کڕدراون، ڕۆحی پیرۆز پڕی کردوون و کۆی کردوونەتەوە، بە باوەڕ بە ئینجیل یەکخراون، وشەی خودا بەڕێوەیان دەبات و دانایی فراوانی خودا بە فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران لە شوێنەکانی ئاسمان نیشان دەدەن (ئەفەسۆس ٣: ١٠). کڵێسا گەلێکی هەڵبژێردراون، کاهینێتی شاهانە، نەتەوەیەکی پیرۆز، گەلی تایبەتی خودان (یەکەم پەترۆس ٢: ٩).

کەواتە وەڵامی گونجاو و دروستی گەلی خودا کە کڵێسان بۆ ئەم پاشا شکۆدارە چییە؟ «ئیتر هەروەک چۆن عیسای مەسیحتان بە پەروەردگاری خۆتان وەرگرتووە، بە یەکبوون لەگەڵ ئەو بەردەوام بن لە ژیان، لە ئەودا ڕەگ دابکوتن و خۆتان بنیاد بنێن. وەک چۆن فێربوون چەسپاو بن لە باوەڕدا، هەروەها با دڵتان پڕ لە سوپاسگوزاری بێت» (کۆلۆسی ٢: ٦- ٧). پۆڵس بەشەکانی دیکەی سیپارەی کۆلۆسی بۆ ئەوەی تەرخان کرد کە ژیرانە ئەوە بە باوەڕداران بڵێت کە ژیان لەپێناو شکۆدارکردنی مەسیحدا لەنێوان ئەم نەوە خوار و خێچە و لە جیهانێکدا کە دوژمنی خودان چۆنە.

هەر چەندە عیسا زیندوو بووەوە و فەرمانڕەوایی دەکات، بەڵام شوێنکەوتووەکانی لەنێوا کێشمەکێشی «ئێستا و هێشتا نە» دا دەژین. عیسای پاشا ئێستا کڵێساکەی بنیاد دەنێت، بەڵام هێشتا شانشینەکەی بە شکۆوە بنیاد نەنراوە. عیسا سزای چەشت و شکۆدار کرا؛ ئەوانەی کە شوێنی دەکەون، دەبێت هەمان شت بکەن.

پەترۆس نامە بۆ کۆمەڵە باوەڕدارێک دەنووسێت کە لە سەرتاسەری ئیمراتۆریەتی ڕۆمانیدا پەرشوبڵاو بوونەوە و تیشک دەخاتە سەر بەرەکەتی ئێستا و میراتی داهاتوو کە لە ڕێگەی میهرەبانی و بەزەیی خودا و بە یەکبوون لەگەڵ مەسیحدا

دەستەبەر کراوە: «ستایش بۆ خودا، باوکی عیسای مەسیحی پەروەردگارمان! بەهۆی بەزەییە فراوانەکەیەوە لەدایکبوونەوەی پێ بەخشین بۆ هیوایەکی زیندوو بە هەستانەوەی عیسای مەسیح لەنێو مردووان...» (یەکەم پەترۆس ١: ٣- ٩).

شوێنکەوتووانی عیسای پاشا هیوایەکی زیندوویان هەیە. باوەڕداران پێشوەخت ئەم ئومێدەیان تاقی کردووەتەوە - بەڵام هێشا زۆر شتی دیکە ماوە کە ڕووبدەن. ئێستا باوەڕدران ئازار دەچێژن، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەی مەسیحدا شکۆدار دەبن. ئەم ئومێدە شکۆدارە، تەنانەت لە ناوەڕاستی تاقیکردنەوەی سەخت و چەوسانەوەدا، باوەڕداران هان دەدات کە متمانە بە پەروەردگار و پاشاکەمان بکەین و گوێڕایەڵی بین.

سەرنجی ئەوە بدە کە پەترۆس چۆن باسی ژیانی باوەڕدرار دەکات:

«بۆیە با مێشکتان ئامادە بێت بۆ چالاکی، خۆڕاگر بن، هیواتان بە تەواوی لەسەر ئەو نیعمەتە بێت کە لە ئاشکراکردنی عیسای مەسیحەوە دێت. وەک منداڵی گوێڕایەڵ، وەک کاتی نەزانی خۆتان لەگەڵ هەوەسە کۆنەکانتان مەگونجێنن، بەڵکو وەک ئەوەی بانگی کردوون پیرۆزە، ئێوەش لە هەموو هەڵسوکەوتێک پیرۆز بن، چونکە نووسراوە: پیرۆز بن، چونکە من پیرۆزم.» (یەکەم پەترۆس ١: ١٣- ١٦)

جارێکی دیکە، ناسنامە و کارەکانی عیسای پاشا باوەڕداران هان دەدات و دەبنە هۆی ئەوەی کە لەپێناو شکۆدارکردنیدا گوێڕایەڵی بن.

ئەو ئەرکەی کە عیسا بە کڵێساکانی بەخشیوە، زەحمەتە و باج و بەهای دەوێت. شوێنکەوتنی عیسا بە باوەڕ و گوێڕایەڵییەوە، بەدڵنیاییەوە بەرگەگرتنی چەوسانەوە و ئازارچەشتن لەپێناو ئینجیلدا دەوێت. بەڵام کاتێک کە باوەڕداران بە ئومێدەوە چاویان لە گەڕانەوەی مەسیح دەبێت، تەماشای ڕابردوو دەکەن و ئەوەیان لەبیر دەبێت کە عیسای مەسیح کە ئێستا زیندوو بووەتەوە و لەسەر تەختی پاشایی دانیشتووە، ئەویش خزمەتکارێک بوو کە ئازاری چەشت و مرد.

عیسا بە شوێنکەوتووانی فەرموو: «خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی لە پێناوی ڕاستودروستی دەچەوسێنرێنەوە، چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە. خۆزگە

دەخوازرێت بە ئێوە کاتێک خەڵکی جنێوتان پێدەدەن و دەتانچەوسێننەوە، لەبەر من هەموو جۆرە بوختانێکتان بۆ هەڵدەبەستن. دڵخۆش و شادمان بن، لەبەر ئەوەی لە ئاسمان پاداشتتان گەورەیە، چونکە پێش ئێوە پێغەمبەرانیشیان ئاوا چەوساندووەتەوە» (مەتا ٥: ١٠- ١٢). پۆڵس دواتر دەنووسێت: «هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بە لەخواترسییەوە بە یەکبوون لەگەڵ عیسای مەسیح بژین، دەچەوسێنرێنەوە» (دووەم تیمۆساوس ٣: ١٢). باوەڕدارانیش لەم جیهانە پڕ لە گوناهەدا، وەکو هەموو کەسانی دیکە، ئازار دەچێژن. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوانەی کە هێشا لەنێو گوناهـدا دەژین، شوێنکەوتووانی عیسای پاشا بەڵێنی سزای زیاتریان لە لایەن جیهانەوە پێدراوە کە دوژمنی ئەوانە و ڕقی لە پەروەردگارە و دژی گەلەکەی دەوەستنەوە.

کەواتە شوێنکەوتووانی پاشا دەبێت چی بکەن؟ جارێکی دیکە، کڵێسا دەڕوانێتە پەروەردگار و ڕزگارکەرەکەی کە عیسای مەسیحە.

**ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن**

کاتێک کە وتار و فێرکردن لەبارەی نامەکانەوە پێشکەش دەکەیت، ڕاسپاردەکانی نێردراوان ببەستەوە بە ڕاستییەکانی ئینجیلی نێردراوانەوە. یەک لەسەر سێی تەواوی پەیمانی نوێ لە نامەی نێردراوان پێکهاتووە. کاتێک کە ئەو نامانە ڕوون دەکەیتەوە، تیشک بخەرە سەر ئەوەی کە چۆن ئەو شتانەی کە دەبێت ئەنجامیان بدەین ڕەگ و بناغەی داکوتاوە لەسەر ئەو شتانەی کە ڕاستین. ڕاسپاردە و پەندەکانی ئینجیل (ڕستەی داخوازی: «دەبێت ئەو کارە ئەنجام بدەیت!») دەبێت لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی نیعمەتی خودا لە ئینجیلدا سەرهەڵبدات (ڕستەی هەواڵی: «خودا پێشوەخت ئەو کارەی کردووە»).

بۆ نموونە، پەترۆس فەرمان بە خوێنەرەکانی دەدات و دەڵێت: «لە هەموو هەڵسوکەوتێک پیرۆز بن» (یەکەم پەترۆس ١: ١٥). ئەوە ڕستەیەکی داخوازییە. بەڵام سەرنجی ئەوە بدە کە پەترۆس چۆن ئەم داخوازییە بۆ پیرۆزبوون دەبەستێتەوە بە شکۆی فەرمانی هەواڵیی بانگهێشتی ڕزگاریی خودا و پیرۆزبوونی. «وەک منداڵی گوێڕایەڵ، وەک کاتی نەزانی خۆتان لەگەڵ هەوەسە کۆنەکانتان مەگونجێنن، بەڵکو

وەک ئـەوەی بانگـی کـردوون پیـرۆزە، ئێـوەش لـە هەمـوو هەڵسـوکەوتێک پیـرۆز بـن، چونکـە نـووسراوە: پیـرۆز بـن، چونکـە مـن پیـرۆزم» (یەکـەم پەتـرۆس ١: ١٤- ١٦). ئێمـە دەبێـت بەتایبەتـی پیـرۆز بیـن چونکـە ئـەوەی کـە بانگـی کردوویـن بـۆ ڕزگاریـی، پیـرۆزە. خـودا خـۆی پیـرۆزە. گەڕانـی ئێمـە بـەدوای پیرۆزیـدا پشـت دەبەسـتێت بـەو بناغـەی پتـەوی پیرۆزبوونـی خـودا. ئەگـەر ئێمـە منداڵـی ئەویـن، ئـەوا دەبێـت هـەوڵ بدەیـن هەمـوو هەڵسـوکەوتێکمان وەکـو ئـەو بێـت.

شـێوازی داخـوازی و هەواڵـی، پێکهاتەیەکـی بـاوی نامەکانـی پەیمانـی نوێشـە. بـە گشـتی نامـەی ڕۆمـا و ئەفەسـۆس ئـەو شـێوازەیان پەیـڕەو کـردووە. پۆڵـس لـە (ئەفەسـۆس ١- ٣)دا بەڕوونـی باسـی دەوڵەمەنـدی نیعمەتـی خـودا دەکات کـە بەهـۆی یەکبـوون لەگـەڵ عیسـادا هەمانـە. ئـەوە دەقێکـی هەواڵییـە، واتـە بارودۆخەکـە بـەو چەشـنەیە. پاشـان لـە (ئەفەسـۆس ٤- ٦)، پۆڵـس ئـاکام و دەرنجامیـان لـێ وەردەگرێـت و بەسـەر خوێنەرەکانیـدا جێبەجێیـان دەکات و هانیـان دەدات کـە پیـرۆز بـن. ئەمەیـان دەقێکـی داخوازییـە – ئـەوەی کـە دەبێـت شـوێنی بکـەون. بـە هەمـان شـێوە، نامـەی پۆڵـس بـۆ ڕۆمـا لـە سـەرەتادا، واتـە (بەشـی ١ – ١١) لـە هـەواڵ پێکهاتـووە، دواتـر (بەشـی ١٢- ١٦) دەبێتـە داخـوازی.

ئـەم پێکهاتـەی هـەوڵ و داخوازییـە شـتێکی نـوێ نییـە، بەڵکـو شـێوازی یەزدانناسـی کتێبـی پیـرۆزە کـە لەنێـو پەیمانـی کۆنـدا پەیـڕەو کـراوە. بـۆ نموونـە: «مـن یەزدانـی پەروەردگارتانـم کـە لـە خاکـی میـسرەوە دەرمهێنـان، لـە خاکـی کۆیلایەتییـەوە. هیـچ کەسـێکتان خـودای دیکـەی بێجگـە لـە منتـان نەبێـت» (دەرچـوون ٢٠: ٢- ٣).

«بـۆ ئەمـە بانگکـراون، لەبـەر ئـەوەی مەسـیحیش لـە پێناوتانـدا ئـازاری چێـژت و نموونـەی بـۆ بەجێهێشـتن، تاکـو بـە هەنگاوەکانیـدا بـڕۆن. ئـەوەی هیـچ گوناهێکـی نەکردبـوو، فڕوفێڵـی لەسـەر زار نەبـوو. ئـەوەی جنێـوی پێـدەدرا و جنێـوی نەدەدایەوە، ئـازار دەدرا و هەڕەشـەی نەدەکـرد، بەڵکـو خـۆی دەدایـە دەسـت ئـەوەی حوکمـی دادپەروەرانەیـە. ئـەوەی خـودی خـۆی لـە لەشـیدا لەسـەر دار گوناهەکانمانـی هەڵگـرت، تاکـو سـەبارەت بـە گونـاه بمریـن و بـۆ ڕاستودروسـتی بژیـن. بـە برینەکانـی ئـەو چاکبوونـەوە» (یەکـەم پەتـرۆس ٢: ٢١- ٢٥؛ ئیشـایا ٥٢: ١٢ – ٥٣: ١٢).

شـوێنکەوتووانی ئـەم پاشـایە بـە بـاوەڕەوە ڕووی تێدەکـەن هەتـا ئـەو کاتـەی کـە دەگەڕێتـەوە، وە لـە کۆتاییـدا ڕووبـەڕوو چاویـان پێـی دەکەوێـت.

## پاشا دەگەڕێتەوە

چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز بـە خـودا دەسـت پێـدەکات کـە وەکـو پاشـا فەرمانڕەوایـی بەسـەر هەمـوو شـتێکدا دەکات لەگـەڵ گەلێکـی پیـرۆز کـە بە مەبەسـتی ستایشـکردنی خـودا دەژیـن. هـەر بۆیـە زۆر گونجـاوە کـە کتێبـی پیـرۆز کۆتایـی دێـت بـە بەڵێنـی ئـەوەی کـە عیسـای زینـدووی فەرمانـڕەوا دەگەڕێتـەوە و ڕزگار دەکات و حوکـم دەکات و هەمـوو شـتێک نـوێ دەکاتـەوە، بـە گەلێکـی نوێشـەوە کـە خـودا جارێکـی دیکـە دڵخـۆش دەبێـت لەنێویانـدا نیشـتەجێ بێـت.

کۆتایـی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز، کـە یۆحەنا لـە سـیپارەی ئاشـکراکردندا تۆماری کـردووە، بـە گۆشـەنیگایەک پێـمان دەڵێـت کـە چیرۆکەکـە چـۆن کۆتایـی دێـت. وە زانینـی کۆتایـی چیرۆکەکـە بڕیـار لەسـەر ئـەوە دەدات کـە شـوێنکەوتنی مەسـیح لـە ئێسـتا و لێـرەدا، لـە ئێسـتاوە هەتـا ڕۆژی دوایـی چ واتایەکـی هەیـە. گەڕانـەوەی پاشـا ئومێدێکـی پـڕ لـە بەرەکەتـە بـۆ هەمـوو ئەوانـەی کـە متمانەیـان بـە عیسـایە. لـە کاتێکـدا شـوێنکەوتووەکانی چاوەڕێـی گەڕانـەوەی پـڕ لـە سـەرکەوتنی پاشـا دەکـەن، هـەوڵ دەدەن بـە ژیـری و ڕاستودروسـتی و لەخواترسـی بژیـن لـەم دنیایـە کـە نیعمەتـی خـودا هانیـان دەدات وەکـو کەسـانێک کـە «دڵگەرمـن بـۆ چاکـەکاری» (تیتـۆس ٢: ١١- ١٤).

بـەڵام ئەوانـەی کـە داواکارییـە جیهانییەکـەی مەسـیح بـۆ تۆبەکـردن ڕەت دەکەنەوە، ڕووبـەڕووی دادوەرییەکـی تونـد دەبنـەوە «لـە کاتـی ئاشـکراکردنی عیسـای خـاوەن شـکۆ لـە ئاسـمان لەگـەڵ فریشـتە بـە تواناکانـی لـە گـڕی ئاگـر. سـزای ئەوانـە دەدات کـە خـودا ناناسـن و گوێڕایەڵـی پەیامـی ئینجیلـی عیسـای خـاوەن شـکۆمان نابـن» (دووەم سـالۆنیکی ١: ٧- ٨). کاتێـک کـە پاشـا دەگەڕێتـەوە، یاخیبوونـی جیهانـی دژی فەمانڕەواییـە بـاش و دروسـت و پیرۆزەکـەی، لەناودەچێـت. عیسـا ڕایدەگەیەنێـت کـە «ترسـنۆک و بێبـاوەڕ و قێزەونـان، هەروەهـا بکـوژ و داوێنپیـس و جادووگـەر و بتپەرسـتان، لەگـەڵ هەمـوو درۆزنـان، بەشـیان لـە دەریاچـەی بـە ئاگـر و گۆگـرد داگیرسـاوە کـە مردنـی دووەمـە» (ئاشـکراکردن ٢١: ٦- ٨). شـەیتان کـە دوژمنـی دێرینی

خودایـە، فـڕێ دەدرێتـەوە نێـو دەریاچـەی گۆگـردەوە کـە «هەتاهەتایـە شـەو و ڕۆژ ئـازار دەدرێـت» (ئاشـکراکردن ٢٠: ١٠).

تەنانـەت لـە ڕۆژی داودوەریشـدا پاشا شـکۆدار دەبێـت. بـەڵام کۆتایـی چیرۆکەکـە ڕزگارییەکـی پـڕ لـە بەخشـندەیی و میهرەبانـی لەخـۆ دەگرێـت چونکـە شانشـینی داهاتـووی خـودا لـە باوەڕدارانـی هـۆز و زمـان و نەتـەوە جیـاواز پێکدێـت. بـاوەڕدارە ڕزگاربـووەکان کـە لـە هەمـوو نەتـەوە و گەلێـک پێکهاتـوون سـوپاس و ستایشـی و ڕێزێکـی زۆر لـە شـێری هـۆزی یەهـودا دەگـرن کـە لـە نـەوەی ئیبراهیـم و داودەوە دێـت، واتـە عیسـای مەسـیحی پـەروەردگار.

بـەڵام بۆچـی؟ بۆچـی عیسـا شـایانی ڕێـز و ستایشـێکی لـەو چەشـنەیە؟ یۆحەنـا پێـمان دەڵێـت:

«سروودێکـی نوێشـیان دەگـوت: تۆ شایسـتەی ئـەوەی تۆمارەکـە ببەیـت و مۆرەکانی بکەیتـەوە، چونکـە تـۆ سـەربڕایت و بـە خوێنـی خـۆت خەڵکـت بـۆ خـودا کڕییـەوە، لـە هەمـوو خێـڵ و زمـان و گـەل و نەتەوەیـەک. ئەوانیشـت کـردە شانشـین و کاهیـن بـۆ خودامـان و فەرمانڕەوایەتـی زەوی دەکـەن.» (ئاشـکراکردن ٥: ٩- ١٠).

عیسـا شـایانیەتی چونکـە عیسـا سـەربڕدرا. زانینـی ئـەوەی کـە عیسـا خەڵکێکـی لـە هەمـوو نەتەوەیـەک لەپێنـاو نـاوی خۆیـدا کڕییـەوە هانـی بـاوەڕداران دەدات کـە ئـەم هەواڵـە خۆشـە بـە هەمـوو نەتـەوەکان ڕابگەیەنـن. نـە تەنهـا کۆتایـی چیرۆکەکـە پێشـوەخت گەلێکـی کـڕدراوە لـە هەمـوو نەتـەوەکان نیشـان دەدات، بەڵکـو هاتنـی جیهانێکـی تـەواو نـوێ دەبینیـن. پاشـاکە بەڵێنـی نوێکردنـەوەی هەمـوو شـتێک دەدات، بـە ئاسـمان و زەوییەکـی نوێشـەوە: «بەگوێـرەی بەڵێنەکـەی، ئێمـە چاوەڕوانـی ئاسـمانی نـوێ و زەوی نوێیـن، کـە ڕاستودروسـتیی تێیـدا نیشـتەجێیە. « (دووەم پەتـرۆس ٣: ١٣).

لـەم جیهانـەدا شـوێنکەوتووی مەسـیح بـە بـاوەڕەوە هەنـگاو دەنێـت، بـە چاوەڕوانـی و ئومێـدەوە لـەو شـارە دەڕوانێـت کـە دێـت، کـە خـودا نەخشـەداڕێژ و دروسـتکەرەکەیەتی. یۆحەنـا لـە سـیپارەی ئاشـکراکردندا باسـی ئەم داهاتووە شـکۆداری کـردووە: «پاشـان ئاسـمانێکی نـوێ و زەوییەکـی نوێـم بینـی، چونکـە ئاسـمانی یەکـەم و زەوی یەکـەم بەسـەرچوون، ئیـتر دەریـاش نەمـا» (٢١: ١). لـەم ئۆرشـەلیمە نوێیـەدا، کـە

شـارێکی پیـرۆزە، خـودای پاشـا جارێکـی دیکـە لەنێـو گەلەکەیـدا نیشـتەجێ دەبێـت. گونـاە و مـردن و فرمێسـک و ئـازار نامێنـن و ئامادەبوونـی خـودا جێگەیـان دەگرێتەوە. یۆحەنـا پێـمان دەڵێـت: «هەمـوو فرمێسـکێکی چاویـان دەسـڕێتەوە، ئیـتر مـردن نابێت، شـیوەن و هـاوار و ئـازار نامێنـن، چونکـە شـتەکانی پێشـوو بەسـەرچوون» (٢١: ٤).

جیهانـی باشـی خـودا نـوێ دەکرێتـەوە کـە ئێسـتا بـە گونـاە و مـردن دەورە دراوە. شـتەکانی پێشـوو بەسـەرچوون. مـردن و ئـازار و شـیوەن و گریـان نامێنـن. هەروەهـا گونـاە، گەندەڵـی یـان شـەرمەزاری بوونیـان نامێنێـت. وە لـە هەمـووی باشـتر، تـەواوی گەلـی خـودا لـە کۆتاییـدا لەبـەردەم خـودای شـکۆداردا دەبـن، بـۆ هەتاهەتایـە لـە خزمـەت پاشـاکەیاندا دەبـن.

لەسـەرخۆ هەمـوو فرمێسـکێک دەسـڕێتەوە. وە بەدیهێنـەر جارێکـی دیکـە لەگـەڵ بەدیهێنراوەکانیـدا دەژی. بەرەکەتـی هەتاهەتایـی خـودا جێگـەی نەفـرەت دەگرێتـەوە و بـۆ هەتاهەتایـە ئازادانـە چێـژ لـەو بەرەکەتـە وەردەگـرن. هەمـوو ئەوانـەی کـە مەسـیحی پاشـا بەدوایانـدا گـەڕاوە و ڕزگاری کـردوون، سـوپاس و ستایشـی دەکـەن.

کـرۆک و ناوەڕۆکـی پەیامـی کتێبـی پیـرۆز بریتییـە لـە فەرمانڕەوایـی بـاش و دروسـتی خـودا لەسـەر هەمـوو گەلەکـەی و تـەواوی بەدیهێـنراون.[١٠] کەواتـە چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز چیرۆکـی خـودای پاشـایە لەگـەڵ ئامانجـی پـڕ لـە خۆشەویسـتی و میهرەبانەکەی بـۆ ڕزگارکردنـی گەلێـک بـۆ خـۆی تاکـو لـە خزمەتیـدا بـۆ هەتاهەتایـە بـە خۆشـییەوە بژیـن. تێگەیشـتن لـەم چیرۆکـە دەمانهێنێتـە چـەق و ناوەنـدی هەمـوو ڕاسـتییەک. عیسـای پاشـا، زوو وەرە.

ئامۆژگاری سەبارەت بە وتاردان و فێرکردن

کاتێـک کـە لەبـارەی ئاسـمانەوە فێرکـردن و وتـار پێشـکەش دەکەیـت، ئـەو بیروبۆچوونـە مەهێڵـە کـە ژیانـی ڕۆژی دوایـی بـۆ باوەڕدارانـی مەسـیح بریتـی دەبێـت لـە ژیانـی ڕۆحـی لەنێـو هەورەکانـدا. ئەگـەر تیشـک بخرێتـە سـەر بیروڕایەکـی لـەو

---

١٠ Graeme Goldsworthy, “Kingdom of God,” in New Dictionary of Biblical Theology, ed. T. Desmond Alexander and Brian S. Rosner (Downers Grove, IL: InterVarsity Press, 2000), 618.

شێوەیە، ئەوا ئومێدی زیندووبوونەوەی جەستە و نوێبوونەوەی هەموو شتەکان لەدەست دەدەین.

پەیمانی کۆن و نوێ دەڵێن کە گەلی خوداماڵێکی هەتاهەتاییان لە ئاسمان و زەوییەکی نوێدا دەبێت: «بەگوێرەی بەڵێنەکەی، ئێمە چاوەڕوانی ئاسمانی نوێ و زەوی نوێین، کە ڕاستودروستیی تێیدا نیشتەجێیە« (دووەم پەترۆس ٣: ١٣؛ ئیشایا ٦٥: ١٧؛ ٦٦: ٢٢).

# وەرزی پێنجەم

## یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز وتار و فێرکردنەکانی کڵێسا پێکدێنێت

ئەگـەر مەسـیحی پاشـا بابەتـی سـەرەکی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز بێـت، ئـەوا ئـەم ڕاسـتییە دەبێـت ڕاسـتەوخۆ کار بکاتـە سـەر وتـار و فێرکردنەکانـی کڵێسـا ناخۆیـی و خۆجێیەکانمـان. لـەم بەشـەدا دەمانەوێـت بـە کورتـی تیشـک بخەینـە سـەر چەنـد ڕێگایەکـی گرنـگ کـە یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز دەتوانێـت هـاوکاری ئـەو کەسـانە بـکات کـە لـە جێگـەی گەلـی خـودا مامەڵـە لەگـەڵ وشـەی خـودا دەکـەن. پاشـان هەندێـک ئامـرازی کردەیـی دەخەینـە بەردەسـت لەگـەڵ هەنگاوەکانـی دواتـر بـۆ ئـەوەی یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز لـە وتـار و فێرکردنەکانمانـدا بەکاربهێنیـن.

### یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز وەکو پارێزەر و ڕێنماییکار

یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز پارێـزەر و ڕێنوێنیکارێکـی یارمەتیـدەرە بـۆ مامۆسـتایان و وتاربێژانـی وشـەی خـودا. ئەوانـەی کـە بـەردەوام پەیامـی کتێبـی پیـرۆز ڕادەگەیەنـن، یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز لە دوو دوژمنـی بـەردەوام دەیانپارێزێت: بەکارهێنانـی دەقـی بـێ کۆنتێکسـت لەگـەڵ مۆراڵیـزم. بـە هەمـان شـێوە، یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز ڕێنمایـی وتاربێـژ و قەشـەکان دەکات و وایـان لێـدەکات کـە چاویـان لەسـەر مەسـیح و مزگێنیـدان بێـت بەجۆرێـک کـە پێداگـری بکـەن لەسـەر پاڵەوانـە شـکۆدارەکەی تـەواوی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز، کـە عیسـای مەسـیحە.

### ڕاگەیاندنی پەیامی مەسیح لە جێگەی بەکارهێنانی دەقی بێ کۆنتێکست[11]

سـەرەتا، یەزدانناسـی وتاربێـژ و قەشـە لـە بەکارهێنانـی دەقـی بـێ چوارچێـوە

---

١١ بە ئینگلیزی دەبێتە Proof Texting کە بە واتای بەکارهێنانی دەقێکی دیاریکراو دێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەڵوێست و مەبەستی بنەڕەتی دەقەکە.

دەپارێزێـت، هەروەهـا ڕێنماییـان دەکات کـە لـە هەمـوو نـووسراوە پیرۆزەکانـدا پەیامـی مەسـیح ڕابگەیەنـن.

کاتێـک کتێبـی پیـرۆز بـۆ سـەلماندنی مەبەسـتێکی دیاریکـراوی خۆمـان بەکاردێنیـن بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی کۆنتێکسـت، ئـەوا ئێمـە دەقـی بـێ کۆنتێکسـتمان بەکارهێنـاوە. دەقـی بـێ کۆنتێکسـت واتایەکـی دیاریکـراو بەسـەر دەقـدا دەسـەپێنێت لـە جێگـەی ئـەوەی کـە واتـا لـە دەقەکـەوە هەڵێنجێنیـت. ئەنجامدانـی دەقـی بـێ کۆنتێکسـت کارێکـی ئاسـانە، چونکـە پێویسـت نـاکات بـە وریایـی و جـدی و نوێـژەوە تیشـک بخەیتـە سـەر دەقەکـە بـۆ ئـەوەی لـە مەبەسـتی نووسـەر تێبگەیـت. ئەمـە کێشـەیەکی زۆر جدییـە، چونکـە ئەوانـەی کـە وشـەی خـودا بـۆ گەلـی خـودا ڕادەگەیەنـن پێویسـتە بـە جۆرێـک بدوێـت «وەک کەسێک کـە پەیامـی خـودا ڕابگەیەنێـت، تاکـو لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە خـودا لـە هەمـوو شـتێکدا شـکۆدار بێـت» (یەکـەم پەتـرۆس ٤: ١١).

لـە جێگـەی خوێنـدن و لێکۆڵینەوەیەکـی ورد و سـەرنجدان لـەو دەقـەی کـە بـە سروشـی خـودا نـووسراوە، دەقـی بـێ کۆنتێکسـت بـە لەبەرچاوگرتنـی واتایەکـی پێشـبینیکراو ئیـش لەسـەر دەق دەکات. وتاربێـژ و قەشـەکان دەبێـت ئەوپـەڕی هەوڵـی خۆیـان بـدەن کـە بـە نیعمەتـی خـودا بـە دروسـتی مامەڵـە لەگـەڵ وشـەی خـودا بکـەن. « کۆشـش بکـە خـۆت بسـەلمێنی بـۆ خـودا، کارگەرێکـی بـێ شـەرمەزاری، وشـەی ڕاسـتی بـە ڕێـگای ڕاسـت لێـک بدەیتـەوە» (دووەم تیمۆسـاوس ٢: ١٥).

دەقـی بـێ کۆنتێکسـت وشـەی خـودا پارچـە پارچـە دەکات و دەیشـێوێنێت. دەق دەگۆڕێـت و فێـڵ دەکات. «شـتە شـاراوەکانی سەرشـۆڕیمان ڕەتکـردەوە، بـە فێڵبـازی ناکەیـن و دەسـتکاری پەیامـی خـودا ناکەیـن، بەڵکـو بـە دەرخسـتنی ڕاسـتی، بـۆ ویژدانـی هەرکەسێک لەبـەردەم خـودا خۆمـان دەسـەلمێنین» (دووەم کۆرنسـۆس ٤: ٢). لـە جێگـەی ئاشـکراکردنی مەبەسـتی دەق بـە لەبەرچاوگرتنـی کۆنتێکسـت لـە ڕێگـەی دەرخسـتنی ڕاسـتییەوە، دەقـی بـێ کۆنتێکسـت ئـەو شـتە دەڵێـت کـە قەشـە و وتاربێژەکـە دەیەویـت دەقەکـە بیڵێـت.

پۆڵـس هانـی تیمۆسـاوس دەدات و پێـی دەڵێـت: «وشـەی خـودا ڕابگەیەنـە» (دووەم تیمۆسـاوس ٤: ٢). ئـەم «وشـەی خودایـە» لـە (دووەم تیمۆسـاوس ٣: ١٦- ١٧) بۆمـان

ڕوون کراوەتـەوە: «هەمـوو نـووسراوە پیـرۆزەکان لـە سروشـی خـودان، سوودبەخشـن بـۆ فێرکـردن و سەرزەنشـت و ڕاسـتەڕێکردن و لێڕاهێنـان لە ڕاستودروسـتی، تاکـو پیاوی خودا تـەواو ئامـادە بێـت بـۆ هەمـوو کارێکـی بـاش». تـەواوی کتێبـی پیـرۆز سوودبەخشـە. سـوودبەخش و بەکەڵکـە «بـۆ فێرکـردن، بـۆ سەرزەنشـتکردن، بـۆ ڕاسـتەڕێکردن، بـۆ لێڕاهێنـان». ئـەو ئەرکـەی کـە پۆڵـس فەرمانـی داوە ئەنجامـی بدەیـن بریتییـە لـە «فێرکـردن» یـان «ڕاگەیانـدن» یـان «بڵاوکردنـەوەی» ئـەم وشـە بەکەڵـک و سوودبەخشـە.

دەقـی بـێ کۆنتێکسـت لـە جێگەی ئـەوەی کە وشـەی بەسـوودی خـودا ڕابگەیەنێت، وشـەی خـودا بەکاردێنێـت بـۆ پشـتگیریکردنی ئـارەزووە کەسـییەکانی وتاربێـژ و قەشـەکە. هەروەهـا واتـای دەقەکانـی کتێبـی پیـرۆز دەگۆڕێـت و وا دەکات شـتێک «بڵێـت» کـە لـە مەبەسـتی دەقەکـەوە دوورە. لـە جێگـەی بـەو چەشـنە بەکارهێنانـی کتێبـی پیـرۆز، مامۆسـتایان و وتاربێـژان دەبێـت گەلـی خـودا بـە کتێبـی پیـرۆز بناسـێنن لـە ڕێگـەی بەدڵسـۆزییەوە ئاشـکراکردنی واتـای مەبەسـتی دەق.

کڵێسـاکانی ئێمـە و هەمـوو ئەوانـەی کـە گـوێ لـە وتـار و فێکردنەکانمـان دەگـرن، لە ڕێگـەی سـەرنجدان لـە شـێوازی فێرکردنـی کتێبـی پیـرۆز لـە لایـەن ئێمـەوە فێـری ئەوە دەبـن کـە چـۆن کتێبـی پیـرۆز بخوێنـن و لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکـەن. ئـەو خزمەتـی فێرکردنـەی کـە ئایەتـی دیاریکـراو بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی هەڵوێسـت و بازنـەی دەق بـۆ خزمەتـی ویسـت و ئـارەزووی کەسـیی وتاربێـژ و قەشـەکە بەکاردێنێـت، بناغەیەکـی پتـەو نییـە بـۆ کڵێسـایەکی تەندروسـت.

بـەڵام یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز چـۆن دەتوانێـت لـە بەکارهێنانـی دەقـی بـێ کۆنتێکسـت بمانپارێزێـت؟ یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز ڕێنمایـی وتاربێـژ دەکات کـە لـە هەمـوو نـووسراوە پیرۆزەکانـدا پەیامـی مەسـیح ڕابگەیەنێـت. زانینـی چیرۆکـی گـەورەی کتێبـی پیـرۆز یارمەتـی مامۆسـتایان و وتاربێـژان دەدات کـە لـە هەمـوو بەشـێکی کتێبـی پیـرۆزدا پەیامـی مەسـیح ڕابگەیەنـن.

زۆربـەی کات دەقـی بـێ کۆنتێکسـت هـۆکاری ئەوەیـە کـە نەتوانـن ئـەوە ببینـن کـە تـەواوی کتێبـی پیـرۆز، بـە تایبەتـی پەیمانـی کـۆن، پەیوەنـدی بـە عیسـای مەسـیحەوە هەیـە. هەندێـک کات کـە لەسـەر پەیمانـی کـۆن وتـار و فێرکـردن پێشـکەش دەکەیـت،

لەوانەیە وا هەست بکەیت کە لە کاتی پارچەپارچەکردنی مریکشدا تەماشات دەکەن. لە سەرەتادا زۆ بەباشی دەڕۆیت، بەڵام هەر زوو دەبێت هەندێک بڕیاری زیرەکانە بدەیت، وە ڕێی تێدەچێت کە لە کۆتاییدا نارێکی و ئاڵۆزییەکی زۆر وەبار دێنێت بە جۆرێک کە چەندین پارچەت لێ بەجێدەمێنیت کە کەس نازانێت چییان لێ بکات.[١٢] بەداخەوە کە وتاربێژ و قەشەیەکی زۆر پەیوستن بە بەکارهێنانی بەبێ کۆنتێکستی پەیمانی کۆن، لە جێگەی ئەوەی کە لە پەیمانی کۆندا پەیامی مەسیح ڕابگەیەنن.

ئەگەر تەواوی چیرۆکی کتێبی پیرۆز نەزانیت، ئەوا خۆت لەو دەقانە لادەدەیت کە بەلاتەوە ئاشنا و ڕوون نین. بەڵام ئەگەر بەباشی لە مەبەستی سەرەکی چیرۆکی کتێبی پیرۆز تێبگەیت، کە عیسای مەسیح پاڵەوانی سەرەکییەتی، تەنانەت دەتوانیت فێرکردن یان وتار لەو بەشانە پێشکەش بکەیت کە شاراوە و ناڕوون دەردەکەون.

بۆ نموونە، یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز، چۆن ڕێنمایی وتاربێژ دەکات کە لە سیپارەی لێڤییەکان فێرکردن پێشکەش بکات؟ با بڵێین کە گەیشتوویتەتە بەشی ١٣ – ١٥، کە باسی یاسای پاککردنەوەی کەسی گەڕوگول و یاساکانی تایبەت بە لێچوونی جەستەیی دەکات. کاتێک کە بەوردی دەڕوانینە (لێڤییەکان ١٣ – ١٥)، دەبینین کە بڕگەیەکن لە بەشێکی گەورەتری سیپارەکە کە زۆربەی کات بە ڕەمزی پاکوخاوێنی ناودەبردرێت (لێڤییەکان ١١ – ١٥). یاساکانی مامەڵە لەگەڵ جیاکردنەوەی شتی پاک و پیسدا دەکات.

ئامانجی سەرەکی سیپارەی لێڤییەکان ئەوەیە کە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە چۆن گەلێکی ناپیرۆز دەتوانن لەبەدەم خودایەکی پیرۆزدا نیشتەجێ بن. ئەو پێداگرییەی کە لەم بەشانەدا خراوەتە سەر گەڕوگول و لێچوونی جەستەیی دەریدەخەن کە چۆن ناپاکبوون دەبێتە هۆی گڵاوبوون.

بۆ نموونە، کەسێکی نەخۆش دەبوا هاواری بکردبا و بیگوتبا: «گڵاو! گڵاو!» (لێڤییەکان ١٣: ٤٥). ئەو پیسەی کە لە گەڕوگولییەوە سەرچاوە دەگرت دەبووە هۆی گڵاوبوون کە ئەوەش گۆشەگیری و دەرکردنی لەگەڵ خۆی دەهێنا. «هەموو

١٢ ئەم بەراوردە بە دەستکارییەوە لە (ئاندرو ئێرینگتۆن)ەوە وەرگیراوە کە لەم پەڕتووکەدا ئاماژەی پێکراوە: Brian S. Rosner, Paul and the Law: Keeping the Commandments of God, New Studies in Biblical Theology (Downers Grove, IL: IVP Academic 2013), 25.

ئـەو ڕۆژانـەی نەخۆشـییەکەی پێوەیـە گڵاو دەبێـت، گڵاوە و بـە تەنهـا دەژیێـت، دەرەوەی ئـۆردوگا دەبێتـە جێـی مانـەوەی» (لێڤییـەکان ١٣: ٤٦). ئـەو ئیسرائیلییانـەی کـە بەپێـی دابونەریـت گڵاو بـوون، دەبـوا لـە خزمەتـی خودایـان بڕۆشـتبان و بڕۆنـە دەرەوەی ئـۆردوگا. چوونـە دەرەوە لـە ئـۆردوگای ئیسرائیـل واتـە دوورکەوتنـەوە لە خودا بـۆ ماوەیەکـی کاتـی، کـە بـە شـکۆمەندییەوە لەنێـو چـادری پەرستندا نیشـتەجێ بـوو.

هــەر کەسـێک دەسـتی بـەر کەسـێکی گەڕوگـول بکەوتبـا یـان کەسـێک کـە نەخۆشـی لێچوونـی جەسـتەیی هەبوایـە، ئـەو ئەویـش گڵاو دەبـوو و پێویسـتی بـە پاکبوونـەوە دەبـوو. یـەزدان داوای لـە موسـا کـرد کـە پێویسـتە ئـەم یاسایانەی تایبەتـن بـە پاکبوونــەوە جێبەجـێ بکـەن تاکـو ئۆردوگاکـە بـە پیـرۆزی ڕابگیردرێـت. «جـا نـەوەی ئیسرائیـل جیـا بکەنـەوە لـەو شـتانەی گڵاویـان دەکات، بـا لـە گڵاویـدا نەمـرن و نشـینگەکەم کـە لەنێویاندایـە گڵاوی نەکـەن» (لێڤییـەکان ١٥: ٣١).

کەواتـە یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز چـۆن یارمەتیـمان دەدات کـە لـەم سـێ بەشـەی لێڤییـەکان تێبگەیـن و بەدڵسـۆزییەوە باسـی بکەیـن؟

وەکـو چـۆن دواتـر دەیبینیـن، بناغـە و بنەمـای یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز بریتییـە لـە خوێنـدن و لێکۆڵینەوەیەکـی ورد و پڕاوپـڕ لـە نوێـژی دەقـی کتێبـی پیـرۆز، وە ڕێگـەدان بـە کتێبـی پیـرۆز کـە خـۆی واتـای خۆیـمان نیشـان بـدات. پێویسـتە وتاربێـژ بەباشـی ورد ببێتـەوە و دەقەکـە لـە هەڵوێسـت و بازنـەی بنەڕەتـی خۆیـدا بخوێنێـت، ئینجـا بکشـێتەوە بـۆ ئـەوەی بزانێـت کـە چـۆن ئـەو دەقـە لەنێـو چیرۆکـی گـەورەی کتێبـی پیـرۆزدا جێگـەی دەبێتـەوە کـە عیسـا پاڵەوانـی چیرۆکەکەیـە. دوای گەنگەشـەکردنێکی ورد و دڵسـۆزانەی واتـای ئـەم سـێ بەشـەی لێڤییـەکان بـە لەبەرچاوگرتنـی بازنـەی مێژوویـی دەقەکـە، دەبێـت بپرسـین کـە ئاخـۆ چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز چ شـتێکمان لەبـارەی (لێڤییـەکان ١٣ – ١٥)ەوە پـێ دەڵێـت. چەندیـن پەیوەنـدی سـەرنجڕاکێش لەنێـوان ئـەم یاسـایەنەی تایبـەت بـە پاکبوونـەوە و کار و خزمەتـی عیسـای مەسـیحدا هەیـە کـە لـە ئینجیلەکانـدا تۆمـار کـراون.

بەڕاسـتی جێگـەی سـەرنجە کـە کاتێـک عیسـا دەسـتی لـە پیاوە گەڕوگولەکـە و ئـەو ژنـە دا کـە نەخۆشـی خوێنبەربوونـی هەبـوو، عیسـا گڵاو نەبـوو، بەڵکـو، ئەوانـی پـاک کـردەوە.

لۆقا هەر دوو ڕووداوەکەی تۆمار کردووە:

«کاتێـك عیسـا لـە یەکێـك لـە شـارەکان بـوو، پیاوێـك هـات کـە بە تـەواوی گـول ببوو. کـە عیسـای بینـی خـۆی بـە زەویـدا دا و لێـی پاڕایـەوە: گـەورەم، ئەگـەر بتەوێـت، دەتوانیـت پاکـم بکەیتـەوە. عیسـاش دەسـتی بـۆ درێژکـرد و دەسـتی لێـدا، فەرمـووی: دەمەوێـت، پـاك بـەرەوە. ئیـتر یەکسـەر گولییەکـەی لێبـووەوە.« (لۆقـا ٥: ١٢- ١٣)

«ژنێـك دوازدە سـاڵ خوێنبەربوونـی هەبـوو، هەمـوو ئـەوەی هەیبـوو دابـووی بـە پزیشـك، کەسـیش نەیتوانـی چاکـی بکاتـەوە. جـا لـە دواوە هـات و دەسـتی لـە چمکـی کراسـەکەی عیسـا دا، دەسـتبەجێ خوێنبەربوونەکـەی وەسـتا.» (لۆقـا ٨: ٤٣- ٤٤)

هـەر دوو دەقەکـە پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکـەن عیسـا دەسـتی لـەو کەسـانە داوە یاخـود ئـەو کەسـانە دەسـتیان لێـداوە کـە نەخۆشـیی جەسـتەییان هەبـووە کـە ببوەهـۆی گۆشـەگیر بـوون و ڕسـوابوونیان چونکـە بەپێـی ڕێوڕەسـم و دابونەریتـی ئایینـی گڵاو بـوون. لەگـەڵ ئەوەشـدا، دەسـتدان لـە کەسـێکی گەڕوگـول نەبـووە هـۆی گڵاوبوونـی عیسـا. عیسـا کـە کەسـە پیرۆزەکـەی ئیسرائیلـە، دەتوانێـت گڵاو پـاك بکاتـەوە. بێگومـان نووسـەرانی ئینجیـل تەنهـا بـەوەوە ناوەسـتن.

هەمـوو ئینجیلـەکان بـە مـردن و زیندووبوونـەوەی مەسـیح کۆتاییـان دێـت. عیسـا لـە کۆتاییـدا لـە خـاچ دەدرێـت کـە بەهۆیـەوە نەفرەتـی گونـاە دەگرێتـە خـۆ. عیسـا لەسـەر خـاچ ئـازاری دەرەوەی ئۆردوگاکـەی چەشـت، لـە کاتێکـدا لـە خـودا جـودا دەبـووە، بەرگـەی سـوکایەتی و سەرزەنشـتی گەلەکـەی گـرت و هەروەهـا لەسـەر خـاچ بەرگـەی نەفرەتـی خـودای هەرەبەتوانـای گـرت. عیسـا لەسـەر خـاچ کۆتـا پاکبوونەوەی بـۆ گەلەکـەی مسـۆگەر کـرد. بـەو جـۆرەی کـە نووسـەری عیبرانییـەکان پێـمان دەڵێـت: «لەبـەر ئـەوە عیسـاش لـە دەرەوەی دەرگای شـار ئـازاری چێـژت، تاکـو بـە خوێنـی خـۆی گـەل پیـرۆز بـکات» (عیبرانییـەکان ١٣: ١٢).

کەواتـە یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز یارمەتـی وتاربێـژ و قەشـە دەدات، چونکـە ڕێنماییـان دەکات بـە ئاراسـتەی ئـەم جـۆرە شـیکردنەوەی دەقـە کـە لـە (لێڤییـەکان ١٣ – ١٥)دا بینیـمان کـە ئەویـش بریتییـە لـە شـیکردنەوەیەکی مزگێنیدەرانـە کـە عیسـا کۆڵەکـە و چەقـی بابەتەکەیـە. لـە جێگـەی دەقـی بـێ چوارچێـوە، دەبێـت ئەوپـەڕی

هەوڵی خۆمان بخەینە گەڕ کە دڵسۆزانە مەسیح لە هەموو سیپارەکانی کتێبی پیرۆزدا ڕابگەیەنین.

## ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی پەیامی عیسا لە جێگەی مۆراڵیزم

دووەم، یەزداناسی بەپێی کتێبی پیرۆز وتاربێژ لە مۆراڵیزم دەپارێزێت و ڕێنمایی دەکات لە نیشاندانی ئەوەی کە چۆن عیسا پاڵەوانی تەواوی چیرۆکەکەیە.

ئەو وتارانەی کە بە مۆراڵیزم دەوره درواون تەنها تیشک دەخەنە سەر تایبەتمەندی ئەرێنی و نەرێنی کەسایەتییەکی نێو کتێبی پیرۆز لەپێناو چاککردنی و گۆڕینی هەڵسوکەوت و ڕەفتاردا. مۆراڵیزم هانی گوێگر دەدات کە ڕەفتار و ئاکاری چاک بکات؛ گوێگریش لەسەر حیسابی ئینجیل ئەو کاره دەکات، واتە زیان بە ئینجیل دەگەیەنێت. ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە، چونکە وەکو چۆن بینیمان، کتێبی پیرۆز تەنها بەرنامەیەکی چاکسازی هەڵسوکەوت و ڕەفتار نییە. هەواڵی خۆشی ئینجیلی پیرۆز ڕابەری گۆڕین و چاککردنی ڕەوشت و ئاکار نییە. قەشە و مامۆستایان داوایان لێکراوە کە مەسیح ڕابگەیەنن (کۆلۆسی ١: ٢٨). نووسراوە پیرۆزەکان دەتوانن لە ڕێگەی باوەڕ بە عیسای مەسیح بتکەنە دانا بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاری (دووەم تیمۆساوس ٣: ١٥). کەواتە لە هەر دەقێک وتار پێشکەش دەکەیت، تۆ وتارەکەت تەواو نەکردووە هەتا ئەو کاتەی کە ڕوونی دەکەیتەوە چۆن ئەو دەقە ئاماژە بە عیسا دەکات و شکۆی ڕادەگەیەنێت.

یەزداناسی بەپێی کتێبی پیرۆز یارمەتیشمان دەدات کە دڵسۆزانە لەبارەی دەقێکەوە وتار بدەین، بۆ نموونە (یەکەم ساموئێل ١٧) کە باسی چیرۆکی داود و گولیات دەکات. ئەم چیرۆکە تەنها باسی ئەوە ناکات کە چۆن ڕووبەڕووی کێشە زەبەلاحەکانی ژیانمان ببینەوە. وە ئامانجی دەقەکەش ئەوە نییە کە تیشک بخرێتە سەر بوێری و ئازایەتی داود. گومان لەوەدا نییە کە داود ئەوپەڕی بوێری نیشان دا کە ڕووبەڕووی گۆلیاتی پاڵەوان بووەوە. ئەگەر بێتو کاتێک لەبارەی ئەم دەقەوە لە کڵێساکەماندا وتار دەدەین باسی ئەوە بکەین کە «داود بەڕاستی بوێر و ئازا بوو؛ بۆیە پێویستە ئێمەش هەوڵ بدەین و تێبکۆشین وەکو ئەو بوێر بین»، ئەوا ئێمە بەتەواوی سوکایەتی و بێڕێزیمان بە مەسیح کردووە، کە شایانی هەموو شکۆ و ستایشێکە.

یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز لە ڕێگەی دوورخستنەوەمان لەم جۆرە وتارانە، لە بەرامبەر مۆراڵیزمدا دەمانپارێزێت. لەوانەیە داود پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بێت، بەڵام مەسیح پاڵەوانی تەواوی کتێبی پیرۆزە.

زۆبەی کات کتێبی پیرۆز کەسایەتییەکان دەکات بە نموونە. (عیبرانییەکان ١١) ئاماژەی بە پاڵەوانانی باوەڕ کردووە، کە داودیشی تێدایە (عیبرانییەکان ١١: ٣٢-٣٤). کەواتە، ڕاستە کە داود نموونەیەکی ئەرێنییە بۆ باوەڕداران. بەڵام کاتێک کە بەوردی و بە ئەنجامدانی نوێژ و نزا، (یەکەم ساموئێل ١٧) دەخوێنینەوە، دەبینین کە کەسێکی مەزنتر لە داود لێرەدایە! کاتێک کە هەندێک دەکشێینەوە و ئەم دەقە لەنێو چیرۆکی کتێبی پیرۆزدا دادەنێین، دەبینین کە پەیوەندیگەلێکی زۆر مەزن دەبینین سەبارەت بە پاشایەکی مەزنتر.

وەک دەزانین داود کە سەربە هۆزی یەهودا بوو (یەکەم ساموئێل ١٦: ١؛ (لەگەڵ پەیدابوون ٤٩: ١٠ بەراوردی بکە) و لە شاری بێتلەحم لەدایک بوو (یەکەم ساموئێل ١٦: ٤)، پاشایەکی بە ڕۆح دەستنیشانکراو بوو (یەکەم ساموئێل ١٦: ١٣) کە لە ڕێگەی باوەڕ و پەیوەندی گەموگوڕی لەگەڵ یەزدان (١٧: ٢٦، ٣٦، ٤٥- ٤٦) وەکو نوێنەری گەلەکەی پاڵەوانانە هەڵسوکەوتی کرد (١٧: ٤٨- ٥١)، بۆ ئەوەی دوژمنێکی زۆر بەهێز لەناو ببات (١٧: ٤- ٧)، هەروەها بۆ ئەوەی سوود و قازانجە شکۆدارەکانی سەرکەوتنەکەی بەهێز و پتەو بکات (١٧: ٨- ٩، ٥٢- ٥٤) بۆ گەلێکی ترسنۆک و بێ باوەڕ و ناشایستە (١٧: ٢٤). ئەگەر ئەم دەقە بە هاوێنە و لێنزی یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز لە وتار و فێرکردنەکاندا باس بکەین، ئەوا دەتوانین ئەوە ببینین کە چۆن چوارچێوەی کتێبی پیرۆز ئاماژە بە داودێکی مەزنتر دەکەن، ئەوەی کە کوڕی داود و هاوکات پەروەردگاریشیەتی (لۆقا ٢٠: ٤١- ٤٤)، ئەوەی کە مەزنترین پاڵەوانی کتێبی پیرۆزە. ئەم جۆرە فێرکردن و وتارە تیشک دەخاتە سەر خودی دەقەکە، هەروەها سەرنجی کۆنتێکستی کتێبی پیرۆز دەدات کە بەرەو مەسیحمان دەبات.

هەروەها سەرنجی ئەوەش بدە کە چۆن یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز لە مۆراڵیزم دەمانپارێزێت لە چیرۆکی شەمشون کە لە (ڕابەران ١٣ – ١٦)دا هاتووە. ژیانی شەمشون تەنها خۆپاراستن نییە لە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ بێباوەڕاندا.

شەمشـون پەیوەنـدی نادروسـتی لەگـەڵ ژنـان دەبەسـت (١٤: ٣؛ ١٦: ٤- ٥)، بـە ژنـی لەشفرۆشیشـەوە (١٦: ١). وە بـە ئەنجامدانـی ئـەو کارە، لاسـایی بەدڕەوشـتیی ڕۆحـی گەلـی ئیسرائیلـی کـردەوە کە شـوێن ژن و خوداوەنـدە بێگانەکان کەوتبـوون (دەرچوون ٣٤: ١٥- ١٦؛ دواوتـار ٧: ٣- ٤؛ ڕابـەران ٣: ٦؛ یەرمیـا ٣: ١- ٢). بـەڵام ئەگـەر ئاسـتی ئـەم دەقـە نـزم بکەینـەوە و بڵێیـن «شەمشـون لەگـەڵ ژنێکـی خراپـدا پەیوەنـدی دروسـت کـرد؛ کەواتـە وەکـو شەمشـون مەبـن»، ئـەوا کەوتووینەتـە نێـو چاڵـی مۆرڵیزمـەوە.

ژیـان و مردنـی شەمشـون قووڵیـی گوناهـی ئیسرائیـل وەکـو نەتـەوە نیشـان دەدات. ڕابـەرە گەنـدەڵ و خراپەکانـی گـەل، گەندەڵیـی گـەل نیشـان دەدەن. سـیپارەی ڕابـەران بـە گشـتی و کار و خزمەتەکـەی شەمشـون بـە تایبەتـی، نیشـانی دەدەن کـە ئیسرائیـل چەنـدە پێویسـتی بـە پاشـایەکی بـاش و ڕاستودروسـت و پیـرۆز هەیـە (ڕابــەران ١٧: ٦؛ ١٨: ١؛ ١٩: ١؛ ٢١: ٢٥).

کاتێـک کـە توانیـمان ئـەم بابەتـە لـە سـیپارەی ڕابەرانـدا ببینیـن، ئـەوا دەتوانیـن بکشـێینەوە و چیرۆکـی شەمشـون ببەسـتینەوە بە چیرۆکـی گەورەتری کتێبـی پیرۆزەوە. ئـەوەی کـە بۆمـان دەردەکەوێـت ئەوەیـە کـە زۆرێـک لـە هێـما دەقییـەکان دەبنـە هـۆی دەسـتەبەرکردنی بـەراورد و جیـاوازی دەقەکانـی ئینجیـل لەنێـوان شەمشـون و عیسـادا. سـەرنجی ئـەوە بـدە کـە لـە چیرۆکـی شەمشـوندا فریشـتەیەک لـە ئیسرائیلـدا بـە ژنێکـی نەزۆکـی ڕاگەیانـد کـە سـکی پـڕ دەبێـت و منداڵێکـی دەبێـت کـە دەبێتـە ڕزگارکاری ئیسرائیـل (٢: ١٦، ١٨؛ ١٣: ١- ٥).

ئـەم ڕزگارکارە بەهێـز بـوو، وە یـەزدان بەرەکەتـداری کـرد (ڕابـەران ١٣: ٢٤). ڕۆحـی یـەزدان هێـز و توانـای بـە کار و خزمەتـە مەزنەکـەی بەخشـی (١٣: ٢٥؛ ١٤: ٦، ١٩؛ ١٥: ١٤). وە ئـەم ڕزگارکارە کـە لـە لایـەن خـوداوە دەستنیشـانکرابوو، کەسـێکی ئەوەنـدە نزیـک کـە دەتوانێـت ماچـی بـکات، لـە بەرامبـەر هەندێـک زیـودا ناپاکـی بەرامبـەر دەکات و دەیداتــە دەســت دوژمنەکانــی (١٦: ٥). قۆڵبەسـت کـرا و بـەرەو مەرگیـان بـرد (١٦: ٢١)، بـە دوژمنـە گاڵتەچییەکانـی دەورە درابـوو (١٦: ٢٣- ٢٥). شەمشـون بـە باوەشـی کـراوە (١٦: ٢٩)، نوێـژی بـۆ یـەزان کـرد و داوای هێـزی لـێ کـرد بـۆ ئـەوەی تۆڵـە لـە دوژمنەکانـی بکاتـەوە (١٦: ٢٨) لـە ڕێگـەی مردنیـی خۆیـەوە (١٦: ٣٠).

بـەڵام کۆتـا نوێـژ و نـزای بـۆ تۆڵەکردنـەوە بـوو نـەک بەزەیـی و میهرەبانـی (لۆقـا ٢٣: ٣٤). یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز یارمەتیـمان دەدات ئـەوە ببینیـن کـە چـۆن عیسـا، نـەک شەمشـون، دەبێـت وەک کۆتـا ڕزگارکار و دادوەر و پاڵەوانـی کتێبـی پیـرۆز ڕابگەیەنرێـت.

مۆراڵیـزم تەنانـەت لـە کاتـی وتـاردان لـە پەیمانـی نوێشـدا، دەکرێـت ببێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی کێشـە و گرفـت. یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز دەمانپارێـزت لـە مۆراڵیـزم و ڕێنماییـمان دەکات کـە چاومـان لەسـەر عیسـا دابنێیـن، تەنانـەت کاتێـک کـە لەبـارەی ئینجیلەکانـەوە وتـار و فێرکـردن پێشـکەش دەکەیـن.

ئـەم پێـوەر و بنەمایـە دەمانپارێزێـت لـەوەی کـە کاتێـک دەقێـک دەخوێنینـەوە، نەپرسـین: ئاخـۆ ئـەم دەقـە چ شـتێکم لەبـارەی خۆمـەوە پـێ دەڵێـت؟ یـان ئـەوەی کـە تووشـی وەسوەسـە بیـن و بپرسـین: لـەم چیرۆکـەدا لـە کـێ دەچـم؟ لـە جێگـەی ئـەم پرسـیارانە یەکـەم جـار و پێـش هەمـوو شـتێک دەبێـت بپرسـین کـە ئاخـۆ ئـەم دەقـە چ شـتێکم لەبـارەی عسـای پـەروەردگارەوە پـێ دەڵێـت؟

بـۆ نموونـە، بـا باسـی بەسـەرهاتی تاقیکردنـەوەی عیسـا بکەین لـە لایەن شـەیتانەوە، کـە لـە سـەرەتای خزمەتـە زەمینییەکەیـدا لـە چۆڵەوانـی ڕوویـدا. ئـەم بەسـەرهاتە لـە (لۆقـا ٤: ١- ١٣)دا هاتـووە.

«عیسـا پـڕ ببـوو لـە ڕۆحـی پیـرۆز کـە ڕووبـاری ئوردونـی بەجێهێشـت، ڕۆحەکـە بـەرەو چۆڵەوانـی ڕێنمایـی کـرد. چـل ڕۆژ ئیبلیـس تاقـی دەکـردەوە. بـە درێژایـی ئـەو ڕۆژانـە هیچـی نەخـوارد، کاتێـک ماوەکـە تـەواو بـوو برسـی بـوو. ئیبلیـس پێـی گـوت: «ئەگـەر تـۆ کـوڕی خودایـت، بـەم بـەردە بڵـێ بـا ببێتـە نـان.» عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «نـووسراوە: [مـرۆڤ تەنهـا بـە نـان ناژییـت.]» ئینجـا ئیبلیـس عیسـای بـردە شـوێنێکی بـەرز و لـە چاوتروکانێکـدا هەمـوو شانشـینەکانی جیهانـی پیشـان دا و پێـی گـوت: «هەمـوو ئـەم دەسـەڵات و شـکۆیەی ئـەوان دەدەمـە تـۆ، چونکـە دراوەتـە مـن و منیـش دەیـدەم بـە هەرکەسـێک کـە بمەوێـت. لەبـەر ئـەوە ئەگـەر لەبەردەمـم کڕنـۆش ببەیـت، هەمـووی بـۆ تـۆ دەبێـت.» عیسـاش وەڵامـی دایـەوە: «نـووسراوە:

[کڕنۆش بۆ یەزدانی پەروەردگارت دەبەیت و تەنها ئەو دەپەرستیت.]»

ئینجا ئیبلیس بۆ ئۆرشەلیمی برد و لەسەر گوێسەبانەی پەرستگا ڕایگرت و پێی گوت: «ئەگەر تۆ کوڕی خودایت لێرەوە خۆت هەڵبدە خوارەوە. لەبەر ئەوەی نووسراوە:

«[سەبارەت بە تۆ فەرمان بە فریشتەکانی دەدات، بۆ ئەوەی بتپارێزن، لەسەر دەستیان هەڵتدەگرن تاکو پێت بەر بەردێک نەکەوێت.]»

عیساش وەڵامی دایەوە: «گوتراوە: [یەزدانی پەروەردگارتان تاقی مەکەنەوە.]» کاتێک ئیبلیس هەموو تاقیکردنەوەیەکی تەواو کرد، بەجێی هێشت هەتا دەرفەتێکی دیکە.»

ئەو ڕاستییە بنەڕەتییەی کە لەم دەقەوە فێری دەبین بریتی نییە لە «چۆن وەکو عیسا ڕووبەڕووی تاقیکردنەوە و وەسوەسە ببینەوە». زانینی دەقەکانی کتێبی پیرۆز بە مەبەستی نەکەونە تەڵەی وەسوەسەوە، مەبەستی لاوەکی دەقەکەیە. پێویستە وشەی خودا لە دڵماندا بشارینەوە کە ناهێڵێت لە کاتی تاقیکردنەوە و وەسوەسەدا گوناه دژی خودا بکەین.

بەڵام ئەگەر ئەم دەقە بەرتەسک بکەینەوە و بڵێین کە «عیسا تاقی کرایەوە و ڕووبەڕووی وەسوەسە بووەوە. ئەو بەم شێوەیە دژی تاقیکردنەوەی شەیتان وەستایەوە. کەواتە با وەکو عیسا بین»، ئەوا مەبەستی سەرەکی دەقەکەمان لەدەستداوە. ئەم دەقە بابەتی زۆتر لەخۆ دەگرێت و یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز هاوێنە و لێنزی پێویستمان بۆ بینینی پێ دەبەخشێت.

لۆقا پێشتر ڕوونی کردووەتە کە عیسا کوڕی خۆشەویستی خودایە. لە کاتی لەئاوهەڵکێشانی عیسادا، «دەنگێک لە ئاسمانەوە هات: تۆ کوڕی خۆشەویستمی، بە تۆ زۆر دڵشادم» (لۆقا ٣: ٢٢). ئینجا لۆقا باسی ڕەچەڵەکی عیسا دەکات کە لە ئادەمی کوڕی خودا دەگاتە لوتکە (لۆقا ٣: ٣٨). وە کاتێک کە چیرۆکی تاقیکردنەوە و وەسوەسەکەی عیسا دەخوێنینەوە، دەبینین کە هەموو ئەو ئایەتانەی کە عیسا لە کاتی شەڕکردنی لەگەڵ شەیتان بەکاریدەهێنێت، پەیوەندی بە تاقیکردنەوەکەی ئیسرائیلەوە هەیە لە چۆڵەوانی (دواوتار ٨: ٣؛ ٦: ١٣، ١٦). ئیسرائیل لە (دەرچوون ٤: ٢٢)دا بە کوڕی نۆبەرەی خودا ناوزەد کراوە؛ گەلی ئیسرائیل لە چۆڵەوانیدا تاقی کرانەوە و زۆر بە خراپی شکستیان خوارد.

کاتێـک کـە هەندێـک دەکشـێینەوە دواوە، ئـەوا چەندیـن لایەنـی هاوبەشـی نێـوا تاقیکردنەوەکـەی عیسـا و تاقیکردنەوەکـەی گەلـی خـودا لـە چۆڵەوانیـدا دەبینیـن، کـە لـە (دواوتـار ٨: ٢- ٣)دا باسـی کـراوە:

«هەمـوو ئـەو ڕێگایانەشـتان لـە یـاد بێت، کـە یەزدانـی پەروەردگارتان لە مـاوەی ئەم چـل سـاڵە لـە چۆڵەوانیـدا ئێـوەی پێـدا بـرد هەتـا بێفیزتـان بـکات و هەڵتانبسـەنگێنێت تاکـو ئـەوەی لەنـاو دڵتانـە بیزانێـت، ئاخـۆ فەرمانەکانـی پەیـڕەو دەکـەن یـان نـا. جـا بێفیـزی کـردن و برسـی کـردن و مەنـی دەرخـوارد دان، کـە پێشـتر نەتاندەزانـی و باوباپیرانتیشـتان نەیاندەزانـی هەتـا فێرتـان بـکات کـە مـرۆڤ تەنهـا بـە نـان ناژییـت، بەڵکـو بـە هـەر وشـەیەک کـە لـە دەمـی یەزدانـەوە دێتـە دەرەوە.»

چـۆن یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز لـە بەرامبـەر مۆراڵیزمـدا دەمانپارێزێـت و یارمەتیـمان دەدات عیسـا وەکـو پاڵەوانـی ئـەم دەقـەی کتێبـی پیـرۆز ببینیـن؟ کاتێـک کـە چاومـان لەسـەر عیسـایە، ئـەوا بۆچوونـی خۆمـان بەسـەر دەقەکـەدا زاڵ ناکەیـن. لۆقـا بۆمـان ڕوون دەکاتـەوە کـە عیسـا چەنـدە جیـاوازە لـە ئـادەم و ئیسرائیـل. ئـادەم، کـوڕی ناپاکـی خـودا، لـە لایـەن مارەکـەوە تاقـی کرایـەوە بـۆ ئـەوەی متمانـەی بـە خـودا لەدەسـت بـدات و ئارەزووەکانـی خـۆی لـە لـە باخچـەی عـەدەن لـە بەهەشـتدا تێـر بـکات (پەیدابـوون ٣: ١، ٦). ئـادەم کەسێکی ناپـاک بـوو و شکسـتی خـوارد. بـەڵام عیسـا دڵسـۆز بـوو و نەکەوتـە نێـو داو و تەڵەکـەی شـەیتانەوە (لۆقـا ٤: ٣- ٤).

ئیسرائیـل، کـوڕە ناپاکەکـەی خـودا (دەرچـوون ٤: ٢٢)، لـە ڕووبـار پەڕییـەوە (دەرچـوون ١٤: ٢١- ٣١)، وە دەسـتبەجێ خـودا بـەرەو چۆڵەوانـی ڕێنمایـی کـرد، کـە لەوێـدا بـۆ مـاوەی ٤٠ سـاڵ تاقـی کرانـەوە (دواوتـار ٨: ٢). ئیسرائیـل ناپـاک بـوو و شکسـتی خـوارد. بـەڵام عیسـا، کـوڕە دڵسـۆزەکەی خـودا، لـە ڕووبـار پەڕییـەوە (لۆقـا ٣: ٢١) و دەسـتبەجێ ڕۆحـی پیـرۆز بـەرەو چۆڵەوانـی ڕێنمایـی کـرد، کـە لەوێـدا بـۆ مـاوەی ٤٠ ڕۆژ تاقـی کرایـەوە (لۆقـا ٤: ١- ٢). بـەڵام لـە کاتێکـدا کـە ئـادەم و ئیسرائیـل شکسـتیان خـوارد، عیسـا سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا.

کەواتـە چـۆن (لۆقـا ٤: ١- ١٣) لـە بنەڕەتـدا باسـی ئـەوە دەکات کـە چـۆن دژی وەسوەسـە و تاقیکردنـەوە بوەسـتینەوە؟ یاخـودا لـە بنەڕەتـدا باسـی عیسـا دەکات

کـە کـوڕی دڵسـۆز و گوێڕایەڵـی خودایـە؟ (فیلیپـی ٢: ٨؛ عیبرانییـەکان ٤: ١٤؛ یەکـەم پەتـرۆس ٢: ٢٢- ٢٣)؟

یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز یارمەتیـمان دەدات پـەی بـەوە ببیـەن کـە ئێمـە هەمووـمـان وەکـو ئـادەم و ئیسرائیـل و ناپـاک و سـەرپێچیکار بوویـن. هەموومـان لـە بەرامبـەر تاقیکردنـەوە و وەسوەسـەدا شکسـتمان خـواردووە و دژی خـودا گوناهـمان کـردووە. بـەڵام عیسـا کـوڕی کامـڵ و تـەواوی خودایـە کـە دڵسـۆز و گوێڕایەڵـە و بـەو هۆیـەوە شـایانی هەمـوو سـتایش و شـکۆمەندییەکە.

کەواتـە لـەم دەقـەدا، یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز یارمەتیـمان دەدات چاومـان لەسـەر عیسـا بێـت، کـە پاڵەوانـی چیرۆکەکەیـە. لـە جێگـەی ئـەوەی نەخشـەی چۆنیەتـی ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ تاقیکردنـەوە و وەسوەسـەدا بکێشـین، تەنانـەت هـۆکاری زۆرترمـان بـۆ شـکۆدارکردنی عیسـا دەسـتکەوت کـە کـوڕی دڵسـۆز و گوێڕایەڵـی خودایـە و هـەر لـە سـەرەتای خزمەتـە زەمینییەکەیـدا تووشـی وەسوەسـە بـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هیچ گوناهێکـی نەکـرد. ئێمـەش وەکـو ئـادەم و ئیسرائیل سـەرپێچیمان کـردووە و شکسـتمان خـواردووە. بـەڵام لـەو شـوێنەی کـە ئێمـە تاقـی کراینـەوە و گوناهـمان کـرد، عیسـا کـە کـوڕی دڵسـۆز و خۆشەویسـتی خودایـە، گوناهـی نەکـرد.

ڕوونـە کـە یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز وتـار و فێرکردنـی کڵێسـای خۆجێیـی و ناوخۆیـی پێکدێنێـت. بـەڵام هێشـتا دەبێـت وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەینـەوە: چـۆن دەبێـت؟ چـۆن کەسـێک دەتوانێـت یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز بخاتـە بـواری جێبەجکـردن و کردەییـەوە؟

بـا پێکـەوە باقـی ئـەم بەشـە لـە ڕوانینـی ئـەو ئامـرازە هەمەچەشـنانەدا بەسـەر ببەیـن کـە مامۆسـتایانی کتێبـی پیرۆز و قەشـە و وتاربێـژان دەتوانـن بەکاریبهێنـن بـۆ ئـەوەی دڵسـۆزانە هـەر دەقێـک ببەسـتنەوە بـە چیرۆکـی سـەرەکی کتێبـی پیـرۆزەوە. (بـۆ ئـەوەی بزانیـت کـە چـۆن یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز بەسـەر شـەش دەقـی نموونەییـدا جێبەجـێ دەبێـت، بڕوانـە پاشـکۆی «نموونـەی زیاتـری یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز.»).

## ئامراز و هەنگاوەکان بۆ ڕاگەیاندنی مەسیح (مزگێنیدان)

ئـەو ئامرازنـەی کـە لـە خـوارەوە بـاس کـراون، دابـەش دەبـن بەسـەر دوو دەسـتەدا: ئامرازەکانـی تایبـەت بـە خوێنـدن و ئامێرەکانـی چیـرۆک. واتـە، هەندێک لە ئامـرازەکان بەتایبەتـی ئیش دەکـەن لەسـەر ڕوانیـن و بەوریاییەوە تیشـک خسـتنە سـەر لێکدانەوە و تێگەیشـتنمان لـە دەقێـک بەپێـی کۆنتێکسـت و مەبەسـتی بنەڕەتـی نووسـەرەکە. ئەم ئامـرازە ڕوونکردنەوانـە یارمەتیـمان دەدەن لـە وەرگرتنـی واتـای دەقـەکان و تیشـک دەخەنـە سـەر نووسـەری مـرۆڤ و دەقـە تایبەتەکـە. ئەگـەر بمانەوێـت بـە باشـی سـوود لـەم ئامرازانـە وەربگریـن ئـەوا دەبێـت نوێـژ بکەیـن و بەجوانـی بڕوانینـە دەقی کتێبـی پیـرۆز. کاتێـك باسـی تیشـک خسـتنە سـەر دەق دەکەیـن، ڕێـک مەبەسـتمان ئـەو ڕوانینـە وردەیـە.

ئامرازەکانـی دیکـە ئامرازەکانـی چیرۆکـن. ئـەم ئامرازانـە یارمەتیـمان دەدەن کـە بزانین دەقێکـی دیاریکـراو چـۆن لەنێـو چیرۆکـی تـەواوی کتێبـی پیـرۆزدا جێگـەی دەبێتـەوە و چـۆن کار دەکاتـە سـەر لوتکـەی چیرۆکەکـە کـە ئەویـش کەسایەتی و خزمـەت و کاری عیسـای مەسـیحە. واتـە، تیشـک دەخەنـە سـەر نووسـەری خودایـی و تـەواوی کتێبـی پیـرۆز. کاتێـک کـە باسـی کشـانەوە لـە دەق دەکەیـن، ڕێـک مەبەسـتمان ئەوەیـە.

کاتێـک یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز «جێبەجـێ دەکەیـن»، لانـی کـەم پێنـج دانـە «هاوێنـە و لێنـزی لێکدانـەوە و شـیکردنەوە» هەنـە کـە بـە هۆیانـەوە دەتوانیـن بێفیزانـە سـەرنج بدەینـە دەقـەکان و بەدروسـتی شـیکردنەوە و لێکدانەوەیـان بـۆ بکەیـن. ئـەم هاوێنـە و لێنزانـە وەکـو تابلـۆ پارێزەرەکانـی تەنیشـت ڕێگا و شـەقامەکان، لەسـەر ڕێگـەی ڕاسـت دەمانهێڵنـەوە.

پێنج هاوێنەکان لەمانە پێکهاتوون:

١. کۆنتێکست
٢. پەیمان
٣. کانۆنی کتێبی پیرۆز
٤. کەسایەتی خودا
٥. مەسیح

## کۆنتێکست

یەکـەم هەنـگاوی جێبەجێکردنـی یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز بریتییـە لـە خوێندنـەوە بەپێـی کۆنتێکسـت. کۆنتێکسـت یەکـەم هاوێنـەی شـیکردنەوە و لێکدانەوەیـە کـە بـە هۆیـەوە دەتوانیـن سـەرنج بدەینـە هـەر دەقێکـی کتێبـی پیـرۆز و لێـی تێبگەیـن. تێگەیشـتن لـە هـەر دەقێکـی کتێبـی پیـرۆز بـە خوێندنەوەیەکـی ورد بەپێـی کۆنتێکسـت دەسـت پێـدەکات لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی شـێواز و مێتـۆدی لێکدانـەوەی ڕێزمانی-مێژوویـی.

ئـەم شـێوازە دوو کۆنتێکسـت لەخـۆ دەگرێـت کـە دەوری بنەڕەتییـان هەیـە لـە تێگەیشـتنی دەقەکانـی پەیمانـی کـۆن: مێژوویـی و ئەدەبـی.

١. کۆنتێکستی مێژوویی. دەقەکە چ واتایەکی بۆ نووسەرە بنەڕەتییەکانی هەبوو؟ واتـای مێژوویـی و بنەڕەتـی دەقێـک تاکـە خاڵـی بابەتیانەمـان پێـدەدات کـە وا دەکات ڕێگـە نەدەیـن هەمـوو جـۆرە پەیامێکـی تاکەکەسـی و هەڕەمەکـی لـە دەقەکـە دابتاشرێـت. کاتێـک کـە واتـای ڕوونـی دەقەکە پشـتگوێ دەخرێـت، دەستبەسـەراگرتنی لێکدانـەوە نامێنێـت و بـەو هۆیـەوە دەقەکـەی کتێبـی پیـرۆز ئـەو واتایـە دەبەخشـێت کـە شـیکەرەوە و لێکـدەرەوە دەیەوێـت.

دەتوانیـت لەڕێگـەی ئـەم پرسـیارانەی خـوارەوە، دڵسـۆزانە کۆنتێکسـتی مێژوویـی بەسـەر بەشـێک یـان دەقێکـی دیاریکـراوی کتێبـی پیـرۆزدا جێبەجـێ بکەیـت:

- نووسەرەکە کێ بوو؟
- لە بنەڕەتدا نووسەر پەیامەکەی ئاراستەی کێ کردووە؟
- ئـەم دەقـە کـەی نـووسراوە؟ ئایا هیـچ هێـما و نیشـانەیەک لـە دەقەکـەی کتێبـی پیـرۆزدا هەیـە کـە کاتـی نووسـینەکە دەربخـات؟
- نووسەر ویستوویەتی ئاماژە بە چ پێویستییەکی خوێنەرانی بکات؟
- واتا و مەبەستی سەرەکی نووسەر بۆ گوێگرانی سەرەتایی چی بوو؟

بـۆ نموونـە، بڕوانـە بەهـای کۆنتێکسـتی مێژوویـی کاتێـک کـە سـیپارەی شـینەکانی یەرمیـا دەخوێنیـت و لێکۆڵینـەوەی لەسـەر دەکەیـت. ئـەم هۆنـراوە پـڕ لـە شـین و

گریانانـە دوای وێرانکردنـی ئۆرشـەلیم و پەرسـتگا دێـت بـە دەسـتی بابلییـەکان لـە ساڵی ٥٨٦ پ. ز. (لەگـەڵ یەرمیا ٥٢ بـەراوردی بکـە). زانینـی ئەم کۆنتێکسـتە مێژووییە زۆر گرنگـە بـۆ ئـەوەی کـە بـە دروسـتی سـیپارەکە لێکبدەینـەوە و جێبەجێـی بکەیـن.

٢. کۆنتێکسـتی ئەدەبـی. کاتێـک کـە کۆنتێکسـتی مێژوویـی بەباشـی جێبەجـێ کـرا، ئامـادەی ئـەوەی کـە بـەوردی کۆنتێکسـتی ئەدەبـی دەقەکـە بخوێنیـت. یەکـەم جـار بڕیـار لەسـەر ئـەوە بـدە کـە لێکدانـەوە و شـیکردنەوە بـۆ چ جـۆرە دەقێـک دەکەیـت.

لـە پەیمانـی کۆنـدا، دەبێـت پێشـوەخت بزانیـت ئـەو دەقـەی کـە دەیخوێنیـت و لێکۆڵینـەوەی لەسـەر دەکەیـت چییـە، ئاخـۆ چیرۆکـە، هۆنراوەیـە، پێشـبینیکردنە، شـەریعەتە، دانایـی یـان ئاشـکراکردنە. دەتوانیـن پەیمانـی نـوێ بەسـەر سـێ ژانـری ئەدەبیـدا دابـەش بکەیـن، ئەوانیـش ئینجیلـەکان (مەتـا و مەرقـۆس و لۆقـا و یۆحەنـا) کـە باسـی سەرگوزەشـتەی مێژوویـی ژیانـی عیسـا بـاس دەکـەن. هـەر یەکەیـان نیشـانی دەدەن کـە عیسـا تەواوکـەری ئـەو بەڵێنـەی خودایـە کـە لـە پەیمانـی کۆنـدا فەرموویەتـی کـە ڕزگارکارێـک بـۆ گەلەکـەی دەنێرێـت. لـەدوای ئینجلـەکان، چیرۆکـی مێژوویـی سـەرهەڵدانی کڵێسـا و فراوانبوونـی لـە سـیپارەی کـرداری نێردراوانـدا دەبینیـن. چـوار ئینجیلەکـە و کـرداری نێـردراوان جۆرێکـن لـە بابەتـی مێژوویـی.

لـەدوای ئـەو سـیپارانە، نامـەکان یـان پەیامـەکان دێـن. ئـەو نامانـە بـۆ ئـەوە نـووسراون بـە بـاوەڕداران بڵێـن کـە شـوێنکەوتنی مەسـیح چۆنـە و بـاوەڕدار دەبێـت چـی بـکات.

کۆتـا ژانـری پەیمانـی نـوێ، بریتییـە لـە ئەدەبـی پێشـبینیکردنی ڕۆژی دوایـی کـە تەنهـا لـە سـیپارەی ئاشـکراکردندا پێکدێـت. یۆحەنـا کـە نووسـەری سـیپارەکەیە، بینینێکـی خودایـی لەبـارەی ڕۆژی دواییـەوە پـێ دەدرێـت بـۆ ئـەوەی بـاوەڕداران هـان بـدات و ئامادەیـان بـکات کـە ئەمـڕۆ بـۆ مەسـیح بژیـن.

بەشـێک لـەوەی کـە ئەوپـەڕی هەوڵـدان بـۆ مامەڵەکردنـی دروسـت لەگـەڵ وشـەی ڕاسـتی واتـای ئەوەیـە کـە پێشـوەخت ژانـرە ئەدەبییەکـەی بزانیـت و ڕێگـەی پـێ بدەیـت کـە بڕیـار لەسـەر خوێندنـەوە و لێکدانـەوە و جێبەجێکردنـی لـە ژیانتـدا بـدات. کـە ژانرەکـەت دیـاری کـرد، ئینجـا دەتوانیـت سـەرنجی ڕێکخسـتنی دەقەکـە

بدەیـت. بـە خوێندنـی وشـەکان و ڕێزمانـی خـودی دەقەکـە دەسـتپێبکە. بـەدوای نیشـانەکانی پێکهاتـەی ڕسـتە و ئـەو وشـە و نیمچـە ڕسـتە ڕوونانـەدا بگـەڕێ کـە دووبـارە بوونەتـەوە، وە بەجوانـی سـەرنجی تـۆن و ئـاوازی دەقەکـە بـدە.

خوێندنـی دەقێـک بەپێـی کۆنتێکسـت پێویسـتی بەوەیـە کـە بەڕوونـی واتـای دەقەکـە لـە کۆنتێکسـتی ئەدەبـی نزیـک و دووردا بزانیـن. ڕێـک لـە پێـش دەقەکـەوە چـی دێـت؟ ڕێـک لـەدوای دەقەکـەوە چـی دێـت؟ کۆنتێکسـتی نزیـک تیشـک دەخاتـە سـەر ئایـەت، ڕسـتە، بڕگـە و بـەش کـە چ واتایەکـی هەیـە و چـۆن پەیوەندییـان بـە یەکـەوە هەیـە. کۆنتێکسـتی دوور تیشـک دەخاتـە سـەر ئـەوەی کـە واتـای دەقەکـە بـە لەبەرچاوگرتنـی تـەواوی پەڕتووکەکـە بزانێـت.

کۆنتێکسـت پاشـایە. دەگوترێـت کـە دەقـی بەبـێ کۆنتێکسـت بیانووهێنانەوەیـە بـۆ بەکارهێنانـی ئایـەت و دەقێکـی دیاریکـراو بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی بازنـە و هەڵوێسـتی دەق. کەواتـە هەمیشـە لـە ڕێگـەی هاوێنـەی کۆنتێکیسـتی سروشـی ڕۆحـی پیـرۆز بڕوانـە دەقێـک، بـە کۆنتێکسـتی مێژوویـی و ئەدەبییـەوە.

## پەیمان

کاتێـک کـە دەقێکـت بەپێـی کۆنتێکستەکەی خوێنـدەوە، دەبێـت بـە لەبەرچاوگرتنی پەیمانیـش بیخوێنیتـەوە. بـە پەیمانـی خـودا دەگوترێـت سـتوونی ئاسـنین کە پشـتگیری لـە چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز دەکات کـە بـەدەوری عیسـادا دەسـووڕێتەوە. گرنگـە کـە سـەرنجی هـەر پێکهاتەیەکـی دەق بدەیـت کـە بەرەوپێشـچوونی پەیمانـی پلانـی خـودا دەستنیشـان دەکات. دوای تێگەیشـتن لـە کۆنتێکسـتی مێژوویـی و ئەدەبـی، دەبێـت لـە هاوێنـەی پەیمانـەوە دەسـت بکەیـت بـە خوێندنـی دەقەکـە. پلانـی ڕزگاریـی خـودا بـەردەوام لـە کتێبـی پیـرۆزدا ئامـاژەی پێکـراوە، کـە لـە عیسـادا دەگاتـە لووتکـە. شـێوازی ئاشـکراکردنی ئـەم پلانـە لەلایـەن خـوداوە، وەکـو گەشـەکردنی تۆوێکـە هەتـا دەبێتـە دارێکـی گـەورە. پـەی بـردن بـەوەی کـە ئـەو دەقـەی لەبەدەسـتدایە چـۆن لەگـەڵ ئـەم بەرەوپێچوونـی پەیمانـەدا دەگونجێـت، زۆر گرنگـە بـۆ لێکدانەوەیەکـی شـیاو و گونجـاو.

وەکـو چـۆن لـە بەشـی سـێیەمدا بینینـمان، لـە تـەواوی کتێبـی پیـرۆزدا کـە لـە پەیدابوونـەوە دەسـت پێـدەکات، خـودا لەگـەڵ کەسـی تایبـەت و لـە کاتـی تایبـەت لـە ڕێگـەی پەیمانـەوە پەیوەنـدی لەگـەڵ دامەزرانـدوون. پەیمانەکانـی کتێبـی پیـرۆز ئەمانـە دەگرێتـەوە:

- پەیمانی ئادەم (پەیدابوون ١ – ٢؛ هۆشەع ٦: ٧)
- پەیمانی نوح (پەیدابوون ٩: ٨- ١٧)
- پەیمانی ئیبراهیم (پەیدابوون ١٢: ١- ٣؛ ١٥: ١- ٢١؛ ١٧: ١- ١٤)
- پەیمانی موسا (دەرچوون ١٩ – ٢٥)
- پەیمانی داود (دووەم سامولێل ٧)
- پەیمانی نوێ (یەرمیا ٣١: ٢٧- ٣٤؛ حزقیێل ٣٦: ٢٤- ٢٨؛ مەتا ٢٦: ٢٧- ٣٠)

کەواتـە کاتێـک کـە دەقەکانـی کتێبـی پیـرۆز لێکدەدەیتـەوە، پێویسـتە بزانیـت کـە چ پەیمانێکـی گەلـی خـودا خاڵێکـی دیاریکـراوی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز بەڕێـوە دەبـات. لـە ڕێگـەی هاوێنـە و لێنـزی پەیمانـەوە بـەوردی لـە دەقەکـەوە بڕوانـە. بـۆ نموونـە چـۆن ئـەم دەقانـەی پەیمانـی کـۆن لـە خـوارەوە هاتـوون، لێکدەدەیتـەوە و جێبەجییـان دەکەیـت.

- ڕێنماییەکانی نوح بۆ دروستکردنی کەشتییەکە
- ئەو خاکەی کە بەڵێنی بەخشینی بە ئیبراهیم درا
- ڕێنماییەکانی پاکبوونەوە لە لێڤییەکان
- بەڵێنەکانی خودا لەمەڕ پاراستنی داود

هەریـەک لـەم دەقانـە پەیوەندییـان بـە پەیمانێکـی کتێبـی پیـرۆزەوە هەیـە. ئەگـەر دەتەوێـت بـە دروسـتی لـە دەقێـک تێبگەیـت و لێکـی بدەیتـەوە، ئـەوا پێویسـتە و زۆر گرنگـە کـە بزانیـت دەقەکـە لـە کوێـدا دەکەوێتـە نێـو پەیمانـی چیرۆکـی کتێبی پیـرۆزەوە.

بەدروسـتی ناسـینەوەی ئـەو پەیمانـەی کتێبـی پیـرۆز کـە بەسـتراوەتەوە بـە هـەر دەقێکـی پەیمانـی کۆنـەوە، یارمەتیـت دەدات کـە دەقەکـە بخەیتـە نێـو نەخشـەی ڕزگاری – مێژوویـی کتێبـی پیـرۆزەوە:

بەدیهێنان کەوتنی مرۆڤ (یەکەم گوناە) کڕینەوە بەدیهێنانی نوێ

هەموو ڕووداوێکی کتێبی پیرۆز دەکرێت لەسەر ئەم نەخشەڕێگای کڕینەوە – مێژووییە جێ بکەینەوە. نەخشەی پەیمان یارمەتیت دەدات کە شوێنی دەقەکە دەستنیشان بکەیت، هەروەها دەتوانیت شوێنی خۆت لە پلانی خودا بۆ کرینەوەی مرۆڤەکان دەستنیشان بکەیت.

تێگەیشتن لە دەقی پەیمان بە شێوەیەکی تایبەت گرنگە بۆ جێبەجێکردنی پەیمانی کۆن. بۆ نموونە، چۆن لە (لێڤییەکان ١٩: ١٩) تێدەگەیت و جێبەجێی دەکەیت کە دەڵێت: «با جلێکت لەبەر نەبێت کە دوو جۆر بێت»؟ ناکرێت ڕاستەوخۆ لە دەقەکەوە بێینە سەر ژیانمان، ئەو هۆکارە سادەیەی کە ئێمە چیتر لەژێر پەیمانی موسادا ناژین، پێویستی بە ڕامان و چاولێکردنی دووبارەیە. ئەم فەرمانە لە کاتی پەیمانی موسادا دراوە و بەسەر ئیسرائیلدا جێبەجێ کرا بۆ ئەوەی گەلی خوا وەکو کەسانێکی جیاواز و پیرۆز خۆیان جودا بکەنەوە. ئەگەر فراوانتر لێی بڕوانین، ئەم فەرمانە بەشێکە لە کۆمەڵە ڕاسپاردە و فەرمانێک لە (لێڤییەکان ١٩)، کە داوا لە ئیسرائیل دەکات داوکاری خودا بۆ پیرۆزبوون لەبەرچاو بگرن لە ڕێگەی نەهێشتنی ناکۆکی لەنێو بەدیهێنراواندا و جودابوونیان لە کاری بتپەرستەکانی نەتەوەکانی دەوروبەریان.

بەڵام ئێمەی باوەڕداران دەزانین کە مەسیح هاتە سەر زەوی و بەتەواوی شەریعەتی موسای جێبەجێ کرد و لە ڕێگەی مردنی قوربانی و هەستانەوەی لەنێو مردووان، پەیمانە نوێیەکەی دامەزراند. کڵێساش، وەکو گەلی ئیسرائیل، داوای لێکراوە کە پیرۆز بێت، وەکو چۆن خودا پیرۆزە (یەکەم پەترۆس ١: ١٤-١٦). لەژێر دەسەڵاتی پەیمانی نوێدا، ئەوەی کە وەکو گەلی هەڵبژێردراوی خودا جودامان دەکاتەوە کە ڕۆحی پیرۆز لە ناخماندا نیشتەجێیە، ئەوەیە کە ئێمە لەنێو نەوەیەکی چەوت و خواردا، پاک و بێ گلەیی کراوین.

کەواتە، هەر کاتێک دەقێکی کتێبی پیرۆز لێکدەدەیتەوە، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بدە: شوێنی ئەم دەقە لەنێو چیرۆکی پەیمانی کتێبی پیرۆزدا لەکوێیە؟

## کانۆنی کتێبی پیرۆز

لێنـز و هاوێنـەی دواتـر کـە دەبێـت لـە کاتـی جێبەجێکردنـی یەزداناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز لەبەرچـاوی بگریـت، بریتییـە لـە هاوێنـەی قەڵەمـڕەوی نـووسراوە پیـرۆزەکان. واتـە، دەبێـت هەمیشـە ئـەو بنەمایـەت لەبیـر بێـت کـە کتێبـی پیـرۆز باشـترین لێکـدەرەوە و شـیکەرەوەی خۆیەتـی. دەبێـت دەقەکـەت بخوێنیتـەوە و بـەدوای ئـەوەدا بگەڕێیـت کـە ئاخـۆ لـە ڕووی دەقـەوە چ پەیوەندییەکی بە بەشـەکانی دیکـەی کتێبـی یپـرۆزەوە هەیـە.

باشـترین ڕێگـە بـۆ دروسـتکردنی ئـەو پەیوەندییـە، بریتییـە لـە خوێندنـەوەی کتێبـی پیرۆزێـک کـە سیسـتەمی ئاماژەکـردن بـە سـەرچاوە هاوتەریبەرکانـی[١٣] تێـدا بێـت. سـەرچاوە هاوتەریبـەکان لەنێـو زۆربـەی کتێبـی پیرۆزەکانـدا یارمەتیـت دەدەن لـە دۆزینـەوەی وتـەی وەرگێـراو و هێـما و نیشـانە و پەیوەندییەکانـی نێـوان بەشـەکانی کتێبـی پیـرۆز.

ئەگـەر پەیمانـی کۆنـت لـە سـیپارەی پەیدابوونـەوە هەتـا سـیپارەی مەلاخـی خوێندبێتـەوە، ئـەوا دەبینیـت کـە کتێبـی پیـرۆز پـڕە لـە خـۆی. واتـە، نوسـەرانی دواتری کتێبـی پیـرۆز بـەردەوام ئامـاژە بـە وتـە و دەقەکانـی پێـش خۆیـان لەنێـو کانۆنـی کتێبی پیـرۆزدا دەکـەن. بـۆ نموونـە، سیپارەی زەبـوورەکان زۆربـەی کات ئامـاژە بـە وتەکانـی تـەورات دەکـەن (بڕوانـە زەبـوورەکان ٨، ٩٥). بەشـی دواتـری سـیپارەی دانیـال (بەشـی ٩- ١٢) بریتییـە لـە بینینێکـی دانیـال کـە هـاوکاری شـیکردنەوەی پێشـبینییەک دەکات کـە لـە بنەڕەتـدا بـە یەرمیـا بەخشرابـوو (یەرمیـا ٢٥: ١- ١٢؛ دانیـال ٩: ٢).

کەواتـە، کاتێـک دەقێکـی کتێبـی پیـرۆز دەخوێنیتـەوە، ئـەم پرسـیارە لـە خـۆت بکـە: نووسـەر چ پەیوەندییـەک لەگـەڵ بەشـەکانی دیکـەی کتێبـی پیـرۆزدا دروسـت دەکات؟ سـەرچاوە هاوتەریبەکانـی کتێبـی پیـرۆز بخوێنـەوە و بزانـە ئـەو دەقـە بـە لەبەرچاوگرتنـی کۆنتێکسـتی تـەواوی کانۆنـی کتێبـی پیـرۆزدا، چ واتایەکـی هەیـە.

لـەوەش زیاتـر، کاتێـک کـە دەقێکی پەیمانـی کـۆن لێکدەدەیتـەوە کـە لـە پەیمانـی نوێـدا ئامـاژەی پێکـراوە، بـە هەمـوو شـێوەیەک شـوێن ڕێنمایـی پەیمانـی نـوێ بکـەوە

[١٣] بە ئینگلیزی دەبێتە Cross-Reference

و لـه خـۆت بپرسـە: تێگەیشـتنی ئـەم نووسـەرەی پەیمانـی نـوێ بـۆ ئـەم دەقـە، چـۆن کار دەکاتـە سـەر لێکدانـەوە و شـیکردنەوەی مـن؟

١. خوێندنـەوە بەپێـی کانۆنـی کتێبـی پیرۆز پێویسـتی بەوەیـە کە بـەوردی بخوێنینەوە. لـە کاتـی خوێندنـەوەدا، دەتوانیـن بـەدوای ئـەم پێنـج شـتەدا بگەڕێیـن: ١. خاڵـە سـەرەکییەکان. بـەدوای ئـەو ڕێگایانـەدا بگـەڕێ کـە دەقەکـەت لەگـەڵ خاڵـە سـەرەکییەکانی کتێبـی پیـرۆزدا دەگونجێنێـت، هـەر لـە پەیدابوونـەوە هەتـا دەگاتـە ئاشـکراکردن. خاڵـی سـەرەکی وەکـو پاشـایەتی، بەدیهێنـان، قوربانیـدان، کـوڕ، بـاوەڕ، نیعمـەت و شـکۆمەندی یارمەتیـت دەدەن کـە دەقەکـەت لـە کۆنتکێسـتی قەڵەمڕەوی گونجـاودا دابنێـی چونکـە ئـەو خاڵـە سـەرەکییانە تـەواوی قەڵەمڕەوی نـووسراوە پیـرۆزەکان دەگرنـەوە.

٢. پێشـبینیکردن. سـەیری ڕابـردوو و داهاتـوو بکـە! چاوەڕێـی ئـەوە بکـە کـە هەندێـك لـە پێشـبینییەکان لـە چەندیـن ئاسـتدا هاتبێتنـە دی. گەڕانـەوەی پێشـبینییەکانی پەیمانـی کـۆن بـۆ عیسـای مەسـیح یەکێکـە لـە ڕێگـە باشـەکان بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی قەڵەمـڕەوی نـووسراوە پیـرۆزەکان.

٣. جۆرناسـی (تایپۆلـۆژی). جۆرناسـی سەرمەشـق و نموونەکانـی کتێبـی پیـرۆز شـی دەکاتـەوە و لێکدانـەوەی بـۆ دەکات. ئـەم سەرمەشـقانە لەوانەیـە لـە ڕووداوێکـدا دەربکەوێـت، یـان کەسـێک، یاخـود لایەنێـک لـە پەیمانـی کـۆن کـە ئامـاژە بـە پێشـبینییەک دەکات کـە لـە پەیمانـی نوێـدا هاتووەتـە دی. سەرمەشـقە مێژووییەکانـی کتێبـی پیـرۆز فێـری ڕاسـتیی پاشـا و شانشـینەکەیمان دەکـەن.

بـۆ نموونـە، ئـادەم جۆرێـک بـوو لـە مەسـیح. «کەچـی مـردن لـە ئادەمـەوە هەتـا موسـا حوکمڕانـی دەکـرد، تەنانـەت بەسـەر ئەوانەشـەوە کـە لـە شـێوەی یاخیبوونەکـەی ئـادەم گوناهیـان نەکردبـوو، کـە نموونـەی ئـەو کەسـەیە کـە دێـت» (ڕۆمـا ٥: ١٤). کاتێک پۆڵـس وەسـفی ئاوارەبوونـی ئیسرائیلییەکانـی بـۆ کڵێسـای کۆرنسـۆس کـرد، گوتـی: «جـا ئـەم شـتانەیان وەک پەنـد بەسـەرهات، بـۆ ئـاگاداری ئێمـەش نـووسراوە، کـە لـە کۆتایـی زەمـان دەژیـن» (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٠: ١١). بەرخـی پەسـخە ئامـاژە بـە بەرخێکـی بـێ لەکـە و تـەواو دەکات کـە سـەر دەبڕدرێـت لەپێنـاو ڕزگارکردنـی گەلـی خـودا لـە ڕێگـەی

ڕووداوێکـی زۆر گەورەتـر لـە دەرچـوون (دەرچـوون ١٢: ١- ١٣؛ یۆحەنـا ١: ٣٦؛ ١٩: ٣٦؛ یەکـەم کۆرنسـۆس ٥: ٧- ٨؛ یەکـەم پەتـرۆس ١: ١٩؛ ئاشـکراکردن ٥: ٦).

جۆرناسـی جیـاوازە لـە کینایـە کـە پەیوەندییەکـی هەڕەمەکـی و زمانەوانـی دروسـت دەکـەن لەنێـوان هێـما و ئـەو شـتەی کـە هێـمای بـۆ کـراوە. بـۆ نموونـە، ئەو گوریسـەی کـە ڕاحابـی لەشـفرۆش لـە شـورای ئەریحـاوە شـۆڕی کـردەوە، ئامـاژە نییـە بـە خوێنـی مەسـیح. لێکچوونێکـی سـادەی ڕووکارانـەی نێـوان دوو شـت لـە کتێبـی پیـرۆزدا، ناچێتـە چوارچێـوەی جـۆرەوە. لەوانەیـە باشـترین ڕێگـە بـۆ دیاریکردنـی جـۆر ئەوەیـە کـە ڕێگـە بـە نووسـەرانی کتێبـی پیـرۆز بدەیـن قسـەی خۆیـان بکـەن لـە ڕێگـەی بەڕوونـی جێگیرکردنـی تایبەتـی جۆرەکـە لـە خـودی دەقـی کتێبـی پیـرۆزدا.

١. بەڵێـن و جێبەجێکـردن. خـودا هەمیشـە دڵسـۆز و وەفـادارە بەرامبـەر بەڵێنەکانـی. زۆربـەی بەڵێنەکانـی خـودا لـە پەیمانـی کـۆن، لـە پەیمانـی نوێـدا هاتوونەتـە دی. لـە کاتـی خوێندنـی پەیمانـی نوێـدا، بگەڕێـوە بـۆ پەیمانـی کـۆن، بـۆ ئەویـە بەڵێنـە بنەڕەتییەکـە ببینیـت و بەدیهاتنەکـەی بـە تێبینـی لـەلای خـۆی بنووسـە. ئایـا ئێسـتا نیـوەی هاتووەتـە دی و نیوەکـەی دیکـەش چاوەڕێـی بەدیهاتنـە؟ یاخـود بەڵێنەکـە بەتـەواوی جێبەجـێ کـراوە؟ ئـاگاداری لایەنـی «پێشـوەخت – هێشـتا نـە»ی هەندێـک لـەو بەڵێنانـە بـە کـە لـە لایـەن مەسـیحی پاشـاوە هاتوونەتـە دی.

٢. بەردەوامبـوون و بەردەوامنەبـوون (دابـڕان). چ شـتێک وەکـو پێشـترە و چ شـتێک گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە؟ ئایـا نووسـەر لـەم دەقـەدا تیشـک دەخاتـە سـەر جیاوازییـەکان یـان لێکچوونـەکان؟ بـۆ نموونـە، ئەگـەر فێرکـردن لەسـەر (پەیدابـوون ١٧) پێشـکەش بکەیـت، کـە خـودا سـەبارەت بـە خەتەنەکـردن فەرمـان بـە موسـا دەدات، کۆنتێکسـتی قەڵەمـڕەوی دەقەکـە وا دەکات کـە سـەرنجی ئـەو دابڕانـە بدەیـت کـە لـە پەیمانـی نـوێ لـە (گەلاتیـا ٦: ١٥)دا هاتـووە: «نـە خەتەنەکـردن سـوودی هەیـە و نـە خەتەنـە نەکردنیـش، بەڵکـو بەدیهێـنراوی نـوێ». لەنێـوان (پەیدابـوون ١٧) و (گەلاتیـا ٦)دا چـی گـۆڕاوە؟ چ شـتێک وەکـو یەکـە؟ ئەگـەر سـەرنجی ئـەم پرسـیارانە بدەیـت، ئـەوا دەتوانیـت ڕوونـتر پەیوەندییەکانـی قەڵەمـڕەوی دەقەکـە ببینیـت و بـەرەو هاتنـی مەسـیحت دەبـات کـە چـەق و ناوەنـدی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆزە.

## کەسایەتیی خودا

یـەک شـت کـە لـە کاتـی خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆزدا گۆڕنـکاری بەسـەردا نایـەت، بریتییـە لـە کەسـایەتیی خـودا. بۆیـە پێویسـتە لـە ڕوانگـەی یەزدانناسـییەوە بیخوێنینـەوە و ئـەم پرسـیارانە لـە خۆمـان بکەیـن:

- ئەم دەقە چ شتێک لەبارەی خودا ئاشکرا دەکات؟
- ئەم دەقە تیشک دەخاتە سەر چ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی خودا؟
- چ بابەتگەلێکی یەزدانناسی لەم دەقەدا دەدۆزینەوە؟
- ئـەو بابەتـە یەزدانناسـییانە چ شـتێکم لەبـارەی مەسـیحی پاشـاوە فێـر دەکـەن؟

خـودای پەیمانـی کـۆن هەمـان خـودای پەیمانـی نوێیـە. خـودا و باوکـی عیسـای مەسـیحی پەروەردگارمـان، هەمـان خـودای ئیبراهیـم و ئیسـحاق و یاقوبـە. «عیسـای مەسـیح وەک خۆیەتـی، دوێنـێ و ئەمـڕۆ و هەتاهەتایـە» (عیبرانییـەکان ١٣: ٨). کەواتـە لـە کاتـی خوێندنـەوەی دەقـی کتێبـی پیـرۆزدا، دەبێـت کەسـایەتی و خەسـڵەتی خـودا وەکـو تێبینـی بنووسـین.

لـە خـۆت بپرسـە کـە ئـەم پرسـیارە چ شـتێکم لەبـارەی کەسـایەتی خـوداوە فێـر دەکات؟ ئـەم هاوێنـە و لێنـزە سـوودێکی زۆری هەیـە بـە تایبەتـی کاتێـک کـە سـیپارەی زەبـوورەکان دەخوێنیتـەوە. بـۆ نموونـە، زەبـوورەکان ٩٠ بـە گشـتی باسـی ڕامانـی موسـا لەبـارەی کەسـایەتی نەگـۆڕی خـودا دەکات. خـودا هەتاهەتایـی و ئەزەلییـە (٩٠: ٢، ٤)؛ ئـەو کـە بەدیهێنـەری بەتوانایـە، دەسـەڵاتی بەسـەر ژیـان و مردنـدا هەیـە (٩٠: ٢- ٣، ٥- ٦)؛ ئـەو خـودای تووڕەیـی پیـرۆزە (٩٠: ٧- ٨، ١١)؛ وە ئـەو خـودای بەزەیـی، میهرەبانـی و خۆشەویسـتی نەگـۆڕە (٩٠: ١٣- ١٤)، کـە زۆر بەهێـز و جوانـە (٩٠: ١٦- ١٧). بۆیـە تێبینـی بنووسـە و لـە کەسـایەتی خـودا ڕابمێنـە.

## مەسیح

هەمـوو ئـەوەی کـە هەتا ئێسـتا باسـمان کـردووە، لـەم کۆتـا هاوێنـەی لێکدانەوەیەدا دەگاتـە لوتکـە. ئێمـە باشـترینەکەمان بۆ کۆتایـی هەڵگرتووە.

ئێمە دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی مەسیح کتێبی پیرۆز بخوێنینەوە. گرنگ نییە کە لە چ دەقێک فێرکردن یان وتار پێشکەش دەکەیت، هەمیشە دەبێت بپرسیت کە ئاخۆ چۆن وتارەکەت پەیوەندی بە ناسنامە و کاری عیسای مەسیحەوە هەیە. هەر کاتێک کە کتێبی پیرۆز دەکەینەوە، پێویستە ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان بدەین کە لەوە تێبگەین ئاخۆ دەقەکە لەکوێی چیرۆکی گەورەی کتێبی پیرۆزدا جێگەی دەبێتەوە. بینیمان کە عیسا پاڵەوانی چیرۆکەکەیە؛ کەواتە دەبێت پرسیاری لەم چەشنە بکەین:

- ئەم دەقە چ شتێک لەبارەی ناسنامە و ژیان و ئیش و کاری عیسای مەسیحەوە ئاشکرا دەکات؟
- ئایا ئەم دەقە ئاماژە بە یەکەم هاتنی عیسای مەسیح دەکات؟
- ئایا پێشبینی گەڕانەوەی عیسا دەکات؟
- چۆن ئینجیلی پیرۆز کار دەکاتە سەر تێگەیشتنم لەم دەقە؟
- چۆن ئەم دەقە لە ئینجیلی پیرۆز ڕادەمێنێت؟

وەکو لە وەرزی دووەم بینیمان (بڕوانە «باشترین خوێندن و لێکدانەوەی کتێبی پیرۆز)، خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە کاتێکدا عیسا ئامانجی سەرەکی بابەتەکەیە، بە تایبەتی پەیمانی کۆن، لە لایەن خودی عیسای مەسیحەوە بۆمان دووپات کراوەتەوە.

## دەرەنجام

کتێبی پیرۆز بەهادارترین شتە کە ئەم جیهانە دەتوانن بەدەستی بهێنن. لەنێویدا دانایی ئاسمانی و وتار و فێرکردنی گەرموگوڕی خودای زیندوو دەبینین. با خودا وەفادار و دڵسۆزمان بکات تاکو دڵمان لەسەر خوێندنی وشەی خودا بێت، وە دواتر کاری پێ بکەین و بە کەسانی دیکەی ڕابگەیەنین (عەزرا ٧: ١٠). ئەگەر بمانەوێت کە بە لێکدەرەوە و شیکەرەوەی دڵسۆز و باشی کتێبی پیرۆز ناوزەد بکرێین، دەبێت یارمەتی کەسانی دیکە بدەین کە لە هەموو کتێبی پیرۆزدا عیسا بناسن و خۆشیان بوێت.

یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز بـەو شـێوەیە یارمەتیـمان دەدات. یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز بـەو شـێوەیە خزمەتـی فێکـردن و وتاردانـی کڵێسـا خۆجێییـەکان بەتـەواوی دەگۆڕێـت. بـەڵام ئـەوە هەمـووی نییـە.

# وەرزی شەشەم

# یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز ئەرکی سەرەکیی کڵێسا پێکدێنێت

کتێبی پیرۆز پەڕتووکێکی گەورە و شکۆداری خودایە. ئامانجی ئەم پەڕتووکە بچووکەی بەردەستت ئەوەیە کە لە تێگەیشتنی باشتری پەیامی سەرەکی کتێبی پیرۆزدا یارمەتیت بدات. ئەم تێگەیشتنە زۆر گرنگە، چونکە درک نەکردن بە ئامانجی سەرەکی کتێبی پیرۆز دەبێتە هۆی دروستکردنی مزگێنی هەڵە و کڵێسای هەڵە. هەروەها ئەرکی سەرەکی کڵێسا تێکدەدات. لەوانەیە لەبیرت بێت کە بە چەندین کەیسی خوێندن دەستمان پێکرد، وە ئێستاش کاتی ئەوەیە کە هەر یەک لەو کەیسانە بەپێی چیرۆکی کتێبی پیرۆز هەڵبسەنگێنین کە لە وەرزی سێ و چواردا خوێندمان.

## کڵێسای ئینجیلی خۆشگوزەرانی

ئەو کڵێسایانەی کە پشتگیری لە ئینجیلی خۆشگوزەرانی دەکەن، بێڕێزیی بە مەسیح دەکەن و ئومێد و هیوای مەسیحییەت کەم دەکەنەوە. بەم هەڵەتێگەیشتە ترسناکە بە چەندین ڕێگە بێڕێزیی بە مەسیح دەکرێت. لە جێگەی گەورەکردنی ناسنامە و کارەکانی عیسا، شوێنکەوتووانی ئەم بۆچوونە شەیتانییە عیسا و متمانەکردن پێی، دەکەنە ئامرازی بەدیهێنانی ئامانجی دنیایی. چیرۆکی کتێبی پیرۆز ڕوونی دەکاتەوە کە گەورەترین کێشە کە گوناهباران لەم ژیانەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە بریتی نییە لە بێ ئیشی، بێهیوایی، یان نەخۆشی شێرپەنجە؛ بەڵکو بریتییە لە تووڕەیی هەتاهەتایی خودایەکی پیرۆز و باش. «ئەوەی باوەڕ بە کوڕەکە بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی هەیە. بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی کوڕەکە نییە ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت» (یۆحەنا ٣: ٣٦). خودای باوک کوڕی خۆشەویستی خۆی ناردە ئەم جیهانە نەک بۆ ئەوەی کە دەوڵەمەندمان بکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی کە بۆ هەتاهەتاییە لەگەڵ خۆیدا ئاشتمان بکاتەوە. «عیسای مەسیح بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران هاتە جیهان» (یەکەم تیمۆساوس ١: ١٥).

قەشـەکانی ئینجیلـی خۆشـگوزەرانی لـە جێگـەی ئـەوەی کـە چێژ لـە عیسـا وەربگرن – ئـەو کەسـەی کـە هەمـوو گەنجینـەی دانایـی و زانیـاری و هەمـوو بەرەکەتێکـی ڕۆحـی لـە شـوێنەکانی ئاسـماندا تێـدا بـەدی دەکرێـت (ئەفەسـۆس ١: ٣؛ کۆلۆسـی ٢: ٣) – بەڵکـو بەڵێنـی پـووچ دەدەن لەبـارەی لەشسـاغی، مـاڵ و سـامان، دڵشـادی و شـادمانی. ئـەوان دەڵێـن کـە هەمـوو شـوێنکەوتووانی مەسـیح ئـەم بەرەکەتانـە بـە زیـادەوە لـەم جیهانـەدا وەردەگـرن.

بـەڵام خزمەتـکارە چەوسـاوەکە بەڵێنێکـی تـەواو جیـاواز دەدات کاتێـک کـە دەفەرموێـت: «لـە جیهانـدا تووشـی تەنگانـە دەبـن» (یۆحەنـا ١٦: ٣٣).

یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز یارمەتیـمان دەدات لـەوە تێبگەیـن کـە دەبێـت دڵسـۆزانە عیسـای مەسـیح وەکـو کۆتـا ئامانـج و پایـە و کڕۆکـی کتێبـی پیـرۆز ڕابگەیەنیـن چونکـە «بەڵێنەکانـی خـودا هەرچییـەک بـن، بـە یەکبـوون لەگـەڵ مەسـیح دەبـن بـە «بەڵـێ»» (دووەم کۆرنسـۆس ١: ٢٠). عیسـا پاڵەوانەکەیـە، نـەک هیـچ کام لـە ئێمـە.

عیسـای مەسـیح کـە لـە نـەوەی ئیبراهیمـە، ئـەو کەسـەیە کـە خـودا بەڵێنەکانـی ئیبراهیمـی تێـدا بەدیهێنـا. پۆڵـس ئەمەمـان پـێ دەڵێـت: «بەڵێنـەکان بـۆ ئیبراهیـم و نەوەکـەی گوتـراوە. نـووسراوە پیرۆزەکـە نافەرموێـت: «بـە نـەوەکان» وەک ئـەوەی زۆر بـن، بـەڵام [بـە نـەوەی تـۆ،] واتـە یـەک، ئـەوەی مەسـیحە» (گەلاتیـا ٣: ١٦). عیسـای مەسـیح، نـەوەی ئیبراهیـم، هاتـووە بـۆ ئـەوەی کـە لـە ڕێگـەی ژیـان و مـردن و هەسـتانەوەی لەنێـو مردووانـەوە گەلێـک لـە هەمـوو نەتـەوەکان بـۆ خـۆی دروسـت بـکات بـۆ ئـەوەی سـوپاس و ستایشـی بکـەن. وە ڕۆحـی پیـرۆزی خـۆی بـە هەمـوو ئەوانـە دەدات کـە وەکـو مـۆری بەڵێنـی میراتیـی داهاتـوو بـاوەڕ و متمانـەی پـێ دەکـەن. بۆیـە ئـەوە هێـزی بـاوەڕی ئێمـە نییـە بەڵکـو نیعمەتـی نایابـی ڕزگارکارمانـە کـە ئـەم بەرەکەتانەمـان بـۆ دەسـتەبەر و مسـۆگەر دەکات. گۆڕیـن و دەسـتکاریکردنی ئـەم ڕاسـتییە، سـووکایەتی و بێڕێزیکردنـە بـە عیسـای مەسـیح.

هەروەهـا ئومێـدی باوەڕدارانـی مەسـیح لەلایـەن ئینجیلـی خۆشـگوزەرانی و ئـەو کڵێسـایانەوە لاواز و کاڵ کراوەتـەوە کـە بەپێـی ڕێنمایـی و فێرکردنـی ئـەوان دەڕۆن

بەڕێـوە. یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز یارمەتیـمان دەدات کـە لـەوە تێبگەیـن باوەڕدارانـی مەسـیح لـەم سـەرەدەمەدا وەکـو ئەوانـە دەژیـن کـە کۆتایـی زەمانەیـان بەسـەردا هاتووە (یەکەم کۆرنسـۆس ١٠: ١١). شـوێنکەوتووانی مەسـیح لەنێوان سەردەم و کاتەکانـدا دەژیـن؛ لەنێـوان کێشمەکێشـی پێشـوەخت و هێشـتا نەهاتـووەدا دەژیـن. مەسـیح پێشـوەخت هاتـووە، بـەڵام هێشـتا نەهاتووەتـەوە کـە بەتـەواوی شانشـینە هەمیشـەییەکەی دابمەزرێنێـت. عیسـا پێشـوەخت دوو هـەزار سـاڵ لەمەوپێـش لـە ڕێگـەی مردنـە کەفارەتەکـەی و هەسـتانەوە سـەرکەوتووانەکەی و بەرزبوونـەوەی بـۆ ئاسـمان، مردنـی شکسـت داوە، بـەڵام هێشـتا چاوەڕێـی ئـەو ڕۆژەیـن کـە چیـتر مـردن نابێـت (ئاشـکراکردن ٢١: ٤).

بـە مێشـکێکی چـالاک و بـە تامەزرۆییـەوە چاوەڕوانبـوون، دەبێـت حاڵەتـی هەمـوو خزمەتکارانـی مەسـیح بێـت کـە چاوڕێـی هاتنـەوەی گەورەکەیـان دەکـەن (یەکـەم پەترسـۆس ١: ١٤). ئـەم هیـوا و ئومێـدەی کتێبـی پیـرۆز یارمەتیـمان دەدات کـە درۆی قەشـە و وتاربێژانـی کڵێسـای خۆشـگوزەرانی ببینیـن کـە بەڵێنـی باشـترین ژیـان و خۆشـگوزەرانیمان لـەم جیهانـەدا پـێ دەدەن.

باشـترین ژیانـی بـاوەڕداران لـە ئێسـتادا و لەسـەر زەوی نییـە. باشـترین ژیانمـان ئـەو کاتـە دەبێـت کـە ئومێـدی پـڕ لـە بەرەکەتمـان دەردەکەوێـت. ئـەم ئومێـدە پشـت بـە ئاسایشـی دارایـی، لەشسـاغی، ئوتۆمبێلـی نـوێ یـان بەرزبوونـەوەی پلەوپایـەت لـە ئیشـەکەتدا نابەسـتێت.

ئومێـدی پیـرۆزی ئێمـە کەمـتر نییە لـە «چاوەڕوانـی هیـوای بەرەکەتـدار، دەرکەوتنی شـکۆی خـودای گـەورە و ڕزگارکەرمـان، عیسـای مەسـیح، ئـەوەی بـۆ ئێمـە خـۆی بەختکـرد، تاکـو لـە هەمـوو سـەرپێچییەک بمانکڕێتـەوە و گەلێکـی تایبـەت بـۆ خـۆی پـاک بکاتـەوە، دڵگـەرم بـۆ چاکـەکاری» (تیتـۆس ٢: ١٣- ١٤).

ئێمـە لـەم جیهانـە پـڕ لـە گوناهـەدا ئـازار دەچێژیـن لـە کاتێکـدا چاوەڕێـی ئـەو شـکۆیەین کـە ئاشـکرا دەکرێـت. ئێمـە پێشـتر ئەمەمـان وەبیـر هێنراوەتـەوە، کاتێـک لـە وەرزی چوارەمـدا گوتمـان «ئێسـتا بـاوەڕدران ئـازار دەچێـژن، بـەڵام لـە کاتـی گەڕانـەوەی مەسـیحدا شـکۆدار دەبـن. ئـەم ئومێـدە شـکۆدارە، تەنانـەت لـە میانـەی

تاقیکردنــەوەی ســەخت و چەوســانەوەدا، بــاوەڕداران هــان دەدات کــە متمانــە بــە پــەروەردگار و پاشــاکەمان بکەیــن و گوێڕایەڵــی بیــن» (بڕوانــە وەرزی چــوارەم، پاشــا فەرمانڕەوایــی دەکات). ئەگــەر ئومێــدی ئینجیلــی خۆشــگوزەرانی بــە پشتبەســتن بــە یەزدانناســی بەپێــی کتێبــی پیــرۆز هەڵبســەنگێنین، ئــەوا دەبینیــن کــە هیــچ ئومێــد و هیوایەکــی تێــدا نییــە. بــاوەڕدار هیــوا و ئومێــدی لەســەر مەســیح هەڵدەچنێــت، وە ئــەم ئومێــدە بەتــەواوی دێتــە دی کاتێــک کــە لــە کۆتاییــدا دەڕواتــە لای مەســیح، کــە ئەوپــەڕی خۆشــی و چێــژ بــۆ هەتاهەتاییــە لــە لای ئــەوە.[١٤]

## کڵێسای ئینجیلی مەدەنی

زۆر جــار بــاوەڕداران ئــەم ئایەتــەی کتێبــی پیــرۆز وەکــو وتــەی وەرگیــراو بەکاردێنــن کــە دەڵێــت: «بەڵێنــە بەهــادار و گــەورەکان» (دووەم پەتــرۆس ١: ٤)، تەنهــا بــۆ ئــەوەی کــە لــە شــوێن و کاتــی هەڵــەدا بــەکاری بهێنــن. یەکێــک لــە شــێوەکانی ئــەم هەڵەتێگەیشــتنە گەورەیــە لــە کتێبــی پیــرۆز لــەو کڵێســایانەدا ڕوودەدات کــە ئیشــیان ڕاگەیاندنــی ئینجیلــی مەدەنییــە کــە پەیامەکەیــان زیاتــر تیشــک دەخاتــە ســەر «خــودا و وڵات». ئــەم هەڵەتێگەیشــتنە لــە بەڵێنەکانــی کتێبــی پیــرۆز لــەوەوە ســەرچاوە دەگرێــت کــە نەیانتوانیــوە لــەوە تێبگــەن کــە چــۆن پەیمانەکانــی کتێبــی پیــرۆز لە عیســای مەســیح و کڵێســاکانیدا دەگاتــە لووتکــە. وە ئــەم تێکــدان و شــێواندنەی کتێبــی پیــرۆز دەبێتــە هــۆی شــێواندن و بــە هەڵەدابردنــی ئــەرک و بەرپرســیاریەتی ســەرەکی کڵێســا.

یەزدانناســی بەپێــی کتێبــی پیــرۆز چــۆن لــە ئینجیلــی مەدەنــی دەمانپارێزێــت؟ بــۆ نموونــە، بــا باســی ئــەو بەڵێنــەی (دووەم پوختــەی مێــژوو ٧: ١٤) بکەیــن کــە زۆر جــار بەکاردیدێنیــن. بیســتوومانە کــە بــاوەڕداران ئــەم بەڵێنــە ڕاســتەوخۆ بەســەر ئەمریــکادا جێبەجــێ دەکــەن، بەبــێ ئــەوەی کــە گرنگــی بــە کۆنتێکســتی دوور و نزیکــی دەقەکــە بــدەن. ســلێمانی پاشــا، کــوڕی داود و پاشــای ئیســرائیــل، تــازە پــڕۆژەی بنیاتنانــی پەرســتگای تــەواو کردبــوو.

---

١٤ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەڵە کوشندەکانی ئینجیلی خۆشگوزەرانی، ئەم پەڕتووکە بخوێنەوە:
David W. Jones and Russell S. Woodbridge, Health, Wealth, and Happiness: How the Prosperity Gospel Overshadows the Gospel of Christ (Grand Rapids, MI: Kregel, 2011, 2017).

«پاش ئەوەی سلێمان پەرستگای یەزدان و کۆشکی پاشای تەواو کرد، هەروەها هەموو ئەوانەشی کە بەبیریدا هات لە پەرستگای یەزدان و کۆشکەکەی خۆی بیکات تێیدا سەرکەوتوو بوو» (دووەم پوختەی مێژوو ٧: ١١). پاشان یەزدان لە شەودا بۆ سلێمان دەرکەوت و قسەی لەگەڵ کرد (دووەم پوختەی مێژوو ٧: ١٢). ئینجا نووسراوە:

«کاتێک ئاسمان دادەخەم و باران نابارێت و کاتێک فەرمان بە کوللە دەکەم بەروبوومی خاکەکە بخوات یان پەتا دەنێرمە ناو گەلەکەم، ئینجا کە گەلەکەم ئەوەی بە ناوی منەوە بانگ دەکرێت، بێفیز بوون و نوێژیان کرد و ڕوویان لە من کرد و لە ڕێگا خراپەکانیان گەڕانەوە، من لە ئاسمانەوە گوێ دەگرم و لە گوناهەکانیان خۆشدەبم و خاکەکەیان چاک دەکەمەوە» (دووەم پوختەی مێژوو ٧: ١٣- ١٤).

یەکێک لەو بەڵگانەی کە دەیسەلمێنێت ئەم بەڵێنە مەرجییە بە تایبەتی بۆ گەلی دێرینی خودایە، واتە گەلی ئیسرائیل کە لە ئایەتی سێزدەدا ئاماژەی پێی کراوە. سلێمانی پاشا پێشتر ئاماژەی بە هەمان حوکمی کاتی یەزدان کردبوو بەهۆی گوناهەکانی ئیسرائیلەوە – وشکەساڵی، وێرانبوونی دەخڵودان و نەخۆشییە مەترسیدارەکان - پێشتر لە کاتی نوێژکردنی بۆ پەرەستگای ئۆرشەلیم (دووەم پوختەی مێژوو ٦: ٢٦، ٢٨). هەروەها خوێنەری وریای پەیمانی کۆن ئەم کۆمەڵە نەفرەتە دەناستێتەوە لە لیستی ئاگادارییەکانی خودا کە ئاراستەی ئیسرائیلی کردوون تەنانەت پێش ئەوەی کە پێ بنێنە نێو خاکی بەڵێندراوەوە (دواوتار ٢٨: ٢٠- ٢٤).

یەزدان چەندین بەڵێن و ئاگاداری ئاراستەی گەلە دێرینەکەی کرد کە پەیوەست بوون بە گوێڕایەڵی ئەوانەوە. ئەگەر ئیسرائیلییەکان متمانەیان بە یەزدان بکردبا و دڵسۆزانە گوێڕایەڵی دەنگی یەزدانیان بوونایە، ئەوا بەرەکەتەکانی خودا بەسەریاندا دەڕژا. بەڵام ئەگەر باوەڕی پێ نەکەن و گوێڕایەڵی وشە باشەکانی نەبن، ئەوا لە ئەنجامدا تووشی حوکمدان و ئاوارەیی دەبنەوە (دواوتار ٢٨: ٦٣- ٦٤). سەرەڕای ئاگادارییە ڕوونەکانی خودا بۆ موسا و داود و سلێمان، گەلی خودا گوناهی زۆر گەورەیان کرد، وە لە کۆتاییدا شانشینەکەیان دابەش بوو، پەرستگا وێران کرا و گەلی خودا ڕاپێچی وڵاتانی بێگانە و نامۆ کران، ڕێک بەو جۆرەی کە خودا بەڵێنی دابوو.

پێشـتر تیشـكمان خسـته سـەر دەور و ڕۆڵـی ئیسرائیـل لـە پلانـی ئاشـكراكراوی ڕزگاریـدا. لـە وەرزی سـێدا گوتمـان:

ئیسرائیـل، كـە خـودا بـە كـوڕە نۆبـەرەی خـۆی نـاوزەدی دەكات (دەرچـوون ٤: ٢٢)، دەبنـە جۆرێـک لـە نوێنـەری كاهینیەتـی هەمـوو جیهـان، ڕێـك وەكـو ئـادەم. سـەرنجی ئـەوە بـدە كـە یـەزدان پێـی فەرمـوون: «ئەگـەر ئێـوە بـە تـەواوی گوێـم لـێ بگـرن و پەیمانەكـەم بپارێـزن، ئـەوا گەنجینەیەكـی تایبـەت دەبـن بـۆ مـن لەنێـو هەمـوو گەلان. هەرچەنـدە هەمـوو زەوی هـی منـە، بـەڵام ئێـوە بـۆم دەبنـە پاشـایەتی كاهینـان و نەتەوەیەكـی پیـرۆز.» (دەرچـوون ١٩: ٤- ٦). خـودا دەیویسـت كـە پیرۆزبوونـی ئیسرائیـل ڕەنگدانـەوەی پیرۆزبوونـی پاشـاكەیان بێـت: «دەبێـت پیـرۆز بـن، چونكـە مـن پیـرۆزم، یەزدانـی پەروەردگارتانـم» (لێڤییـەكان ١٩: ٢). ئەگـەر گەلـی ئیسرائیـل متمانـە بـە وشـە باشـەكانی یـەزدان بـكات و گوێڕایەڵـی بـن، ئـەوا دەبنـە گەلێكـی بـێ هاوتـا كـە دانایـی پاشـاكەیان بـە هەمـوو خەڵكـی جیهـان نیشـان دەدەن. گەلـی ئیسرائیـل بـە ئەنجامـدان و پاراسـتنی فەرمـان و ڕاسـپاردەكانی پاشـا، دانایـی خـودا بـۆ جیهـان دەردەخـەن (دواوتـار ٤: ٤- ٦). (بڕوانـە وەرزری سـێیەم، پاشـا فەرمـان دەدات).

لەگـەڵ بەرەوپێشـچوونی چیرۆكـی كتێبـی پیـرۆزدا، بینیـمان كـە لـەو شـوێنەی كـە ئێسرائیـل كـەوت و شكسـتی خـوارد، عیسـا كـە نـەوەی ڕاسـتەقینەی ئیبراهیمـە، سـەلماندی كـە كـوڕی وەفـادار و دڵسـۆزی خودایـە. عیسـا گەلـی بـۆ خـۆی كڕییـەوە. وە ئـەم گەلـە، واتـە كڵێسـاكەی، كـە لـە جولەكـە و ناجولەكـە پێكهاتـووە، لـە ڕێگـەی باوەڕكردنـی بـە مـژدەی مەسـیح یەكیـان گرتـووە. كڵێسـای خـودا دانایـی خـودا لـە ئاسـماندا ئاشـكرا دەكات (ئەفەسـۆس ٣: ١٠) و بایـەخ و بەهـا بێهاوتاكـەی بـە جیهـان ڕادەگەیەنێـت. پەترۆسـی نێـردراو بـەم جـۆرە وەسـفی كڵێسـا دەكات:

«گەلێكـی هەڵبژێـردراون، كاهینێتـی شـاهانە، نەتەوەیەكـی پیـرۆز، گەلـی تایبەتـی خـودان، تاكـو چاكییەكانـی ئـەوە ڕابگەیەنـن كـە بانگـی كـردوون لـە تاریكییـەوە بـۆ ڕووناكییـە سـەیرەكەی. پێشـتر گـەل نەبـوون، بـەڵام ئێسـتا گەلـی خـودان، پێشـتر بەزەییتـان وەرنەگرتبـوو، بـەڵام ئێسـتا بەزەییتـان وەرگـرت» (یەكـەم پەتـرۆس ٢: ٩- ١٠).

كەواتـە یەزدانناسـی بەپێـی كتێبـی پیـرۆز یارمەتیـمان دەدات لـەوە تێبگەیـن كـە نـە

ئەمریـکا و نـە هیـچ وڵات و نەتەوەیەکـی دیکـەی ئـەم جیهانـە ئەمـرۆ گەلـی پیـرۆزی خـودا نییـە؛ بەڵکـو کڵێسـا گەلـی پیـرۆزی خودایـە. ئەمریـکا شـارێک نییـە کـە لەسـەر شـاخێک بنیـات نرابێـت، بەڵکـو کڵێسـا ئـەو شـارەیە کـە لەسـەر شـاخێک بنیـات نـراوە.

ئەمـە یارمەتـی کڵێسـاکان دەدات کـە خۆیـان لـەو بۆچوونـە هەڵـە و پووچـە بەدووربگـرن کـە گوایـە ئەرکـی کڵێسـا ئەوەیە ئیـش لەسـەر چاکبوونـەوەی ئەمریکا یان هـەر وڵاتێکـی دیکـە بکـەن. لـە جێگـەی ئـەوە، شـوێنکەوتووانی مەسـیح تێدەکۆشـن کـە ببنـە مایـەی بەرەکـەت بـۆ هەمـوو گـەل و نەتـەوەکان لـە ڕێگـەی بڵاوکردنـەوەی مزگێنـی مەسـیح (کـرداری نێـردراوان ٨: ٤)، هەروەهـا لـە ڕێگـەی ئـەوەی کـە وەکـو خزمەتکارانـی خـودا دەژیـن (یەکـەم پەتـرۆس ١: ١٣- ١٧) جـا ئیـدی گرنـگ نییـە کـە خـودا لـە کـوێ نیشـتەجێی کردبێـتن (کـرداری نێـردراوان ١٧: ٢٦).

## کڵێسای شۆربای چێشتخانە

ڕامـان و سـەرنجدان لـە تـەواوی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز، یارمەتـی کڵێسـاکان دەدات کـە باشـتر تیشـک بخەنـە سـەر ئـەوەی کـە خـودا تیشـکی خسـتووەتە سـەر سـەبارەت بـە ئەرکـی کڵێسـا. لـە وانـەی یەکەمـدا سـەرنجی نموونـەی «کڵێسـای شـۆربای چێشـتخانە»مان دا. یارمەتیدانـی تێرکردنـی برسـییەکان، گرنگیـدان بـە بێنەوایـان یـان خزمەتکردنـی هـەژاران، چ گرفـت و کێشـەیەکی هەیـە؟ مەگـەر نابێـت بـاوەڕداران هەوڵـی کەمکردنـەوەی ئـازاری ئـەو کەسـانە بـدەن کـە لـە دەوروبەریانـن و لـە هـەر کات و شـوێنێکدا کـە دەتوانـن یارمەتـی درواسـێکەیان بـدەن؟

بێگومـان! کڵێسـای خۆجێیـی دەتوانێـت ئـەم جـۆرە خزمەتانە لـە کارە سـەرەکییەکان بێـت و کەسـانی تایبـەت بـۆ دابینکردنـی ئـەم خزمەتـی بەزەییـە تەرخـان بـکات. خزمەتـی بەزەیـی دەرفەتێکـی زۆر جوانـە بـۆ دابینکردنـی پێویسـتییە سـەرەکی و هەنووکەییـەکان لـە کاتێکـدا گرنگتریـن و زەروریتریـن چارەسـەر بـە گوناهبـاران بناسێنیت، کـە ئەویـش بریتییـە لـە پێویسـتیی ڕاستودروسـت بـوون لەگـەڵ بەدیهێنەرە پیرۆزەکەمـان لـە ڕێگـەی باوەڕکـردن بـە عیسـای مەسـیح.

**لە وانەی چوارەمدا، ئەمەمان خوێندەوە:**

ئەوانــەی کــە داواکارییــە جیهانییەکــەی مەســیح بــۆ تۆبەکــردن ڕەت دەکەنــەوە، ڕووبەڕووی دادوەرییەکی توند دەبنەوە «لە کاتی ئاشکراکردنی عیسای خاوەن شکۆ لە ئاسمان لەگەڵ فریشتە بە تواناکانی لە گڕی ئاگر. سزای ئەوانە دەدات کە خودا ناناسن و گوێڕایەڵی پەیامی ئینجیلی عیسای خاوەن شکۆمان نابن» (دووەم سالۆنیکی ١: ٧- ٨). کاتێک کە پاشا دەگەڕێتەوە، یاخیبوونی جیهانی دژی فەمانڕەواییە باش و دروست و پیرۆزەکەی، لەناودەچێت. عیسا ڕایدەگەیەنێت کە «ترسنۆک و بێباوەڕ و قێزەونان، هەروەها بکوژ و داوێنپیس و جادووگەر و بتپەرستان، لەگەڵ هەموو درۆزنان، بەشیان لە دەریاچەی بە ئاگر و گۆگرد داگیرساوە کە مردنی دووەمە» (ئاشکراکردن ٢١: ٦- ٨). (بڕوانە بەشی چوارەم، پاشا دەگەڕێتەوە).

کەواتە یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز فشارمان دەخاتە سەر کە لەژێر ڕۆشنایی ڕۆژی دواییدا خزمەتەکانی بەزەیی کڵێسا هەڵبسەنگێنین. کاتێک کە نان بە برسی دەدەین و جل دەکەینە بەر هەژاران، دەمانەوێت کە پاشا لەو ڕۆژەدا بفەرموێت: «ڕاستیتان پێدەڵێم، هەرچییەکتان بۆ یەکێک لەم برا بچووکانەم کردووە، بۆ منتان کردووە» (مەتا ٢٥: ٤٠).

بەڵام دەمانەوێت لەوەش دڵنیا بین کە کڵێساکەمان تەنها شۆربای بێبەرامبەر بە خەڵکی نەبەخشێت، چونکە ئێمە داوامان لێکراوە کە شتێک ببەخشین کە دەتوانێت بۆ هەتاهەتایە ئاسوودە و تێرت دەکات.

«مرۆڤ تەنها بە نان ناژییێت، بەڵکو بە هەر وشەیەک کە لە دەمی خوداوە دێتە دەرەوە» (مەتا ٤: ٤).

ئەم خزمەتە بەزەییانە هەر چەندە باش و بە کەڵك بن، ئەم هەوڵ و تەقەلایانە کە دەبنە مایەی شکۆدارکردنی مەسیح، نابێت ببنە جێگرەوە یان کەمکردنەوەی لەپێشینەبوونی ڕاگەیاندنی ئینجیل لە ئەرکی کڵێسادا. تەنها ئینجیل هێزی خودایە بۆ ڕزگارکردنی هەموو ئەوانەی کە باوەڕ دەهێنن (ڕۆما ١: ١٦). وە تەنها ئینجیل دەتوانێت مەترسیی ترسناکی ئازاری هەتاهەتایی نەهێڵێت.

یەزداناسی بەپێی کتێبی پیرۆز یارمەتی کڵێسا دەدات کە هەمیشە ئەم ڕاستییە تاڵەی لەبەرچاو ون نەبێت.

## کڵێسای پشتڕاستکردنەوەی بەدڕەوشتی

کتێبی پیرۆز باوەڕداران ئاگادار دەکاتەوە کە کۆشش بکەن و هەوڵی بەدەستهێنانی پیرۆزبوون بدەن، چونکە بەبێ پیرۆزی ناتوانین پەروەردگار ببینین (عیبرانییەکان ١٢: ١٤). بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ چەندین کڵێسا لە جیهاندا ئەو شتانە پشتڕاست و پەسەند دەکەن کە وشەی خودا بە گوناهی ناوزەد کردووە (ڕۆما ١: ٣٢؛ یەکەم کۆرنسۆس ٦: ٩- ١٠).

گەلی خودا داوای لێ کراوە کە بە نوێکردنەوەی بیریان گۆڕانکاری بەسەر خۆیاندا بهێنن لە جێگەی ئەوەی کە شێوەی ئەم دنیایە وەربگرن (ڕۆما ١٢: ٢). ئەم ئاگادارییە توندە ڕووبەڕووی کڵێسای عیسای مەسیح کراوە: «نە جیهانتان خۆشبوێت، نە ئەو شتانەی لە جیهاندایە. ئەگەر یەکێک جیهانی خۆشبوێ، ئەوا خۆشەویستی باوکی تێدا نییە» (یەکەم یۆحەنا ٢: ١٥). لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کڵێسا هەن کە چەندین کاری بەدڕەوشتی پشتڕاست دەکەنەوە و زۆریان بەلاوە گرنگە کە ببنە جێگەی پەسەندی ئەم جیهانە.

یەزداناسی بەپێی کتێبی پیرۆز یارمەتیمان دەدات ئەوەمان لەبیربێت کە ئەرکی کڵێسا هەمیشە پێچەوانەی ئەرکی جیهان دەبێت. کڵێسای عیسای مەسیح لە تۆبەکردن و لەئاوهەڵکێشانی باوەڕدارانی مەسیح پێکدێت کە هەموو گوناهەکانیان بەخشراون و لەنێو خوێنی بەرخەکەدا شۆردراون (ڕۆما ٦: ١- ٤). کاتێک کە باوەڕدارا لە ڕێگەی باوەڕکردن بە ئینجیل، وەفا و دڵسۆزی خۆیان بۆ عیسای پاشا دووپات دەکەنەوە، ڕووبەڕووی جیهان و جەستە و شەیتان دەبنەوە. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەرکی کڵێسا ئاسان نابێت.

ئێمە لە وەرزی چوارەمدا ئەم ڕاستییەمان پێ گوتراوە:

ئەو ئەرکەی کە عیسا بە کڵێساکانی بەخشیوە، زەحمەتە و باج و بەهای

دەوێـت. بـە بـاوەڕ و گوێڕایەڵییـەوە شـوێنکەوتنی عیسـا، بەدڵنیاییـەوە بەرگەگرتنـی چەوسـانەوە و ئازارچەشـتن لەپێنـاو ئینجیلـدا بـەدوادا دێـت. بـەڵام کاتێـک کـە بـاوەڕداران بـە ئومێـدەوە چاویـان لـە گەڕانـەوەی مەسـیح دەبێـت، تەماشـای ڕابـردوو دەکـەن و ئەوەیـان لەبیـر دەبێـت عیسـای مەسـیح کـە ئێسـتا زینـدوو بووەتـەوە و لەسـەر تەختـی پاشـایی دانیشـتووە، ئەویـش خزمەتکارێـک بـوو کـە ئـازاری چەشـت و مـرد.

عیسـا بـە شـوێنکەوتووانی فەرمـوو: «خۆزگـە دەخوازرێـت بەوانـەی لـە پێنـاوی ڕاستودروسـتی دەچەوسـێنرێنەوە، چونکـە شانشـینی ئاسـمان بـۆ ئەوانـە. خۆزگـە دەخوازرێـت بـە ئێـوە کاتێـک خەڵکـی جنێوتـان پێـدەدەن و دەتانچەوسـێننەوە، لەبـەر مـن هەمـوو جـۆرە بوختانێکتـان بـۆ هەڵدەبەسـتن. دڵخـۆش و شـادمان بـن، لەبـەر ئـەوەی لـە ئاسـمان پاداشـتتان گەورەیـە، چونکـە پێـش ئێـوە پێغەمبەرانیشـیان ئـاوا چەوسـاندووەتەوە» (مەتـا ٥: ١٠- ١٢). پۆڵـس دواتـر دەنووسـێت: «هەمـوو ئەوانـەی دەیانـەوێ بـە لەخواترسـییەوە بـە یەکبـوون لەگـەڵ عیسـای مەسـیح بژیـن، دەچەوسـێنرێنەوە» (دووەم تیمۆسـاوس ٣: ١٢). باوەڕدارانیـش لـەم جیهانـە پـڕ لـە گوناهـەدا، وەکـو هەمـوو کەسـانی دیکـە، ئـازار دەچێـژن. بـەڵام بـە پێچەوانـەی ئەوانـەی کـە هێشـا لەنێـو گوناهدا دەژین، شـوێنکەوتووانی عیسـای پاشـا بەڵێنی سـزای زیاتریـان لـە لایـەن جیهانـەوە پێـدراوە کـە دوژمنـی ئەوانـە و ڕقـی لـە پـەروەردگارە و دژی گەلەکـەی دەوەسـتنەوە. (بڕوانـە وەرزی چـوارەم، پاشـا فەرمانڕەوایـی دەکات).

کەواتـە ئامانجـی ئەرکـی کڵێسـا بریتـی نییـە لـە وەرگرتنـی دەستخۆشـی کاتـی لـەم جیهانەیـە، بەڵکـو هـۆکاری سـەرهەڵدانی دڵخۆشـی و شـادییەکی زۆرە لـە ئاسـمان (لۆقـا ١٥: ٧، ١٠). کـەی ئاسـمان دڵخـۆش دەبێـت؟ عیسـا فەرمـووی: «پێتـان دەڵێـم: بـە هەمـان شـێوە، فریشـتەکانی خـودا دڵشـاد دەبـن کاتێـک گوناهبارێـک تۆبـە دەکات» (لۆقـا ١٥: ١٠).

تۆبەکـردن پشـتکردنە لـە گونـاه لـە ئەنجامـی بەزەیـی خـودا کـە لـە عیسـای مەسـیحدا هەیـە. کەواتـە کڵێسـای مەسـیح بـە خۆشەویسـتی و بێفیزییـەوە لـە پێنـاوی جیهـان، دژی خـودی جیهـان دەوەسـتێتەوە و داوای لـێ دەکات کـە پشـت لـە گونـاه بکـەن و تەنهـا بـاوەڕ و متمانـە بـە عیسـای مەسـیح بکـەن، چونکـە ئـەو ڕێـگا و ڕاسـتی

و ژیانە، هیچ کەسێک نایەت بۆ لای باوک لە ڕێگەی ئەوەوە نەبێت (یۆحەنا ١٤: ٦). یەکەم داواکاری عیسا لە جیهان بریتی بوو لە تۆبەکردن: «کاتەکە هاتووەتە دی و پاشایەتی خودا نزیک بووەتەوە. تۆبە بکەن، باوەڕ بەم مزگێنییە بهێنن» (مەرقۆس ١: ١٥). عیسا هاتە سەر زەوی بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بکات و بانگهێشتیان بکات بۆ تۆبەکردن. «نەهاتووم ڕاستودروستان بانگهێشت بکەم، بەڵکو گوناهباران بۆ تۆبەکردن» (لۆقا ٥: ٣٢).

کەواتە جێگەی سەرسامی نییە کە هەرکە شوێنکەوتووانی مەسیح ڕۆحی پیرۆزیان لە جەژنی پەنجایەمیندا وەرگرت، پەترۆس و کڵێسا تازە لەدایکبووەکەی ئۆرشەلیم دەبوا داوایان لە گوناهباران بکردبا کە تۆبە بکەن و باوەڕ بهێنن (کرداری نێردراوان ٢: ٣٧- ٤١؛ ٣: ١٩؛ ٨: ٢٢؛ ٢٦: ٢٠). ئێستا خودا «فەرمان دەدات بە هەموو کەسێک و لە هەموو شوێنێک کە تۆبە بکەن» (کرداری نێردراوان ١٧: ٣٠). ئێمە وەکو باڵیۆز، لە جێگەی مەسیح داوا لە جیهان دەکەین کە «لەگەڵ خودا ئاشت بنەوە» (دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢٠).

کڵێسا خۆجێییەکان باڵیۆزخانەی ئینجیلی پیرۆزن. دەبێت ئەرکی سەرەکی ئێمە پێکهاتبێت لە ڕاگەیاندنی مزگێنی مەسیح و داواکردن لە گوناهباران کە تۆبە بکەن وە هاوکات ئەوەشمان لەبیر بێت کە ئێمەش خۆمان تەنها لە ڕێگەی نیعمەتی خوداوە ڕزگارمان بووە. «جا هەندێکتان بەم شێوەیە بوون. بەڵام شۆرانەوە و پیرۆزکران و بێتاوان کراون بە ناوی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ و ڕۆحی خودامان» (یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١١).

**پەیوەندی نێوان یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز و ئەرکی کڵێسا**

وەکو دەبینیت، چۆنیەتی ڕوانین و مامەڵەکردنت لەگەڵ چیرۆکی کتێبی پیرۆزدا بەتەواوی کار دەکاتە سەر ئەرکی کڵێسا. گرنگە کە سەرنجی ئەم خاڵە بدەیت، چونکە کاریگەری دەبێت لەسەر فێرکردنی وشەی خودا لە لایەن کڵێساکەوتەوە (بڕوانە وەرزی پێنجەم)، بودجەی کڵێساکەت، وردەکاری ئیش و کاری قەشەکەت، هەروەها کار دەکاتە سەر چۆنیەتی ژیانی باوەڕداران لە تەواوی هەفتەدا.

با دیسان بیر لەو چیرۆکە بکەینەوە کە لە وەرزی سێیەم و چوارەمدا بینیمان.

بەپێـی بابەتـە بنەڕەتییەکـەی چیرۆکەکـە، کڵێسـا چ ئەرکێکـی لەسـەر شـانە؟ دەتوانیـن بـە دوو ڕێگـە وەڵامـی ئـەو پرسیارە بدەینـەوە بـە پشـت بەسـتن بـە دوو سـاتی ژیانـی کڵێسـاوە: کاتێـک کـە کلێسـا کـۆ دەبێتـەوە و کاتێـک کـە پەرشـوبڵاو دەبێتـەوە؟ کەواتـە ئەرکـی سـەرەکی کڵێسـا چییـە؟ عیسـا دەفەرموێـت:

«هەمـوو دەسـەڵاتێکم لـە ئاسـمان و لەسـەر زەوی دراوەتـێ. کەواتـە بـڕۆن، هەمـوو نەتـەوەکان بکەنـە قوتابـی، بـە نـاوی بـاوک و کـوڕ و ڕۆحـی پیـرۆز لـە ئاویـان هەڵبکێشـن، فێریـان بکـەن بـا کار بکـەن بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە ڕامسـپاردوون. دڵنیابـن مـن هەمـوو ڕۆژێـک لەگەڵتانـم، هەتـا کۆتایـی زەمـان» (مەتـا ٢٨: ١٨- ٢٠).

وەکـو دەبینیـن لـە ئەرکـە مەزنەکـەدا، عیسـا داوا لـە قوتابییەکانـی دەکات کـە گەلانـی دیکـە بکەنـە قوتابـی و خۆشـیان ببنـە قوتابـی.[١٥]

کەواتـە یەکـەم و گرنگتریـن ئەرکـی ئێمـە بریتییـە لـە بەقوتابیکردنـی هەمـوو نەتـەوەکان. کاتێـک خوشـک و برایـان کۆدەبنـەوە، دەبێـت ئـەرک و خزمەتـی بەقوتابیکـردن بکەینـە کار و ئیشـی سـەرەکیمان.

کاتێـک کڵێسـا کـۆ دەبێتـەوە، کۆمەڵـەی گەلـی خـودا لـە دەوری وشـەی خـودا کـۆ دەبنـەوە. ئێمـە وشـەی خـودا دەخوێنینـەوە، ڕایدەگەیەنیـن، لـە نوێـژ و نـزا و گۆرانییـە ڕۆحییەکانـدا بەکاریدێنیـن، وە لـە ڕێوڕەسـمی لەئاوهەڵکێشـان و خوانـی پـەروەردگاردا وشـەکە «دەبینیـن».[١٦] کاتێـک کـە کۆدەبینـەوە، دەبێـت تیشـک بخەینـە سـەر ڕاگەیاندنـی مەسـیح لـە هەمـوو کتێبـی پیـرۆز، چونکـە «بـاوەڕ بـە بیسـتنە و بیسـتنیش بـە وشـەی مەسـیحە» (ڕۆمـا ١٠: ١٧). دەبێـت قەشـەکان هـەوڵ بـۆ ئەمـە بـدەن:

«ئامادەکردنـی گەلـی پیـرۆزی خـۆی بـۆ کاری خزمـەت، بـۆ بنیادنانـی جەسـتەی

---

١٥ بۆ زانیارییەکی تەواو لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە ئەم پەڕتووکە:
Jonathan Leeman, “The Soteriological Mission,”in Four Views on the Church’s Mission, Ed. Jason S. Sexton (Grand Rapids, MI: Zondervan, 2017).

١٦ Mark Dever and Paul Alexander, The Deliberate Church: Building Your Ministry on the Gospel (Wheaton, IL: Crossway, 2005), 81- 86

مەسیح، هەتا هەموومان بگەین بە یەکێتی باوەڕ و ناسینی کوڕی خودا، ببینە مرۆڤێکی پێگەیشتوو، بگەینە ئەندازەی تەواوی پڕیێتی مەسیح. بۆ ئەوەی لەمەولا ساوا نەبین، شێواو و هەڵگیراو بە هەموو بایەکی فێرکردن، بە فێڵی خەڵکی، بە مەکر بەرەو چەواشەی تەڵەکەبازی» (ئەفەسۆس ٤: ١٢- ١٤).

کاتێک کە کڵێسا کۆ دەبێتەوە، پێویستە ئەندامێتیی کڵێسا بە جدی وەربگرین، چونکە گوێڕایەڵبوون لەو فەرمانانەی مەسیح لەخۆ دەگرێت کە سەبارەت بە لەئاوهەڵکێشان و خوانی پەروەردگارە. بە باشی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی کتێبی پیرۆز هاوشانی بەرپرسیاریەتی وەرگرتنی ئەندامی نوێ و جێبەجێکردنی نەزم و ڕێکخستنی کڵێسایە (مەتا ١٨: ١٥- ١٧؛ یەکەم کۆرنسۆس ٥: ١- ١٣). کڵێسای کۆبووەوە کە تایبەت و پیرۆز و جیاوازە لە جیهان، خۆشەویستییەکی ڕۆحی بەرامبەر یەکتر دەردەبڕن کە سەرچاوەکەی لە ئینجیلی پیرۆزەوەیە، بۆ ئەوەی بە نیعمەتی خودا جیهان بەرەو مەسیح ببەن. «بەمە هەموو خەڵک دەزانن کە قوتابی منن، ئەگەر خۆشەویستیتان بۆ یەکتری هەبێت» (یۆحەنا ١٣: ٣٥).

یەکەم ئەرکی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە قوتابی بۆ پاشا زیندووبووەوەکەمان دروست بکەین، لە ڕێگەی مزگێنییەکەی و بە هێزی ڕۆحی پیرۆزی، بۆ شکۆی خودای باوک.

دووەم ئەرکی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە خۆمان ببینە قوتابی. ئەمە ئەو شتەیە کە داوامان لێکراوە تەواوی ڕۆژانی هەفتە ئەنجامی بدەین، هەم بە تەنها و هەم لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کڵێسادا.

کاتێک کە کڵێسا پەرشوبڵاو دەبێتەوە، دەبێت هەوڵ بدەین کە ببینە قوتابی عیسا و پەیامی ڕزگاری نیعمەتی خودا بڵاو بکەینەوە بۆ هەر شوێنێک کە دەچین، چونکە «هەرکەسێک بە ناوی یەزدانەوە بپاڕێتەوە ڕزگاری دەبێت» (ڕۆما ١٠: ١٣). ئێمە نوێژ دەکەین و لە پەروەردگار دەپاڕێینەوە کە خێزان و هاوڕێ و دراوسێ و هاوکارە بێ باوەڕەکانمان ڕزگار بکات (ڕۆما ١٠: ١). ئێمە بوێرانە و بێفیزانە وشەی ڕاستی ڕادەگەیەنین کە مزگێنیی ڕزگاریمانە، چونکە دیسان «باوەڕ بە بیستنە، بیستنیش بە وشەی مەسیحە» (ڕۆما ١٠: ١٧)، وە لەبەر ئەوەی کە تەنها ئینجیل

«هێـزی خودایـە بـۆ ڕزگاربوونـی هەمـوو ئەوانـەی بـاوەڕ دەهێنـن، یەکـەم جـار بـۆ جولەکـە ئینجـا بـۆ ناجولەکـە» (ڕۆمـا ١: ١٦).

کاتێـک کـە کڵێسـا پەرشـوبڵاو دەبێتـەوە، هەمـوو ئەرکـە جیاوازەکانمـان وەکـو ڕێگایـەک بـۆ شـکۆدارکردنی پاشـاکەمان بەکاردێنیـن. ئەمـەش واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت کـە دەبێـت لـە هەمـوو لایەنەکانـی ژیانمـان پـەروەردگار و دراوسـێکەمان خـۆش بوێـت. بـوون بـە قوتابیـی عیسـای پاشـا، واتـە گرنـگ نییـە کـە لـە کوێـی، تـۆ لـە پێنـاو شـکۆدارکردنی ئـەودا دەژیـت و ئیـش بـۆ ئـەو دەکەیـت. «هـەر چییـەک دەکـەن، بـە دڵ بیکـەن، وەک بـۆ مەسـیح بێـت، نـەک بـۆ خەڵکـی، بزانـن لەلایـەن مەسـیحەوە پاداشـتی میـرات وەردەگـرن، چونکـە خزمەتـی مەسـیحی خـاوەن شـکۆ دەکـەن» (کۆلۆسـی ٣: ٢٣- ٢٤). ئـەم هـەوڵ و تەقەلایانـە بـە تەنهـا ئەنجـام نادرێـن، بەڵکـو وەکـو بەشـێک لـە کۆمەڵـەی باوەڕدارانـی کڵێسـا خۆجێییەکـە هەڵدەسـتن بـە ئەنجامدانـی.

هەوڵـدان بـۆ بـوون بـە قوتابـی مەسـیح واتـە دانـان بـە گرنگـی و بایەخـی خێـزان لـە کاتێکـدا نایکەینـە بـت و نموونـەی ژیانمـان. هەروەهـا بـوون بـە قوتابـی مەسـیح واتـە گرنگیـدان بـە دادپـەروەری و سیاسـەت بـە شـێوازێک کـە دڵسـۆز و وریـای ئـەوە بیـن کـە ویژدانـی خوشـک و برایانـی باوەڕدارمـان نەبەسـتینەوە بـە بابەتـی لایەنگـری و کردەییـەوە.

لـە هەمـوو شـتێکدا، بـوون بـە قوتابـی مەسـیح واتـە هەوڵـدان و تێکۆشـان بـۆ شـکۆردارکردنی خـودا لـە ڕێگـەی ئەنجامدانـی کاری چاکـە و شـکۆدارکردنی مەسـیح لـە هەمـوو کاروبارێکـدا. پەتـرۆس دەڵێـت:

«بـا لەنێـو بێباوەڕانـدا ڕەوشـتتان بـاش بێـت، تاکـو کاتێـک بوختانتـان پـێ دەکـەن گوایـا ئێـوە بـەدکارن، کـردەوە چاکەکانتـان ببینـن و لـە ڕۆژی بەسـەرکردنەوەی خـوداش ئـەوان شـکۆداری بکـەن. لەبـەر مەسـیحی باڵادەسـت ملکەچـی هەمـوو دەزگایەکـی مرۆڤانـە بـن: بـۆ پاشـا وەک دەسـەڵاتدار، یـان بـۆ پارێـزگاران وەک نێـردراوی ئـەو بـۆ سـزادانی بـەدکاران و ستایشـی چاکـەکاران، چونکـە خواسـتی خـودا ئاوایـە، بـە چاکـەکاری نەزانـی گێلـەکان بێدەنـگ بکـەن. وەک مرۆڤـی ئـازاد بژیـن، بـەڵام نـەک

ئـازادی پـەردەی بـەدکاری بێـت، بەڵکـو وەک بەنـدەی خـودا بژیـن. ڕێـز لـە هەمـووان بگـرن، هاوباوەڕانتـان خۆشـبوێ، لـە خـودا بترسـن، ڕێـز لـە پاشـا بگـرن» (یەکـەم پەتـرۆس ٢: ١٢- ١٧).

بـەم ڕێـگا و شـێوازانە، کڵێسـای مەسـیح، جـا ئیـدی کۆبـووەوە بـن یـان پەرشـوبڵاو بـن، هـەوڵ دەدەن گەلانـی دیکـە بکەنـە قوتابـی و خۆیانیـش قوتابـی بـن، هەتـا ئـەو کاتـەی کـە عیسـا دەگەڕێتـەوە سـەر زەوی و پـڕی دەکات لـە زانیاری شـکۆمەندییەکەی.

# دەرەنجام

دەکرێـت سـەرنجی شـتێکی شـکۆدار و جـوان نەدەیـن، تەنانـەت کاتێـک کـە لەبەرچاومانــە.

لـە ٢٠٠٧/١/١٢ گەنجێـک لـە وێسـتگەی میـترۆی (واشـنگتن دی سـی) لـە (لـێ ئێنفـۆن پـلازا) هاتـە دەرەوە و لـە تەنیشـت تەنەکەیەکـی خـۆڵ دانیشـت. گەنجەکـە تیشـێرت و کابـۆی لەبـەر بـوو، هەوەهـا کڵاوێکـی بەیسبۆڵیشـی لەسـەر بـوو. لـە نـاو جانتاکەیـدا کەمانچەیەکـی دەرهێنـا و ڕووی جانتاکـەی بـە کراوەیـی کـردە خەڵکـی و دەسـتی کـرد بـە ژەنینـی مۆسـیقا.

کاتژمێـر ٧:٥١ ی بەیانـی ڕۆژی هەینـی بـوو، کـە قەرەباڵغتریـن کاتـی ڕۆژە. گەنجـە کەمانچەژەنەکـە چـل و سـێ خولـەک شـەش پارچـە مۆسـیقای کلاسـیکی ژەنـی، لەکاتێکـدا نزیکـەی ١١٠٠ کـەس لەبەردەمیـدا تێپـەڕ دەبـوون. ئایـا هیـچ کام لـەو کەسـانە ڕاوەسـتان بـۆ ئـەوەی چێـژ لـە مۆسـیقاکە وەربگـرن؟

کەمانچەژەنێـک لـە دەرەوەی وێسـتگەی میـترۆ کـە پاڵـی بـە دیوارێکـەوە داوە، مۆسـیقاژەنێکی ئاسـایی نەبـوو. نـاوی ئـەو کەسـە (جاشـوا بێـڵ) بـوو، کـە یەکێـک بـوو لـە باشـترین مۆسـقاژەنە کلاسـیکەکانی جیهـان. ئـەو لـە تەمەنـی چـوار ساڵیدا بەهـرە و توانـای تایبەتـی لـە بـواری مۆسـیقادا هەبـوو، کـە ئێسـتا بلیمەتـی ئـەو بوارەیـە. ئـەو هۆڵـی کۆنسـێرتەکان لـە جیهانـدا پـڕ دەکات لـە ئامادەبـووان. پارچـە مۆسـیقاکانی بێـڵ لـەو بەیانییـەدا ، زۆر لـە سـەرووی ئاسـاییەوە بـوو.

بێـڵ لـەو چـل و سـێ خولەکـەدا پارچـە مۆسـیقای نـاوازەی ژەنـی کـە بـۆ مـاوەی چەندیـن سـەدە ماونەتـەوە، کـە یەکێـک بـوون لـە جوانتریـن ئـەو پارچـە مۆسـیقایانەی کـە هەتـا ئێسـتا نـووسراون. وە ئـەو مۆسـیقا جوانانـەی بـە یەکێـک لـە بەهادارتریـن ئـەو کەمانچانـەی کـە هەتـا ئێسـتا دروسـت کرابێـت. کەمانچەکـەی بێـڵ لـە براندی سـترادیڤاریوس بـوو کـە لـە سـاڵی ١٧١٣ ز. دروسـت کـراوە و بەهاکـەی سـی ملیـۆن و نیـو دۆلاری ئەمریکییـە.

ئـەو بەیانییـەی ڕۆژی هەینییـە لـە سـاڵی ٢٠٠٧، زیاتـر لـە هـەزار کـەس بلیتـی

خۆڕاییـان بـۆ ڕیـزی یەکەمـی کۆنسـێرتێکی جـوان پێدرابـوو کـە یەکێـک لـە باشـترین مۆسـیقاژەنەکانی جیهـان بەڕێـوەی دەبـرد - بـەڵام ئەگـەر چـاوی بینیـن و گوێـی بیسـتنیان هەبووایـە بـۆ ئـەوەی بیانتوانیبـا چێـژ لـەو شـانازییە سەرسـوڕهێنەرە وەربگـرن. بـەڵام ئەوانـەی کـە لـە وێسـتگەی میترۆکـەدا ڕاوەسـتان و چێژیـان لـە مۆسـیقا مەزنەکـەی بێـل وەرگـرت، ژمارەیـان لـە پەنجەکانـی دەسـت تێنەدەپەڕیـن.[١٧]

ئێمـە هەموومـان ڕووبـەڕووی حاڵەتـی لـەو شـێوەیە بووینەتـەوە. سـەرقاڵبوون بـە ژیـان و پەلاماردانـی پێداویسـتییەکان و ژیانـی بەبـێ وچـان هەتـا ئـەو کاتـەی کـە لـە هێـز و توانـا دەکەویـت، دەکرێـت بەبـێ ئـەوەی کـە بمانەوێـت کاریگـەری لەسـەرمان هەبێـت و لـە ئاسـت بینینـی ئـەوەی کـە بەڕاسـتی گرنـگ و جـوان و بەهـادارە کوێرمـان بـکات، تەنانـەت ئەگـەر ڕێـک لەبەرچاویشـمان بێـت. ژیـان لـەم جیهانـە پـڕ لـە گوناهـەدا، دەتوانێـت بـە ئاسانی وا لـە دڵـمان بـکات کـە هەسـت بـە شـتە جـوان و سەرسـوڕهێنەرەکان نەکەیـن، تەنانـەت کاتێـک کـە شـانازی بینینـی شـتێکی زۆر مـەزن و تایبـەت و جوانمـان هەیـە.

مـن (نیـک) هەندێـک جـار لـە کاتـی خوێندنـەوەی کتێبـی پیـرۆزدا بـەم جـۆرەم بەسـەردێت. لەوانەیـە تـۆش وات بەسـەر هاتبێـت. تەنانـەت دەزانـم کـە وشـەی خودایـە (زەبـوورەکان ١٩: ١٠)، بـەڵام زۆر جـار کـە دێتـە سـەر جێبەجێکـردن و کـردار، باوەڕکـردن پێـی کارێکـی ئاسـان نییـە. ئـەو شـکۆ و مەزنییـە لەدەسـت دەدەم کـە ڕێـک لەبەرچاومـە. ناتوانـم بوەسـتم و بـە پشـوودرێژی و نوێـژەوە گـوێ لـە سـەمفۆنیا و ئـاوازی کتێبـی پیـرۆز بگـرم.

بۆیـە، بـە بێفیزییـەوە ئومێـدی ئـەوە دەخوازیـن و لـە یـەزدان دەپاڕێینـەوە کـە لـە کاتـی خوێندنـەوەی ئـەم پەڕتووکـەدا، شـانازیی بێوێنـەی ئـەوەی کـە دەتوانیت عیسـای مەسـیح بناسـیت و خۆشـبوێت، تـام کردبێـت و بینیبێتـت لـە کاتێکـدا لـە نێـو تـەواوی نـووسراوە پیرۆزەکانـدا دەرکەوتـووە. نوێـژ دەکەیـن کـە زیاتـر لـەوە تێگەیشـتبێتیت کـە بۆچـی یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز ئەوەنـدە پێویسـت و گرنگـە. عیسـای مەسـیح سـەرچاوەی هەمـوو بەرەکەتەکانـە، وە یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز نەخشـەیەکە کـە یارمەتیـت دەدات و دەمانگەیەنێتـە ئـەو سـەرچاوە بـەردەوام و نەبڕاوەیـە. ڕۆحـی

١٧ Gene Weingarten, “Pearls Before Breakfast,” Washington Post Magazine, April 8, 2007

پیـرۆز کـەم کـەم یارمەتیـمان دەدات ئـەوە ببینیـن کـە چـۆن نەخشـەی شـکۆداری کتێبـی پیـرۆز بـەرەو پاشـای هەسـتاوە و دەسـەڵاتدارمان دەبـات، هەروەهـا وا دەکات کـە درک بـەوە بکەیـن کـە پاشـا لـە ڕێگـەی خوێنـی پیرۆزیـەوە گەلێکـی بـە مەبەسـتی شـکۆدارکردن و ستایشـی خـۆی کڕییـەوە.

ئومێـد دەخوازیـن و نوێـژ دەکەیـن کـە چـاو و بیـری ئێمـەش وەکـو ئـەو قوتابییانەی سـەر ڕێگـەی ئەمـواس بکرێتـەوە (لۆقـا ٢٤: ٣١، ٤٥) بـۆ ئـەوەی عیسـا لـە هەمـوو نـووسراوە پیرۆزەکانـدا بناسینەوە تاکـو هەمووومـان لـە قووڵایـی دڵمانـەوە لـە تـەواوی کتێبـی پیـرۆزدا خۆشـمان بوێـت (لۆقـا ٢٤: ٣٢). پاشـاکەی ئێمـە لـەوە کەمـتری شـایان نییـە.

پەترۆسی نێردراو لە یەکەم نامەیدا دەنووسێت:

«ئـەو پێغەمبەرانـەی کـە پێشـبینییان کـرد لەسـەر ئـەو نیعمەتـەی کـە خـودا بـۆ ئێـوەی ئامـادە کردبـوو، بـە وردی لێکۆڵینەوەیـان لـە بابەتـی ئـەو ڕزگاربوونـە کـرد و بەدوایـدا گـەڕان، ڕۆحـی مەسـیح کـە تێیاندابـوو، ئـاگاداری دەکردنـەوە سـەبارەت بـە ئازارەکانـی مەسـیح و ئـەو شـکۆداربوونەی لـەدوای ئازارەکانـەوە دێـت، هەوڵیـان دەدا کـە بزانـن ڕۆحـی پیـرۆز ئامـاژە بـە چـی دەکات لەبـارەی کاتـی ڕوودانەکـەی یـان بارودۆخـی جیهـان لـە کاتـی ڕوودانەکـەی. بۆیـان ئاشـکرا کـرا کـە پەیامەکـە بـۆ خۆیـان نەبـوو، بەڵکـو بـۆ ئێـوە بـوو، واتـە ڕووداوەکان لـە سـەردەمی ئێـوە ڕوودەدەن. ئێسـتا پێتـان ڕاگەیەنـرا بەهـۆی ئەوانـەی مزگێنییـان پـێ بەخشـین بـە یارمەتـی ڕۆحـی پیـرۆز، کـە لـە ئاسـمانەوە نێـردراوە. ئەمانـە ئـەو ڕووداوانـەن کـە فریشـتەکانیش بـە پەرۆشـن لێیـان ورد ببنـەوە» (یەکـەم پەتـرۆس ١: ١٠- ١٢).

ئـەو ڕزگارییـە شـکۆدارەی کـە بەهـۆی مەسـیحەوە هەمانـە، لـە لایـەن پێغەمبەرانـی خـوداوە لـە پەیمانـی کۆنـدا پێشـبینی بـۆ کـراوە و لـە کاتـی ئێسـتادا کێشمەکێشـی تونـدی نێـوان فریشـتەکانی خودایـە. بـەوردی بیـر لـەو پێگـە پـڕ لـە شـانازییە بکـەوە کـە بەهـۆی مەسـیحەوە هەتـە! پاشـان بـە پشـت بەسـتن بـە ڕۆحـی خـودا، بـەردەوام بەوپـەڕی بێفیـزی و نوێـژەوە جیهانـی جوانـی خـودا بگـەڕێ بـۆ ئـەوەی دەوڵەمەنـدی زیاتـری شـکۆی نیعمەتـی خـودا لـە مەسـیحدا بدۆزیتـەوە.

## نموونەی زیاتری یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز

کاتێک من (نیک) فێر شتێکی نوێ دەبم، زۆربەی کات دەڵێم: «تکایە نیشانم بدە، تەنها پێم مەڵێ.» لە خوارەوە کۆمەڵێک نموونەی یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز دەبینیت، کە لە ژانرە جیاوازەکانی کتێبی پیرۆزەوە وەرگیراون. دوای ئەوەی کە هەر یەکەیان بە کورتی لە کۆنتێکستی خۆیان دادەنێم، نیشانت دەدەم کە چۆن یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز یارمەتی ڕوونکردنەوەی دەق دەدات بە شێوەیەک کە مەسیح ناوەند و چەقی بابەتەکە بێت.

یەکەم جار سەرنجی سێ دەقی پەیمانی کۆن دەدەین، دواتر سێ دەقی پەیمانی نوێ بۆ ئەوەی کە چۆن دەبێت ئەگەر بێتو لە ڕێگەی لێنز و هاوێنەی یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆزەوە بیخوێنینەوە و لێی تێبگەین.

### «لە شار بەرەکەتدار دەبن» (دواوتار ٢٨: ١- ٦)

بینیمان کە دەقی بەبێ کۆنتێکست بیانووهێنانەوەیە بۆ بەکارهێنانی ئایەت و دەقێکی دیاریکراو بەبێ لەبەرچاوگرتنی بازنە و هەڵوێستی دەق. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر دەقێکی کتێبی پیرۆز بەبێ لەبەرچاوگرتنی کۆنتێکستەکەی لێکبدەینەوە، ئەوا دەکەین شتێک بڵێت کە لەڕاستیدا نایڵێت. بۆ نموونە، با بڕوانینە ئەم کۆتا ئایەتانەی سیپارەی دواوتار:

«ئەگەر گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارتان بوون، هەتا ئاگاداربن کە کار بە هەموو فەرمانەکانی بکەن، کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم، ئەوا یەزدانی پەروەردگارتان لە سەرووی هەموو نەتەوەکانی سەر زەویتان دادەنێت. هەموو ئەم بەرەکەتانەتان دێتە سەر و پێتان دەگات، ئەگەر گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارتان بوون: لە شار بەرەکەتدار دەبن و لە دەشتودەریش بەرەکەتدار دەبن. بەری سکتان و بەروبوومی زەوییەکەتان بەرەکەتدار دەبن، بەری ئاژەڵە ماڵییەکانیشتان، گوێرەکەی گاگەلەکەتان و کاریلە و بەرخی مێگەلەکەتان. سەبەتە

و تەشـتی هەویرتـان بەرەکەتـدار دەبێـت. لـە چوونـە ژوورەوەتـان بەرەکەتـدار دەبـن و لـە هاتنەدەرەوەشـتان بەرەکەتـدار دەبـن» (دواوتـار ٢٨: ١- ٦).

مامۆسـتایانی ئینجیلـی خۆشـگوزەرانی لەوانەیـە واتـای ئـەم دەقـە بشـێوێنن و بڵێـن: «خـودا بەڵێنـی بەرەکەتداربوونـت پـێ دەدات! خـودا بەڵێـن دەدات کـە بـەرز و بڵنـدت بـکات. بەڵێـن دەدات کـە بەرەکـەت بەسـەرتدا دەڕژێـت. هەروەهـا بەڵێـن دەدات کـە لەنێـو شـار و لـە ئیشەکەشـتدا بەرەکەتـدار دەبیـت. هەروەهـا بەڵێنـی ئـەوەش دەدات کـە منداڵەکانـت و بەروبوومـی زەوی و ئاژەڵەکانیشـت بەرەکەتـدار دەبـن. تاکـە شـتێک کـە پێویسـتە بیکەیـت ئەوەیـە کـە گوێڕایەڵـی یـەزدان بیـت و هەمـوو فەرمانەکانـی جێبەجـێ بکەیـت، ئینجـا لـە لایەنـی کۆمەڵایەتـی و جەسـتەیی و ئابوورییـەوە بەرەکەتـدار دەبیـت! ئێسـتا دەتوانیـت ببیتـە خاوەنـی ئـەم ژیانـە بەرەکەتـدارە. تەنهـا پێویسـتە گوێڕایەڵـی یـەزدان بیـت».

دەبێـت سـەرنجی ئـەوە بدەیـن کـە ئـەم دەقـە بەڕوونـی پەیوەندییەکـی توندوتـۆڵ لەنێـوان گوێڕایەڵـی و بەرەکەتـدا دروسـت دەکات. ئەگـەر گوێڕایـەڵ نەبیـت، ئـەوا بەرەکەتـدار نابیـت. بـەڵام لەگـەڵ ڕوونبوونـەوەی زیاتـری چیرۆکـی گەلـی ئیسرائیـل، دەبینیـن کـە گوێڕایەڵـی یـەزدان نابـن. خـۆت دەتوانیـت سـیپارەی دواوتـار بخوێنیتەوە. هـەر قەشـە و وتاربێژێـک ئینجیلـی خۆشـگوزەرانی لـەم دەقـەدا ببینیـت، ئـەوا چـاوی لـە ئاسـت کۆنتێکسـت و چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆزدا نووقانـدووە.

یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز چـۆن یارمەتیـمان دەدات کـە دڵسـۆزانە ئـەم دەقـە لێکبدەینـەوە؟ بـا یەکـەم جـار سـەرنجی کۆنتێکسـتی پەیمانیـی دەقەکـە بدەین. لـە (دواوتار ٢٨)، موسـا داوا لـە گەلـی ئیسرائیـل دەکات کـە گوێڕایەڵـی وشـەی خـودا بـن بەهـۆی ئـەو پەیمانـەی خـودا لـە شـاخی سـینا لەگەڵیـان بەسـتی. موسـا هـاوکات بەرەکەتەکانـی گوێڕایەڵـی (٢٨: ١- ١٤) و نەفرەتـە تۆقێنەرەکانـی سـەرپێچیکردنی (٢٨: ١٥- ٦٨) خسـتە بەردەمیـان.

سـەرنجی ئـەوە بـدەن کـە چـۆن موسـا بـە بـەراورد بـە بەرەکەتـەکان، کاتێکـی زۆرتـری لـە باسـکردنی نەفرەتەکانـدا بەسـەر بـردووە. ئەمـە دەریدەخـات کـە خـودی موسـاش دڵنیـا نەبـووە لـەوەی کـە گەلـی ئیسرائیـل لـەدوای مردنـی ئـەو گوێڕایەڵـی

یـەزدان دەبـن، جـا ئـیدی بـا باسـی دوای ئـەو کاتـە نەکـەیـن کـە یەشـوع دەیانباتـە نێـو خاکـی بەڵێنـدراوەوە. لەڕاسـتیدا، کاتێـک موسـا تەماشـای داهاتـووی نزیکـی ئیسرائیلـی کـرد، سـەرپێچی و بتپەرسـتی و ڕاپێچکردنـی بینـی - دڵسـۆزبوون و بەرەکـەت و خۆشـگوزەرانی نەبینـی.

کاتێـک کـە موسـا زینـدوو بـوو، گەلـی ئیسرائیـل گوێڕایەڵـی فەرمانـی یەزدانیـان نەدەکـرد. بۆچـی ئەمـە دەبێـت لـەدوای مردنـی موسـا گۆڕانـکاری بەسـەر بێـت؟ یـەزدان تەنانـەت ئـەوەی بـە موسـا گـوت کـە گەلـی ئیسرائیـل بەزوویـی لـە ڕێگـەی سـەرپێچی و بتپەرسـتییەوە ئـەو پەیمانـە دەشـکێنن کـە لـە شـاخی سـینا لەگەڵیـان بەسـتی: «ئەوەتـا تـۆ لەگـەڵ باوباپیرانـت سـەردەنێیتەوە، جـا ئـەم گەلـە هەڵدەسـتن و لەشفرۆشـی لەگـەڵ خوداوەنـدە بێگانەکانـی ئـەو خاکـە دەکـەن کـە دەچنـە نـاوی. ئـەوان وازم لـێ دەهێنـن و ئـەو پەیمانـەم دەشـکێنن کـە لەگەڵیـان بەسـتوومە» (دواوتــار ٣١: ١٦؛ ٣١: ٢٤- ٢٩).

کۆنتێکسـتی ئـەم دەقـە بەڕوونـی پێـمان دەڵێـت کـە گەلـی ئیسرائیـل گوێڕایەڵـی پەیمانـی خـودا نابـن و ناتوانـن.

هەروەهـا ئێمـەش ناتوانیـن! ئێمـەش وەکـو ئـەوان بـەر نەفرەتـی خـودا کەوتوویـن، نـەک بەرەکەتەکانـی. شـەریعەتی یـەزدان داوای گوێڕایەڵیـی تـەواو دەکات، بـەڵام نیـەت و خواسـتی دڵـی گەلـی ئیسرائیـل و ئێمـەش پـڕە لـە گونـاه و حـەزی لـە خراپەیـە (پەیدابـوون ٦: ٥؛ ٨: ٢١؛ دواوتـار ٣١: ٢١). تاکـە ئومێـدی ئێمـە بـۆ بەدەسـتهێنانی بەرەکـەت ئەوەیـە کـە کەسێکی دیکـە بەتـەواوی گوێڕایـەڵ بێت کـە ئێمـە نەمانتوانی، وە ئـەو نەفرەتـە هەڵبگرێـت کـە ئێمـە بەهـۆی سـەرپێچیمانەوە شـایانی بوویـن، هەروەهـا دڵـی نوێـمان پـێ ببەخشـێت تاکـو گوێڕایەڵـی فەرمانەکانـی خـودا بیـن و جێبەجێیـان بکەیـن.

موسـا دەیزانـی کـە گەلـی خـودا پێویسـتییەکی زۆریـان بـە پەیمانێکـی نوێیـە. وە لـە ڕاسـتیدا (دواوتـار ٢٩ – ٣٠) بەتایبەتـی باسـی ئـەوە دەکات! موسـا بـە ئومێـدەوە چـاوی لـە داهاتـووی دوور دەکـرد: «یەزدانـی پەروەردگارتـان دڵـی خۆتـان و دڵـی نەوەکەتـان خەتەنـە دەکات، تاکـو یەزدانـی پەروەردگارتـان پـڕ بـە دڵ و لـە ناختانـەوە خۆشـبوێت بـۆ

ئـەوەی بژیـن» (دواوتـار ٣٠: ٦؛ یەرمیـا ٣١: ٣٣؛ ٣٢: ٣٩- ٤٠؛ حزقیێـل ١١: ١٩؛ ٣٦: ٢٦- ٢٧؛ کۆلۆسـی ٢: ١١). خـودا لـە داهاتـوودا پەیمانێکـی نوێ لەگـەڵ گەلەکەیـدا دادەمەزرێنێت.

هەواڵـی خۆشـتری زیاتـر بەڕێوەیـە! کەسـێك دێـت، پێغەمبەرێکـی وەکـو موسـا (دواوتـار ١٨: ١٥، ١٨؛ لۆقـا ٧: ١٦) کـە بـە تـەواوی دڵ و گیـان و بیـر و هێزیـەوە گوێڕایەڵـی یـەزدان دەبێـت؛ داواکارییەکانـی شـەریعەت دێنێتـە دی (مەتـا ٥: ١٧)؛ بەرەکەتـی پەیمانێکـی نـوێ بـۆ گەلەکـەی دەسـتەبەر دەکات (لۆقـا ٢٢: ٢٠). نـاوی عیسـا دەبێـت.

بـەڵام بـۆ ئـەوەی عیسـا بتوانێـت ئـەم بەرەکەتانـە بـۆ گەلەکـەی مسـۆگەر بـکات، دەبوا بەرگـەی نەفرەتـی ئەوانـی بگرتبـا. پۆڵـس لـە نامەکەیـدا بـۆ گەلاتیـا، ئامـاژە بـە (دواوتـار ٢٧: ٢٦) دەکات و دەڵێـت: «هەمـوو ئەوانـەی پشـت بـە کـرداری شـەریعەت دەبەسـتن، لەژێـر نەفرەتـن، چونکـە نـووسراوە: هەرکەسـێک لـە هەمـوو نـووسراوی پەڕتووکەکانـی تـەورات نەچەسـپێت بـۆ پەیڕەوکـردن، نەفـرەت لێکـراوە» (گەلاتیـا ٣: ١٠).

بۆیـە پۆڵـس دەڵێـت، عیسـای مەسـیحی ڕاستودروسـت لەسـەر خـاچ لـە جێگـەی ئێمـە حوکـم درا: «مەسـیح ئێمـەی لـە نەفرەتـی شـەریعەت کڕییـەوە، بـەوەی لـە پێناومانـدا بـووە نەفـرەت، چونکـە نـووسراوە: هەرکەسـێک لەسـەر دار هەڵبواسرێـت نەفـرەت لێکـراوە. ئـەو ئێمـەی کڕییـەوە بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە بەرەکەتـی ئیبراهیـم بـۆ نەتـەوەکان بێـت، تاکـو بەهـۆی بـاوەڕەوە بەڵێنـی ڕۆحـی پیـرۆز بەدەسـتبهێنین» (گەلاتیـا ٣: ١٣- ١٤).

ئینجیلـی خۆشـگوزەرانی و پەیامـە هەڵـە و پووچەکانـی دیکـە وا دەکـەن کـە خـۆت بکەیتـە کارەکتـەری سـەرەکی کتێبـی پیـرۆز، بـەڵام لەڕاسـتیدا هەمـووی سـەبارەت بـە مەسـیحە.

## «خودا لەسەر تەختی پیرۆزی خۆی دادەنیشێت» (زەبوورەکان ٤٧: ٨)

لـە وەرزی سـێ و چـوار، بابەتـی بەرجەسـتە و گرنگـی پاشـابوونی خودامـان لـە کتێبـی پیـرۆزدا بینـی. بـۆ نموونـە، بڕوانـە ئـەم ئایەتانـەی سـیپارەی زەبـوورەکان:

«خودا پاشایەتی نەتەوەکان دەکات،

خودا لەسەر تەختی پیرۆزی خۆی دادەنیشێت» (زەبوورەکان ٤٧: ٨).

(زەبـوورەکان ٤٧) داوکارییەکـە بـۆ هەمـوو جیهـان، «بـۆ هەمـوو گـەلان» کـە بـە خۆشـییەوە ستایشـی یـەزدان بکـەن (٤٧: ١). بۆچـی؟

«چونکە یەزدانی هەرەبەرز بە سامە،

پاشایەکی گەورەیە بەسەر هەموو زەوییەوە» (زەبوورەکان ٤٧: ٢).

دەبێـت هەمـوو زەوی ستایشـی یـەزدان بکـەن چونکـە ئـەو گەورەتریـن و مەزنتریـن پاشـای سەرتاسـەری زەوییـە. ئێمـە هەمـان پێکهاتـە لـە (زەبـوورەکان ٤٧: ٦- ٧)دا دەبینیـن. ئایەتـی شـەش داواکارییـە بـۆ گوتنـی هۆنـراوەی سـتایش و ئایەتـی حـەوت باسـی هۆکارەکـەی دەکات: «چونکـە خـودا پاشـای هەمـوو زەوییـە».

ئەمەش دەمانگەیەنێت بە (زەبوورەکان ٤٧: ٨):

«خودا پاشایەتی نەتەوەکان دەکات،

خودا لەسەر تەختی پیرۆزی خۆی دادەنیشێت.»

ئـەم ئایەتـە فێرمـان دەکات کـە خـودا فەرمانـڕەوای هەمـوو گـەل و نەتەوەکانـە. سـەرەڕای کەللەڕەقـی و سەرسـەختبوونیان، خـودا فەرمانڕەواییـان دەکات. پیرۆزەکـەی ئیسرائیـل لەسـەر تەختـە پیرۆزەکـەی دادەنیشـێت. یـەزدان پاشـایەتی دەکات. پاشـایەتیکردنی جیهـان لـە لایـەن خـوداوە یەکێکـە لـە بابەتـە سـەرەکییەکانی سـیپارەی زەبـوورەکان. لـە ڕاسـتیدا تـەواوی بەشـەکان ئـەم کۆرسـە نایابـە دووپـات دەکاتـەوە: «یــەزدان پاشــایەتی دەکات» (زەبــوورەکان ٩٣: ١؛ ٩٧: ١؛ ٩٩: ١).

«یەزدان خودایەکی گەورەیە،

پاشایەکی گەورەیە بەسەر هەموو خوداوەندەکانەوە» (زەبوورەکان ٩٥: ٣)

ئەگـەر هەندێـک بکشـێینەوە، دەبینیـن کـە چـۆن بابەتـی پاشـابوونی خـودا تیشـک

دەخاتــە ســەر کێشــەی گونــاە. کتێبــی پیــرۆز لــە (پەیدابــوون ٣) بــەولاوە باســی چیرۆکــی پــڕ لــە خەمــی ســەرپێچیی گەلانمــان بــۆ دەکات دژی خــودا؛ ئــەوان وەکــو پاشـا ستایشـی یـەزدان ناکـەن. ئـەم یاخیبوونـە جیهانییـە بـە ڕوونـی لـە پلانـە پـڕ لـە شـاناز و لووتبەرزییەکـەی بنیاتنانـی قوولـەی بابلـدا دەردەکەوێـت (پەیدابـوون ١١: ١- ٩): «هەروەهـا گوتیـان: وەرن، بـا شـارێک بـۆ خۆمـان دروسـتبکەین لەگـەڵ قوللەیـەک کـە سـەری لـە ئاسـمان بـدات. ناوێکیـش بـۆ خۆمـان دروسـتدەکەین، تاکـو بەسـەر هەمـوو ڕووی زەویـدا پـەرت نەبیـن» (پەیدابـوون ١١: ٤). خـودا هـەوڵ و کۆششـە گوناهبارەکانـی بابلـی پووچـەڵ کـردەوە و لـە جێگـەی ئـەوە ئەبرامـی دەستنیشـان کـرد و بەڵێنـی دا لـە ڕێگـەی ئـەوەوە ناوێکـی مـەزن بـۆ خـۆی دروسـت دەکات (پەیدابـوون ١٢: ١- ٣). وە لـە ئەنجامـدا هەمـوو گەلانـی جیهـان لـە ڕێگەی خێزانەکـەی ئیبراهیمەوە بەرەکەتـدار دەبـن (پەیدابـوون ١٧: ٤- ٦: ٢٢: ١٧- ١٨).

جێگـەی سەرسـامییە کـە (زەبـوورەکان ٤٧) لـە کۆتـا ئایەتیـدا ئامـاژە بـەو بەڵێنـە دەکات کـە بـە ئەبـرام (ئیبراهیـم) دراوە:

«سەروەرانی گەلان وەک گەلی خودای ئیبراهیم کۆبوونەوە،

چونکە پاشاکانی زەوی هی خودان، ئەو پایەی زۆر بەرزبووەوە (٤٧: ٩).

ئـەم زەبـوورە ئامـاژە بـە ڕۆژگارێـک دەکات کـە هەمـوو گـەلان وەکـو پاشـای هەمـوو جیهـان، دان بـە یەزدانـی ئیسرائیلـدا دەنێـن. وە لـەوەش زیاتـر، خـودی گـەلان لێـرەدا بـە «سـەروەرانی گـەلان» ناویـان هاتـووە کـە «وەکـو گەلـی خـودای ئیبراهیـم» کـۆ دەبنەوە.

ســیپارەی زەبــوورەکان بــەو پاشــایانە دەســتپێدەکات کــە ڕقیــان لــە یــەزدان و دەستنیشـانکراوەکەیەتی (زەبـوورەکان ٢: ١- ٣). بـەڵام (زەبـوورەکان ٤٧: ٨- ٩) باسـی ڕۆژگار و سـەردەمێکمان بـۆ دەکات کـە پاشـا و سـەروەرانی گـەل و نەتـەوەکان سـوپاس و ستایشـی پـەروەردگار دەکـەن، ئـەوەی کـە لەسـەر تەختـی پاشـایەتی دادەنیشـێت.

وە ئەمـەش ڕێـک ئـەو شـتەیە کـە ئێمـە لـە دەرەنجامـی کتێبـی پیـرۆزدا دەیبینیـن، لـە بینینەکـەی تەختـەی پاشـایەتی خـودا لـە (ئاشـکراکردن ٤ – ٥). یۆحەنـا تەختی پاشـایەتی خـودا لــە ئاســمان دەبینێــت، تەختــی پاشــایەتی پیرۆزەکــە، یەزدانــی پــەوەردگاری

هەرەبەتوانا، ئەوەی کە «هەبووە و هەیە و دێت (ئاشکراکردن ٤: ٨). وە یۆحەنا لە (ئاشکراکردن ٥)، گوێی لە گۆرانییە نوێیەکە دەبێت لەبارەی شێرەکە و بەرخەکە کە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووە. ئەو شایانی سوپاس و ستایشە. بۆچی؟

«چونکە تۆ سەربڕایت و بە خوێنی خۆت خەڵکت بۆ خودا کڕییەوە،

لە هەموو خێڵ و زمان و گەل و نەتەوەیەک» (ئاشکراکردن ٥: ٩).

پەرستنی گەل و نەتەوەکان لە لایەن خوێنی بەرخەکەوە کڕدرایەوە کە فەرمانڕەوایی دەکات و لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووە.

ئەی کاردانەوە و وەڵامی خەڵکی لە هەمبەر کارێکی ئەوها نایابی خودای مەزندا چییە؟ وەڵامەکەیمان لە (ئاشکراکردن ٥: ١٣)دا دەست دەکەوێت کە دەڵێت:

«هەموو بوونەوەرێکی ئاسمان و زەوی و ژێر زەوی و ناو دەریاش، هەموو ئەوانەی لەوێدا بوون، بیستم دەیانگوت:

با ستایش و ڕێز و شکۆ و توانا، بۆ دانیشتووی سەر تەختەکە و بەرخەکە بێت، هەتاهەتایە!»

ڕۆژێک دێت کە هەموو گەل و نەتەوەکان «بە هاواری شادییەوە هوتاف بۆ خودا بکێشن» (زەبوورەکان ٤٧: ١)، بەهۆی ئەو بەرخەی کە لە جێگەی ئەوان سەربڕدرا. بەرخی خودا کە فەرمانڕەوایی دەکات و لەسەر تەختی پاشایەتی خودا دادەنیشێت، پاداشتی ئازارچەشتنەکەی وەردەگرێت کە بریتییە لە ستایشی هەتاهەتایی لە لایەن هەموو گەلان و خۆشەویستییەکی پڕ لە خۆشیی لە لایەن هەموو نەتەوەکانەوە.

## «ڕۆڵە، ئەگەر قسەکانم وەربگریت» (پەندەکانی سلێمان ٢: ١- ٦)

هەندێک لە بەشەکانی پەیمانی کۆن ئاسانتر لەوانەی دیکە دەتوانیت پەیوەستی بکەیت بە عیسای مەسیحەوە. بۆ نموونە، پێشبینییەکی ڕاستەوخۆ لەبارەی مەسیحەوە بەلامانەوە ئاسانترە لە بەشێکی سیپارەی پەندەکانی سلێمان.

کەواتــە چــۆن پەڕتووکــی دانایــی (پەندەکانــی ســلێمان) پەیوەنــدی هەیــە بــە مەســیحەوە؟ بــا بڕوانینــە (پەندەکانــی ســلێمان ٢: ١- ٦):

«ڕۆڵە، ئەگەر قسەکانم وەربگریت،

فەرمانەکانم لەلای خۆت هەڵبگریت،

هەتا گوێ بدەیتە دانایی و

دڵت بدەیتە تێگەیشتن،

ئەگەر بانگی پەیبردن بکەیت و

دەنگ بۆ تێگەیشتن هەڵبڕیت،

ئەگەر وەک زیو داوات کرد و

وەک خشڵی شاردراوە بەدوایدا گەڕایت،

ئەوسا لە واتای لەخواترسی دەگەیت و

ناسینی خودا دەدۆزیتەوە،

چونکە یەزدان دانایی دەبەخشێت،

زانیاری و تێگەیشتنیش لە دەمی ئەوە».

بابەتــی ســەرکی ئــەم دەقــە وا دیــارە ئەوەیــە کــە بەڕاســتی بــەدوای داناییــدا بگەڕێیــت، وە لــە ئاکامــدا خــودا پێــت دەبەخشــێت. بەپێــی ئــەم دەقــە، «دانایــی» هاوتەریبــە لەگــەڵ «زانیــاری و تێگەیشــتن» (٢: ٥). بــە واتایەکــی دیکــە، (پەنــدەکان ٢: ١- ٦) بــە درێــژی باســی (پەنــدەکان ١: ٧) دەکات کــە دەڵێــت: «لەخواترســی ســەرەتای زانیارییــە». دانایــی – تــرس لــە خــودا – لــە گــەڕان و گوێگرتنێکــی پــڕ لــە گەرموگوڕییەوە بــۆ «وشــە و فەرمــان و تێگەیشــتن»ی بــاوک دەســت دەکەوێــت.

بــا هەندێــک بکشــێیەوە و بزانیــن چــۆن ئــەم پەنــدە لەنێــو چیرۆکــی کتێبــی پیــرۆزدا جێگــەی دەبێتــەوە. لــە (پەنــدەکان ١: ١)ەوە بۆمــان دەردەکەوێــت کــە پاشــا ســلێمان لانــی کــەم بەشــی ســەرەتای ئەم ســیپارەیەی نووســیوە. سلێمانی کــوڕی داود، بە پاشــای ئیســرائیــل دەستنیشــان کــرا. یــەزدان بەڵێنــی بــە داود دا کــە کــوڕی ئــەو فەرمانڕەوایــی

خـودا بـۆ گەلـی خـودا دەگوزاێتـەوە، وە لەوانیشـەوە بـۆ هەمـوو گەلانـی جیهانـی دەگوازێتـەوە. دەبێـت گـەلان چـاو لـە ئیسرائیـل بکـەن – کـە پاشـایەکی دانـا بەڕێـوەی دەبـات کـە ڕۆژانـە ڕامـان لەسـەر وشـەی خـودا دەکات (دواوتـار ١٧: ١٨- ٢٠) – وە سـەرنج بدەنـە گەلێکـی دانـا و تێگەیشـتوو (دواوتـار ٤: ٦).

کەواتـە لـە سیپارەی پەندەکانـی سـلێمان، دەبینیـن کـە خـودا بەتایبەتـی کوڕەکـەی، واتـە سـلێمانی پاشـا دەستنیشـان دەکات بـۆ ئـەوەی بـە داناییـەوە فەرمانڕەوایـی کوڕەکانـی دیکـەی بـکات. بڕوانـە (پەنـدەکان ١: ٨):

«ڕۆڵە، گوێ لە تەمبێکردنی باوکت بگرە و

فێرکردنی دایکت پشتگوێ مەخە».

ئـەم داناییـە باوکانەیـە لـە (پەنـدەکان ٢: ١- ٦)دا ئامـاژەی پێکـراوە، کـە بـە «ڕۆڵـە» دەسـتپێدەکات. بـەڵام ئـەم دەقـە چـۆن ئامـاژە بـە مەسـیح دەکات؟

یەکـەم، ئـەم دەقـە لـە ڕێگـەی نووسـەرەکەیەوە باسـی مەسـیح دەکات. سـلێمانی کـوڕی داود، ئاماژەیـە بـۆ کـوڕی ڕاسـتەقینەی داود کـە هێشـتا نەهاتـووە.

دووەم، سـەرنجی بابەتـی دانایـی کتێبـی پیـرۆز بـدە، وە ئـەوەی کـە چـۆن ئامـاژە بـە پاشـای داهاتـوو لـە نـەوەی داودەوە دەکات. بێگومـان سـلێمان بـە دانایـی و ژیرییەکـی زۆر بەناوبانـگ بـو. «خـودا دانایـی و تێگەیشـتنێکی زۆر زۆری دایـە سـلێمان، هەروەهـا مێشـکێکی فـراوان وەک ئـەو لمـەی لەسـەر کەنـاری دەریایـە. دانایـی سـلێمان زیاتـر بـوو لـە دانایـی هەمـوو خەڵکـی ڕۆژهـەڵات و هەمـوو دانایـی میسرییـەکان» (یەکـەم پاشـایان ٤: ٢٩- ٣٠).

مەسـیحی بەڵێندراویـش کوڕێکـی دانـا و ژیـر دەبێـت کـە داناییەکـەی تەنانـەت لـە هـی سـلێمانیش زیاتـر دەبێـت. ئـەم کـوڕە وەکـو ئـەو کەسـە وەسـف کـراوە کـە ڕۆحـی دانایـی و تێگەیشـتن لەسـەری دەنیشـێتەوە:

«چڵێک لە بنەداری یەسا دەردەچێت،

لقێکی نوێ لە ڕەگەکەیەوە دەڕوێت.

ڕۆحی یەزدان لەسەری دەنیشێتەوە،

ڕۆحی دانایی و تێگەیشتن،

ڕۆحی ڕاوێژ و ئازایەتی،

ڕۆحی زانین و لەخواترسی» (ئیشایا ١١: ١- ٢؛ ئیشایا ٥٠: ٤- ٥).

کەواتە کاتێک کە دێینە سەر پەیمانی نوێ، دەبینین کە عیسای مەسیح وەکو منداڵێکی پڕ لە دانایی باسی لێوە کراوە: «منداڵەکەش گەشەی دەکرد و بەهێز دەبوو، پڕبوو لە دانایی» (لۆقا ٢: ٤٠). عیسا تامەزرۆی ئەوە بوو کە لە ماڵی باوکیدا بێت (لۆقا ٢: ٤٩). دواتر بەڕوونی بەراوردی خۆی و سلێمان دەکات، کاتێک دەفەرموێت: «شاژنی باشوور لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا لەگەڵ ئەم نەوەیە لە مردن هەڵدەستێتەوە و تاوانباری دەکات، چونکە لەوپەڕی زەوییەوە هات بۆ گوێگرتن لە دانایی سلێمان. ئەوەتا لە سلێمان مەزنتر لێرەیە» (مەتا ١٢: ٤٢؛ لۆقا ١١: ٣١).

دوای ئەوەی کە عیسا لە کەنیشت فێرکردنی پێشکەش کرد، ئامادەبووان پێیان گوت: «ئەمە ئەم دانایی و پەرجووانەی لەکوێ بوو؟» (مەتا ١٣: ٥٤). پۆڵسی نێردراو پێمان دەڵێت کە مەسیح هێز و دانایی خودایە (یەکەم کۆرنسۆس ١: ٢٤)، هەروەها «لە ئەودا هەموو گەنجینەی دانایی و زانیاری شاردراوەتەوە» (کۆلۆسی ٢: ٣).

کەواتە تەواوی سیپارەی پەندەکانی سلێمان دەبێت بە تێگەیشتنێکەوە بخوێنرێتەوە کە تەنها یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز دەتوانێت دەستەبەری بکات، ئەویش ئەوەیە کە عیسا کوڕی خودایە و دانایی سلێمانی هەیە. ئەمە دێتە نێو دەقەکەمانەوە، چونکە لە پەیمانی نوێدا دەبینین کە عیسای منداڵ داوای داناییەکی لەو شێوەیەی لە باوکی دەکرد: «دوای سێ ڕۆژ لە حەوشەکانی پەرستگادا دۆزیانەوە، بینییان لەناو مامۆستایان دانیشتووە، گوێیان لێ دەگرێت و پرسیاریان لێدەکات. هەموو ئەوانەی گوێیان لێی ڕاگرتبوو، لە تێگەیشتن و وەڵامەکانی سەرسام بوون» (لۆقا ٢: ٤٦- ٤٧). تەنانەت مامۆستایانی شەریعەت سەرسامبوون بەو داناییەی کە عیسای دوازدە ساڵ هەیبوو.

ئەگەر ئێمە لەگەڵ مەسیح یەکمان گرتبێت، ئەوا دەزانین کە بووینەتە ڕۆڵەی ئەو. ئەگەر لەگەڵ مەسیح یەکمان گرتبێت، ئەوا دەزانین کە سیپارەی پەندەکان

تەنها ئامۆژگاری کردەییمان پێ نادات، بەڵکو یارمەتیمان دەدات کە بزانین چۆن لە ترسی یەزداندا بژین و پاشان وەکو ڕۆڵەی خودا بە ڕێگەکانی ئەودا بڕۆین، بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو مەسیح داناییمان زیاد بێت و بەرەکەتدارتر بین.

دانایی خودا بەهادار و بەنرخە. دەبێت بەدوایدا بگەڕێین، چونکە وەکو گەنجینە بەنرخە (پەندەکان ٢: ١- ٥). وە ئەگەر پەیدامان کرد و بەدەستمان هێنا، دەبێت خودا شکۆدار بکەین، چونکە تەنها ئەو دانایی دەبەخشێت (پەندەکان ٢: ٦).

ئێستاش با بڕوانینە دوو چیرۆکی ئاشنای ئینجیلی پیرۆز و دەقێک لە نامەی پۆڵس بۆ کۆلۆسییەکان.

## «هاتە لایان، بەسەر دەریاچەکەدا ڕۆیشت» (مەرقۆس ٦: ٤٥- ٥٢)

لە (مەرقۆس ٦)، عیسا چەندین پەرجووی ئەنجام دا کە بەو هۆیەوە ناسنامەکەی وەکو کوڕی خودای زیندوو دەرکەوت. نانی پێنج هەزار کەسی دا (٦: ٣٠- ٤٤) و نەخۆشی چاک کردەوە (٦: ٥٣- ٥٦). لەنێو ئەم دوو پەرجووەدا، پەرجووێکی دیکەی عیسا هەیە کە ئەویش ڕۆیشتن بوو بەسەر دەریاچەیەدا (٦: ٤٥- ٥٢). لەم وەرزەدا، وتەیەکی هەتا ڕادەیەک ناڕوون و سەرلێشێوێن دەبینین: «کە بینی قوتابییەکانی بەهۆی سەوڵ لێدانەوە ماندوو بوون، چونکە ئاراستەی ڕەشەباکە پێچەوانە بوو، لە بەرەبەیان هاتە لایان، بەسەر دەریاچەکەدا ڕۆیشت و ویستی لێیان تێبپەڕێت» (٦: ٤٨).

عیسا بەسەر ئاوەکەدا بە ئاراستەی قوتابییەکانی دێت کە لە کێشمەکێشدا بوون. قوتابییەکانی نەیانتوانی عیسا بناسنەوە. وایان زانی خێو و دێوەزمەیە! بەڵام بۆچی مەرقۆس سەرنجمان دەخاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە ئەو کەسەی «هاتە لایان، بەسەر دەریاچەکەدا ڕۆیشت»، هەروەها «ویستی لێیان تێبپەڕێت»؟ یەزداناسی بەپێی کتێبی پیرۆز وەڵامی ئەم پرسیارەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

مەرقۆس ئاماژە بە دەقەکانی پەیمانی کۆن دەکات کە ناسنامەی ڕاستەقینەی عیسا بۆ خوێنەرەکانی ڕوون دەکاتەوە. زۆربەی کتێبە ڕاڤەکارییەکانی کتێبی پیرۆز سەرچاوە هاوتەریبەکان لەخۆ دەگرن کە یارمەتی خوێنەران دەدەن لەوەی کە

سەرنجی ئەو ئاماژانەی پەیمانی کۆن بدەن، بۆیە خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانە بکە بە خووی هەمیشەییت. با بە کورتی سەرنجێکی پەیوەندییە کانۆنییەکان بدەین.

وشەی «تێپەڕبوون» زۆر جار لە پەیمانی کۆندا وەک وەسف و باسی دەرکەوتنی خودا بۆ مرۆڤ بەکارهاتووە. یەزدان لە کێوی سینا وەڵامی داواکارییەکی موسای دایەوە کە شکۆی خودایەتییەکەی لەبەردەمی تێدەپەڕێت (دەرچوون ٣٣: ١٧- ٢٣؛ ٣٤: ٦). خودا فەرمووی کە لەبەردەم موسا «تێدەپەڕێت» بۆ ئەوەی ناڕاستەوخۆ شکۆمەندییەکی خۆی نیشان بدات، چونکە یەزدان دەفەرموێت: «کەس نییە بمبینێت و بژییێت» (دەرچوون ٣٣: ٢٠).

یەزدان لەبەردەم ئەلیاسی پێغەمبەریشدا تێپەڕی: «وا یەزدان تێدەپەڕێت. ئینجا بایەکی مەزن و بەهێز چیاکانی شەق کرد و تاشەبەردەکانی لەبەردەم یەزدان شکاند» (یەکەم پاشایان ١٩: ١١).

پەیوەندییەکی دیکەی کانۆن بە (مەرقۆس ٦: ٤٨)ەوە هەیە کە لە سیپارەی ئەیوبدا هاتووە:

«جا چۆن مرۆڤ لەبەرچاوی خودا ڕاستودروست دەبێت؟

ئەگەر بیەوێت مشتومڕی لەگەڵ بکات،

ناتوانێت وەڵامی یەک لە هەزار بداتەوە.

خودا گەورەیە بە دانایی و لە تواناددا زۆر بەهێزە.

کێ هەیە دژایەتی کردبێت و بە سەلامەتی دەرچووبێت؟

هەژێنەری چیاکانە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن،

ئەوەی لە کاتی تووڕەییدا سەرەوژێریان دەکات.

زەوی لە جێی خۆی لەق دەکات،

جا کۆڵەکەکانی دەخاتە بوومەلەرزە.

فەرمان بە خۆر دەدات، کە هەڵنەیەت،

بە ئەستێرەکانیش کە نەدرەوشێنەوە.

خۆی بە تەنها ئاسمانی لێک کردووەتەوە،

بەسەر شەپۆلەکانی دەریادا ڕۆیشتووە.

دروستکەری کەلووەکانی ورچ و ڕاوچی و

حەوتەوانە و ئەو کەلووانەی کە لە باشووری زەوی دەبینرێن.

کاری مەزنی بەم جۆرەی کردووە کە لە سەرووی بیرکردنەوەن،

هێندە پەرجوو کە لە ژماردن نایەن.

کاتێک بەسەرمدا دەڕوات نایبینم،

کاتێک تێدەپەڕێت هەستی پێ ناکەم!» (ئەیوب ٩: ٢- ١١).

سەرنجی ئەوە بدە کە خودای بەدیهێنەر ئەوەیە کە:

«کاری مەزنی بەم جۆرەی کردووە کە لە سەرووی بیرکردنەوەن،

هێندە پەرجوو کە لە ژماردن نایەن» (١٩: ١٠).

تەنها ئەو فەرمان بە خۆر و ئەستێرەکان دەکات. وە مایەی سەرسامییە کە ئەو هەمان ئەو کەسەیشە کە بەسەر شەپۆلەکانی دەریادا دەڕوات. ئەم وەسف و باسە مەزنەی خودا لە ئایەتی ١١، پەیوەندی هەیە بە دانپێدانانێکی بێفیزانەوە:

«کاتێک بەسەرمدا دەڕوات نایبینم،

کاتێک تێدەپەڕێت هەستی پێ ناکەم».

بە واتایەکی دیکە، ئەم خودا بێ ئەندازە شکۆدارە لە سەرووی تێگەیشتن و درککردنی مرۆڤەوەیە. شکۆی خودا لە درک و تێگەیشتنی ئێمە بەدەرە.

ئەم پەیوەندییە کانۆنییانە چ واتایەکیان هەیە بۆ تێگەیشتن لە (مەرقۆس ٦: ٤٨)؟

هـەر چەنـدە ڕۆیشـتنی عیسـا بەسـەر ئـاودا، دەرخـەری شـکۆ و توانـای خودایەتـی عیسـایە، بـەڵام قوتابییـەکان هـەر نەیانتوانـی بەتـەواوی لێـی تێبگـەن و بیناسـن (مەرقـۆس ٦: ٥١- ٥٢). بـەڵام ئـەو وشـانەی عیسـا کـە قوتابییەکانـی ئـارام کـردەوە - «ورەتـان بـەرز بێـت، ئـەوە منـم. مەترسـن» (مەرقـۆس ٦: ٥٠) - هەمـان ئـەو نـاوەی خـودای ئیبراهیـم و ئیسـحاق و یاقوبـە کـە لـە لای دەوەنـە گڕگرتووەکـەدا بـۆ موسـا دەرکـەوت (دەرچـوون ٣: ١٤).

بـەو شـێوەیە، مەرقـۆس عیسـا بـە کـوڕی خـودا دەناسـێنێت، کـە پـەروەردگارە و شـێوەی مرۆڤـی وەرگرتـووە. پەرجووەکانـی (مەرقۆس ٦) وەکو کەسـێکی تەواو شـکۆدار ئاماژە بـە عیسـا دەکـەن کـە «کاری بـێ ئەنـدازە مـەزن دەکات»، کـە «شـەپۆلەکانی» دەریـا ئـارام دەکاتـەوە. وە کاتێـک کـە بـەردەوام دەبیـن لـە خوێندنـەوەی سـیپارەی مەرقـۆس، دەبینیـن کـە هەمـان ئـەم عیسـایە ئـەو کەسـەیە کـە لـە کۆتاییـدا کـە بەوپـەڕی شـکۆمەندییەوە لەسـەر خاچێکـی ڕۆمانـی دەردەکەوێـت (مەرقـۆس ١٥: ٣٩).

## منم شوانە دڵسۆزەکە (یۆحەنا ١٠)

لـە ئینجیلـی یۆحەنـادا دەبینیـن کـە عیسـا دژی فەریسـییەکان قسـە دەکات (یۆحەنـا ٩: ٤٠). عیسـا پەرجووێکـی زۆر نایابـی لـە (یۆحەنـا ٩) ئەنجـام دابـوو کـە ئەویـش بەخشـینی بینایـی بـوو بـە پیاوێکـی بـە زگـماک نابینـا، وە بەردەوامـە لەسـەر ڕوونکردنـەوەی ناسـمانەکەی بـۆ فەریسـییەکان کـە باوەڕیـان بـە وشـەکانی نەدەکـرد.

بەدرێژایـی بەشـی ١٠، عیسـا چەندیـن وێنـەی پەیمانـی کـۆن بەکاردێنێـت بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنێت کـە ئـەو مەسـیحە. عیسـا بـە پێچەوانـەی دز و جـەردەوە کـە پێشـتر هاتـوون، خـۆی بـە «شـوانە دڵسـۆزەکە» نـاوزەد دەکات:

«منـم شـوانە دڵسـۆزەکە. شـوانی دڵسـۆزیش ژیانـی خـۆی لـە پێنـاوی مەڕەکانـدا دادەنێـت. بەکرێگیراویـش شـوانی مـەڕەکان نییـە و مەڕەکانیـش هـی ئـەو نیـن. کاتێـک دەبینێـت گـورگ دێـت، مـەڕەکان بەجێدەهێڵێـت و ڕادەکات، گورگیـش مـەڕەکان دەبـات و پەرتەوازەیـان دەکات. کابـرا هەڵدێـت، چونکـە بـە کـرێ گیـراوە و خەمـی مەڕەکانـی نییـە. منـم شـوانە دڵسـۆزەکە. مـەڕی خـۆم دەناسـم و ئەوانیـش

مـن دەناسـن، هـەروەک چـۆن بـاوک دەمناسـێت، منیـش بـاوک دەناسـم. ژیانـم بـۆ مـەڕەکان دادەنێـم. هەروەهـا مـەڕی دیکـەم هەیـە سـەر بـەم پشـتیرەیە نیـن، دەبـێ ئەوانیـش بهێنـم، ئەوانیـش گوێیـان لـە دەنگـم دەبێـت، جـا دەبنـە یـەک مێگـەل و یـەک شـوان» (یۆحەنـا ١٠: ١١- ١٦).

لـە کۆتاییـدا و لـە (یۆحەنـا ١٠: ١٩- ٣٠)دا عیسـا دووبـارە قسـە لەگـەڵ جولەکـەکان دەکات و دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەم وێنـەی شـوان/ مـەڕە و ڕایدەگەیەنێـت:

«مەڕەکانـم گـوێ لـە دەنگـم دەگـرن، منیـش دەیانناسـم و ئەوانیـش بـەدوام دەکـەون، ژیانـی هەتاهەتاییـان دەدەمـێ و هەرگیـز لەنـاو ناچـن، کەسـیش لـە دەسـتم نایانڕفێنێـت. باوکـم کـە بـە منـی داون لـە هەمـووان گەورەتـرە، کەسـیش ناتوانێـت لـە دەسـتی بـاوک بیانڕفێنێـت. مـن و بـاوک یەکیـن» (یۆحەنـا ١٠: ٢٧- ٣٠).

ئـەوە کۆتـا وتـەی عیسـا بـوو کـە بـووە هـۆی هاندانـی کۆتـا کاردانـەوە و وەڵامـی گوێگرەکانـی: «ئـەو جولەکانـەی بەرهەڵسـتی عیسـایان دەکـرد بەردیـان هەڵگـرت تاکـو بەردبارانـی بکـەن» (١٠: ٣١).

وا دیـارە کـە خاڵـی سـەرەکی عیسـا لـەم بەشـەدا دوو لایەنـی هەیـە: «منـم شـوانە باشـەکە» (١٠: ١١) و «مـن و بـاوک یەکیـن» (١٠: ٣٠).

هێـزی دوو بانگەشـەکەی عیسـا و کاردانـەوەی ڕکابەرەکانـی ڕوون دەبێتـەوە، کاتێـک کـە لـە هاوێنـە و لێنـزی یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆزەوە دەڕوانینـە بابەتەکـە. کەواتـە لـە (یۆحەنـا ١٠)دا چ پەیوەندییەکـی کانۆنـی دەتوانیـن دروسـت بکەیـن؟

لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی سـەرچاوە هاوتەریبەکانـی کتێبـی پیـرۆزەوە بەخێرایـی ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت کـە عیسـا چەندیـن وتـەی لـە پێشـبینییەکانی (حزقێـل ٣٤) وەرگرتـووە. پـەروەردگار لێـرەدا سەرزەنشـتی شـوانی درۆزن و ڕابەرانـی ڕۆحیـی ئیسرائیـل دەکات و بـە حزقێـل دەفەرموێـت: «لەسـەر شـوانەکانی ئیسرائیـل پێشـبینی بکـە» (٣٤: ٢). یـەزدان خـۆی «لـە دژی شـوانەکانە» (٣٤: ١٠)، وەک چـۆن عیسـا دژی فەریسـییەکانە.

دوو خاڵـی دیکـە لـە (حزقێـل ٣٤)ەوە سـەرهەڵدەدات. یەکـەم، یـەزدان خـۆی دەبێتـە شـوانە دڵسـۆزەکەی گەلەکـەی: «مـن مـەڕی خـۆم دەلەوەڕێنـم هەتـا کاوێـژ

دەکـەن، یەزدانـی باڵادەسـت دەفەرموێـت» (٣٤: ١٥). یـەزدان خـۆی شـوانایەتی گەلەکـەی خـۆی دەکات و دەیانلەوەڕێنێـت (٣٤: ١٤).

دووەم، ئـەو پاشـایەش کـە لـە نـەوەی داودەوە دێـت، دەبێتـە شـوانێکی دڵسـۆز بـۆ گەلەکـەی: «یـەک شـوانی بـۆ دادەنێـم، کـە داودی بەندەمـە، ئـەو دەیلەوەڕێنێـت و ئـەو دەبێـت بـە شـوانی. مـن یەزدانم دەبـم بـە خودایـان و داودی بەندەشـم لەنێویاندا دەبێـت بـە سـەرۆک، مـن یەزدانـم، ئـەوەم فەرمـوو» (٣٤: ٢٣- ٢٤). ئـەو مەسـیحەی کـە لـە داهاتـوودا دێـت، دەبێتـە شـوانی گەلەکـەی و مەڕەکانـی دەلەوەڕێنێـت.

کەواتـە پێشـبینییەکەی (خزقییێـل ٣٤)، ئـەم پرسـیارە دێنێتـە کایـەوە: ئایـا ئـەو شـوانە دڵسـۆزەی گەلـی خـودا کـە لـە داهاتـوودا دێـت، دەکرێـت خـودی پـەروەردگار بێـت، یـان پاشـایەک دەبێـت لـە نەوەکانـی پاشـا داود؟ عیسـا لـە (یۆحەنـا ١٠) وەڵامـی ئـەم پرسـیارە پـڕ لـە ڕاز و نهێنییـە دەداتـەوە. عیسـا مەسـیحی بەڵێنـدراوە، پاشـایەکە لـە نەوەکانـی پاشـا داود کـە شـوانە دڵسـۆزەکەی گەلەکەیەتـی. بـەڵام عیسـا لەگـەڵ باوکـی ئاسمانیشـدا یەکـە. ئـەو خـۆی خودایـە. بـە واتایەکی دیکـە، یـەزدان و پاشـاکەی نەوەی پاشـا داود هەمـان کەسـن. عیسـا وشـەی هەهەتایـی کـە جەسـتەی پۆشـیوە (یۆحەنـا ١: ١٤)، کـە لـە سـەرەتادا لەگـەڵ خـودا بـوو و خـۆی خـودا بـوو (یۆحەنـا ١: ١).

یـەزدان لـە (حزقییێـل ٣٤)، بەڵێنێکـی دیکـەش دەدات و دەفەرموێـت: «مـن فریـای مێگەلـی خـۆم دەکـەوم» (٣٤: ٢٢). ئـەم فریاکەوتـن و ڕزگارییـە چـۆن ڕوودەدات؟ دیسـان عیسـا لـە (یۆحەنـا ١٠) وەڵامـی ئـەم پرسیارەشـمان دەداتـەوە: «منـم شـوانە دڵسـۆزەکە. شـوانی دڵسـۆزیش ژیانـی خـۆی لـە پێنـاوی مەڕەکانـدا دادەنێـت» (١٠: ١١).

لـە عیسـادا، وشـەکە جەسـتەی پۆشـی و مەسـیحی بەڵێنـدراو، ئومێـد و هیـوای (حزقییێـل ٣٤) هاتـە دی. لـە عیسـادا، گەلـی خـودا شـوانە باشـەکەی خـۆی دۆزییـەوە – وە عیسـا وەکـو شـوانێکی دڵسـۆز بـەدوای گەلەکەیـدا دەگەڕێـت و نانیـان دەدات. وە لـە هەمـووی مەزنـتر ئەوەیـە کـە دواتـر عیسـا ژیانـی خـۆی لەپێنـاوی ڕزگارکردنـی گەلەکەیـدا لەسـەر خـاچ دادەنێـت. کەواتـە عیسـا شـوانە دڵسـۆزەکەیە کە بۆ هەمیشـە گرنگـی بـە گەلەکـەی دەدات (ئاشـکراکردن ٧: ١٧).

**«لە دەسەڵاتی تاریکی ڕزگاری کردین» (کۆلۆسی ١: ١٢- ١٤)**

دەرچوونی گەلی خودا لە میسر لە پەیمانی کۆندا مەزنترین کاری ڕزگارکردنی خودایی بوو، لوتکەی هێزی دەربازکردنی یەزدان بوو. نووسەرانی پەیمانی کۆن زۆر جار ئاماژە بە دەرچوون دەکەن وکو ڕێگایەک بۆ وەبیرهێنانەوەی گەلی خودا کە هیچ شتێک بۆ خودا مەحاڵ نییە.

وە دەرچوون و ڕزگارکردنی گەلی خودا دەبێتە وێنەیەک بۆ ئەو کارەی کە یەزدان لە داهاتوودا بۆ گەلەکەی ئەنجام دەدات. دەتوانیت ئەم بابەتانەی «دەرچوونی نوێ» لەو سیپارانەدا بخوێنیتەوە کە باسی پێشبینی دەکەن، بەتایبەتی ئیشایا (ئیشایا ١١: ١١، ١٥ – ١٦؛ ١٤: ١- ٢؛ ٦٢: ١١- ١٢). ئەوان باسی پڕۆسەی ڕزگاری زۆر گەورەتر دەکەن کە لە داهاتوودا ڕوودەدات، دەزوێکی ڕووناک بە درێژایی نەخش و نیگاری کتێبی پیرۆزدا چنراوە، لە پەیدابوونەوە هەتا ئاشکراکردن.

ئەمە دەمانگەیەنێت بە (کۆلۆسی ١: ١٢- ١٤). بەو جۆرەی کە دەیبینین، پۆڵسی نێردراو پێداگری لەسەر ئەم بابەتەی دەرچوون دەکات بۆ ئەوەی هانی خوێنەرەکانی بدات کە سوپاسی خودای باوک بکەن بەهۆی ئەو کارەی کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحی کوڕی خۆشەویستیەوە جێبەجێی کرد. ئەم ئایەتانە بەشی کۆتایی نوێژ و نزا کراوەکەی پۆڵس لەخۆ دەگرن.

هەرچەندە پۆڵس کڵێساکەی کۆلۆسی دانەمەزراند (کۆلۆسی ٢: ١- ٥)، بەڵام دڵخۆش بوو بەو کارەی مژدەی مەسیح کە خودا لەنێو ئەواندا ئەنجامی دەدا. بۆیە وەکو هەمیشە نامەکەی بە سوپاسکردنی خودا دەست پێکرد (١: ٣- ٨) و نوێژ و پاڕانەوە لەپێناوی کڵێساکە (١: ٩- ١٤). دەستبەجێ پۆڵس دوای ئەو نوێژە، دەڕواتە سەر ڕوونکردنەوەیەکی شکۆدارانە دەربارەی مەزنیی کوڕی خودا، ئەوەی کە لە سەرووی هەموو بەدیهێنراوان (١: ١٥- ١٧) و بەدیهێنراوە نوێیەکانەوەیە (١: ١٨- ٢٠).

ئەو نوێژەی کە لە جێگەی کۆلۆسییەکان دەیکات، سەرڕێژە لە زایەڵەی سیپارەی دەرچوون:

«لەبەر ئەم هۆیە ئێمەش لەو ڕۆژەی بیستمان بێ وەستان لە پێناوی ئێوە نوێژ دەکەین و داواکارین، تاکو پڕبن لە زانینی خواستی ئەو، بەوپەڕی دانایی و تێگەیشتنی ڕۆحی، تاکو بە شێوەیەک بژین کە شیاوی مەسیحی خاوەن شکۆ بێت و بە تەواوی جێگای ڕەزامەندی ئەو بێت، لە هەموو چاکەکارییەک بەرهەمدار بن و لە ناسینی خودا گەشە بکەن. با مەسیح بەگوێرەی توانای شکۆی خۆی بە هەموو هێزێک بەهێزتان بکات، بۆ هەموو دانبەخۆداگرتن و ئارامگرتنێک، بە خۆشییەوە سوپاسی خودای باوک بکەن ئەوەی کە وای کرد ئێوە شایستەی هاوبەش بن لە میراتی گەلی پیرۆزی خۆی لە پاشایەتی ڕووناکیدا. خودای باوک لە دەسەڵاتی تاریکی دەربازی کردین و ئێمەی بۆ شانشینی کوڕە خۆشەویستەکەی گواستەوە، بەهۆی ئەویشەوە کڕدراینەوە، واتە لێخۆشبوونی گوناهمان وەرگرت» (کۆلۆسی ١: ٩- ١٤).

با بەوردی بڕوانینە ئەو پەیوەندییە دەقییانەی کە ئەم چەندە ئایەتە بە سیپارەی دەرچوونەوە هەیانە.

لە ئایەتی دوازدەدا، پۆڵس دەڵێت کە خودا وای کرد «ئێوە شایستەی هاوبەش بن لە میراتی گەلی پیرۆزی خۆی لە پاشایەتی ڕووناکیدا». خودا گەلێکی بە شایستەی ئەوە زانی کە ببنە خاوەن میراتی. سەرنجی جێناوی سەربەخۆی «ئێوە» بدەن، چونکە لە ئایەتی دواتردا دەڵێت «ئێمە». وا دیارە لە ئایەتی دوازدەدا، بە گوێگرە ناجولەکەکانی لە کڵێسای کۆلۆسی دەڵێت کە خودا «ئێوە» – تەنانەت «ئێوە»ی بە شایەستەی میراتەکەی زانیوە! خودا بەهۆی مەسیحەوە ناجولەکەکانی کردووە بە میراتگر و کەسانی پیرۆز لە شانیشینی ڕووناکیدا.

وشەی «میراتگر، میراتی» لە پەیمانی کۆندا بۆ ئاماژەکردن بە جولەکەکان بەکارهاتووە کە لەژێر سایەی پەیمانی کۆندا بوون (سەرژمێری ٢٦: ٥٢- ٥٦). بەڵام لێرەدا پۆڵس هەمان شت بۆ باوەڕدارە ناجولەکەکان بەکاردەهێنێت کە لەژێر سایەی پەیمانی نوێدان. خودا بە چ شێوەیەک ئەم شتەی بۆ گەلەکەی مسۆگەر کرد؟ پۆڵس وەڵامی ئەم پرسیارەی لەلایە: «خودای باوک لە دەسەڵاتی تاریکی دەربازی کردین و ئێمەی بۆ شانشینی کوڕە خۆشەویستەکەی گواستەوە، بەهۆی ئەویشەوە کڕدراینەوە، واتە لێخۆشبوونی گوناهمان وەرگرت» (کۆلۆسی ١: ١٣- ١٤).

بـە واتایەکـی دیکـە، بەخشـینی میراتـی کـە دیـاری خودایـە بـۆ گەلـی پەیمانـی نـوێ بـە دەرچوونێکـی نـوێ و مەزنـتر مسـۆگەر کـراوە. خـودا گەلەکـەی لـە دەسـەڵاتی تاریکـی دەربـاز کـرد و گواسـتنیەوە بـۆ شانشـینە شـکۆدارەکەی، کـە شانشـینی کـوڕە خۆشەویسـتەکەیەتی.

ئـەو زمانـەی کـە لـە ئایەتـی سـێزدەدا بەکارهاتـووە هەمـان ئـەو زمانەیـە کـە لـە (دەرچــوون ٦: ٦- ٨)دا بەکارهاتــووە:

«بۆیــە بــە نــەوەی ئیسرائیــل بڵــێ: مــن یەزدانــم، لەژێــر بارگرانــی میسرییــەکان دەرتاندەهێنــم، لــە کۆیلایەتــی ئــەوان فریاتــان دەکــەوم و بــە دەســتێکی بەهێــز و دادپەروەرییەکـی مـەزن دەتانکڕمـەوە. هەروەهـا دەتانکـەم بـە گەلـی خـۆم و دەبمـە خـودای ئێـوە، ئیـتر ئێـوە دەزانـن کـە مـن یەزدانـی پەروەردگارتـان ئـەوەی لەژێـر بارگرانـی میسرییـەکان دەرتاندەهێنێـت. دەشـتانبەم بـۆ ئـەو خاکـەی سـوێندم خـوارد بیدەمـە ئیبراهیـم و ئیسـحاق و یاقـوب، وەک میـرات دەیدەمـە ئێـوە، مـن یەزدانـم.»

گەلـی ئیسرائیـل لەژێـر کـۆت و بەنـدی دەسـەڵاتی سـتەمکاری میـسردا بـوون و کرابوونـە کۆیلـە. بـەڵام خـودا بـە دەسـتی بەهێـزی خـۆی، ئیسرائیلـی لـە کۆیلایەتـی ڕزگار کــرد (دەرچــوون ١٤: ٣٠). وە ئێســتاش پۆڵــس دەڵێــت کــە خــودا بەهــۆی مەسـیحەوە کارێکـی لـەوە مەزنـتری ئەنجـام داوە. ئـەو ئێسـتا گەلەکـەی لـە کـۆت و بەندێکــی گەورەتــر و تاریکاییەکــی زیاتــر ڕزگار کــردووە (کــرداری نێــردراوان ٢٦: ١٨). چــۆن و بــە چ ڕێگایــەک؟ لــە ڕێگــەی خاچــی مەســیحەوە: «ســەرۆکەکان و دەسـەڵاتدارانی چەککـرد و بـە ئاشـکرا کردنییـە پەنـد، لـە خاچـدا بەسـەریاندا زاڵبـوو» (کۆلۆســی ٢: ١٥). گەلــی خــودا بەهــۆی مەســیحەوە کڕدرانــەوە (کۆلۆســی ١: ١٤). مەسـیح لـە ڕێگـەی بەختکردنـی ژیانـی خـۆی لەسـەر خـاچ، ڕزگاربوونـی گەلەکـەی لـە کـۆت و بەنـد مسـۆگەر کـرد (مەرقـۆس ١٠: ٤٥).

یەزدانناسـی بەپێـی کتێبـی پیـرۆز چ کاریگەرییەکـی هەیـە کاتێـک کـە (کۆلۆسـی ١؛ ١٢- ١٤) دەخوێنیـن؟ پۆڵـس دەیەوێـت کـە باوەڕدارانـی کۆلۆسـی و ئێمـەش سوپاسـی خـودا بکەیـن بـۆ ئـەو ڕزگارییـە مەزنـەی پێـی بەخشـیوین. بـەو هۆیـەوە، زمانـی سـیپارەی دەرچـوون بەکاردێنێـت بـە مەبەسـتی باسـکردنی ئـەو دەرچوونـە نوێیـەی

کە خودا لە ڕێگەی مردنی عیسا لەسەر خاچ ئەنجامی دا. پۆڵس دەیەوێت کە خوێنەرەکانی ئەم دوو کارە مەزنە بە یەکەوە ببەستنەوە: دەرچوون و خاچ.

بەڵام دەیەوێت لەوەش دڵنیا بین کە خاچی مەسیح تەنانەت لە دەرچوون مەزنتر دەبینین. بەم هۆیەوە دەبێت زارمان پڕ بێت لە سوپاسگوزاری و دڵیشمان پڕ بێت لە ستایش. عیسا وەکو کوڕی خودا لە خۆی دەڕوانی، بە شوێنپێی ئیسرائیلدا دەڕۆیشت کە یەکەم کوڕی خودایە لە پەیمانی کۆندا. عیساش وەکو ئیسرائیل میسری بەجێهێشت (مەتا ٢: ١٣- ١٥). عیساش وەکو ئیسرائیل بەنێو ئاودا تێپەڕی. هەروەها عیساش وەکو ئیسرائیل لە چۆڵەوانیدا تاقی کرایەوە.

لە ئینجیلی لۆقادا، کاری ڕزگاریی مەسیح بە هەمان زمانی سیپارەی دەرچوون وەسف کراوە. چۆن؟ لە (لۆقا ٩: ٢٢)، عیسا بە قوتابییەکانی دەڵێت کە دەچێت بۆ ئۆرشەلیم بۆ ئەوەی ئازار بچێژێت و بمرێت و بە مەبەستی ڕزگارکردنی گەلەکەی لە ڕۆژی سێیەمدا زیندوو دەبێتەوە. لۆقا لە چەند ئایەتێکی دواتردا ئاماژە بەوە دەکات کە زۆری نەماوە عیسا جیهان بەجێبهێڵێت، بە واتایەکی دیکە، عیسا بەزوویی لە جیهان دەردەچێت (لۆقا ٩: ٣١).

ئەم دەرچوونەی کە عیسا بە زوویی ئەنجامی دەدات، لە کاتی جەژنی پەسخەدا لە ئۆرشەلیم ڕوودەدات. عیسا وەکو بەرخێکی بێ لەکە و تەواوی خودا خۆی پێشکەش دەکات تاکو گوناهی جیهان لاببات (یۆحەنا ١: ٢٩)، هەروەها هەموو ئاماژە و نموونەیەکی دەرچوون و پەسخەی بەدیهێنا. خوێنی لەپێناوی داپۆشینی گوناهی گەلەکەیدا ڕژا و تووڕەیی خودای لەسەر سڕینەوە کە شایانی بوون – لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ کام لە ئێسقانەکانی نەشکێنرا (دەرچوون ١٢: ٤٦؛ یۆحەنا ٩: ٣٦). مەسیح وەکو بەرخی پەسخەمان، کرا بە قوربانی بۆ ئەوەی دەرچوونێکی مەزنتر بۆ گەلەکەی فەراهەم بکات (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ٧).

باوەڕداران، ئایا ئێوە سوپاسگوزارن بەهۆی ئەم ڕزگارییە مەزنەوە، بەهۆی ئەم دەرچوونە نوێ و مەزنەوە کە خودا لە ڕێگەی کوڕەکەیەوە لە جێگەی ئێمە ئەنجامی داوە؟ ئاکام و دەرەنجامی سەرەکی کە دەتوانین لەم دەقەوە دەستمان بکەوێت، ئەوەیە کە لەبیرمان بێت و سوپاسگوزار بین.

بۆچـی پۆڵـس زمانـی سـیپارەی دەرچـوون لـە کۆنتێکسـتی نوێژێکـی سوپاسـگوزاریدا بەکاردێنێـت؟ دەکرێـت هۆکارەکـەی ئـەو کاردانـەوە و وەڵامـە بێـت کـە ئیسرائیـل لـە بەرامبـەر ئـەو کارانـەدا دایانـەوە کـە خـودا بـۆی ئەنجـام دابـوون. لـە جێگـەی ئـەوەی کـە گەلـی خـودا سوپاسـی خـودا بکـەن، بۆڵەبۆڵیـان بەسـەر خـودادا کـرد؛ کاری ڕزگاریـی خودایـان لەبیـر کـرد. ئاماژەکردنـی پۆڵـس بـە دەرچـوون لـە کۆنتێکسـتی ئاگادارکردنـەوەی باوەڕدارانـی کۆلۆسـیدا بەکارهاتـووە بـۆ ئەوەی سوپاسـی خـودا بکەن بەهـۆی ئـەو دەرچوونـە نوێیـەی بـە یەکبـوون لەگـەڵ مەسـیحدا تاقییـان کـردەوە.

گەلـی ئیسرائیـل ڕزگار کـران، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بۆڵەبۆڵیـان کـرد. ئێمـەش بـە یەکبـوون لەگـەڵ مەسـیح ڕزگارمـان بـووە. ئایـا سوپاسـگوزار دەبیـن، یـان ئێمـەش پرتەپـرت و بۆڵەبـۆڵ دەکەیـن؟

IX 9Marks

# ٩نیشانەکان

بنیادنانی کڵێسای تەندروست

**ئایا کڵێساکەیەکی تەندروستت هەیە؟**

ڕێکخراوی ٩نیشانەکان ئیشی ئەوەیە کە ڕابەرانی کڵێسا بە بینین و ئاشکراکردنی کتێبی پیرۆز و سەرچاوەی کردەیی تەیار و ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کڵێسای تەندروستەوە شکۆی خودا نیشانی گەلان و نەتەوەکانی جیهان بدەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانە، دەمانەوێت یارمەتی کڵێساکان بدەین کە لە نۆ نیشانەی تەندروستدا گەشە بکەن کە زۆربەی کات پشتگوێ دەخرێن:

1. وتاردانی ڕوون و ئاشکرا
2. یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز
3. تێگەیشتن لە ئینجیل بەپێی کتێبی پیرۆز
4. تێگەیشتن لە گۆڕینی مرۆڤەکان بەپێی کتێبی پیرۆز
5. تیگەیشتن لە مزگێنیدان بە پێی کتێبی پیرۆز
6. ئەندامێتیی کڵێسا
7. تەمبێکردنی کڵێسایی بەپێی کتێبی پیرۆز
8. بەقوتابیکردن بەپێی کتێبی پیرۆز
9. ڕابەرایەتیی کڵێسا بەپێی کتێبی پیرۆز

ئێمە وەکو ڕێکخراوی ٩نیشانەکان بابەت و پەڕتووک و هەڵسەنگاندنی پەڕتووک دەنووسین، هەروەها ڕۆژنامەیەکی ئینتەرنێتیش بەڕێوە دەبەین. کۆنفرانس ساز دەکەین و چاوپێکەوتن تۆمار دەکەین و سەرچاوەی دیکەش بەرهەم دێنین بە مەبەستی تەیارکردن و ئامادەکردنی کڵێساکان تاکو شکۆی خودا نیشان بدەن.

سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە کە بابەتەکانی بە زیاتر لە ٣٠ زمان بەردەستن بۆ خوێندنەوە، وە ناوی خۆت تۆمار بکە تاکو ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی بێبەرامبەرت بەدەست بگات. ئەمانە خوارەوە ماڵپەڕەکەمانە بە زمانەکانی دیکە، کە بەردەوام زمانی دیکەی پێ زیاد دەکەین:

ئینگلیزی: 9Marks.org

ئیسپانی: es9Marks.org

پۆرتوگالی: pt9Marks.org

چینی: cn9Marks.org

ڕووسی: ru9Marks.org

**چۆن کڵێسا خۆی لە مزگێنیی هەڵە دەپارێزێت؟**

**هەفتانە چەندین کڵێسا لە جیهاندا کتێبی پیرۆز دەخوێننەوە و ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکە لەدەست دەدەن، وە بەو هۆیەوە بەردەوام مزگێنیی هەڵە ڕادەگەیەنن. یەکێک لە گرنگترین پارێزەرەکانی ئەم مەترسییە بریتییە لە تێگەیشتن لە یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز: خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لەژێر ڕۆشنایی پەیامە سەرەکییەکەی کە لە عیسای مەسیحدا دەگاتە لووتکە.**

**ئەم پەڕتووکە لەڕێگەی دانانی چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە چیرۆکی کتێبی پیرۆز و پاشان ڕوونکردنەوەی بنەما سەرەکییەکان بۆ فێرکردن و ڕاگەیاندنی ئەم پەیامە، هەوڵ دەدات یارمەتی کڵێساکان بدات کە ڕاستیی مزگێنیی مەسیح بپارێزن.**

**«ئەگەر بەدوای سەرچاوەیەکدا دەگەڕێیت کە بەباشی یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز ڕوون بکاتەوە و جێبەجێی بکات، ئەوا ئەمە پەڕتووکی تۆیە.»**

**میگێل نونیەز،** قەشەی گەورە لە کڵێسای باپتیستی سانتۆ دۆمینگۆ

**«سەرچاوەیەکی زۆر بەسوودە بۆ قەشە و مامۆستا و کەسانی ئاسایی.»**

**تۆماس ئاڕ. شرێینەر،** مامۆستای لێکدانەوەی پەیمانی نوێی جەیمز بیوکانن هاریسۆن و مامۆستای یەزدانناسی کتێبی پیرۆزە لە کۆلیژی باپتیستی یەزدانناسی

**«لەم پەڕتووکەدا، کە ڕۆرک و کلاین کۆمەڵە نموونەیەکی زۆر جوان بەهێزی پێمان داوە کە دەبێتە هۆی بەرچاوڕوونیمان، باسی ئەوە دەکەن کە ئەگەر بێتو بزانیت چۆن چیرۆکی کتێبی پیرۆز تیشک دەخاتە سەر عیسای مەسیح، هەموو باوەڕدارێک تەیار و ئامادەی خزمەتکردنی عیسا دەکات بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجەکانی خودا. بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بە چاوی خۆت بیبینیت.»**

**کانراد بەیوەی،** قەشەی کڵێسای باپتیستی کابواتای، سەرۆکی زانکۆی مەسیحییانی ئەفریقی لە لوساکا، زامبیا.

**نیک ڕۆرک** (ماستەر لە کۆلیژی باپتیستی یەزدانناسی باشوور) قەشەی کڵێسای فرانکۆنیای باپتیستە لە ئەلێکساندریا لە ویلایەتی ڤیرجینیا. پێشتر یەکێک بوو لە قەشەکانی کڵێسای کاپیتۆڵ هیلی باپتیست لە واشنگتن دی سی.

**ڕۆبەرت کلاین** بەڕێوەبەری بەرنامەی ڕاهێنانە لە ڕێکخراوی بۆردی میسیۆنی نێودەوڵەتی (IMB)، کە سەربە کڵێسای باپتیستی باشورە.

* ئەم پەڕتووکە بەشێکە لە ٩نیشانەکان: زنجیرەی بنیادنانی کڵێسای تەندروست

CROSSWAY
crossway.org